# عێراق
# لوغزێکی سەرسوڕهێنەر لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا



د. شێرزاد نەجاڕ

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

هەر لە دێرین زەمانەوە سروشتی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان دینامیکیەت و بەردەوامێتی هەبووەو لەسەر بارێکی چەسپاو سەقامگیر نەبووە، هەردەم گۆڕانکاری خەسڵەتێکی زاڵە لەسەر کارلێکەکانی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان، لەبەر رۆشنایی ئەم خەسڵەتەدا پێویستە لە مەرامەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرانبەر عێراق تێبگەین..

بە گشتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە شێوەیەك لە شێوەکان وا دەناسرێت بەوەی((سیاسەتێکی تەمومژاوی و سەرسوڕهێنەرە و بە تەمتومانێکی ناڕوون و نادیار دەورە دراوە)) لە بنەڕەتەوە ئامانج لێی وەدیهاتنی بەرژەوەندی نیشتمانی ئەمریکیە بەبێ گوێپێدان بە بەرژەوەندی ئەوانی تر..

لەبەر ئەوە دەپرسین:

ئامانجی ئەمریکاو پرۆژەکەی چی بووە کاتێك چوونە ناو بەغداو رژێمی پێشوویان لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ رووخاند؟

جۆرج بوشی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا رایگەیاند ئامانجی پەلامارەکەیان بۆ سەر عێراق ((داماڵینێتی لە چەکە کۆکژەکان)) هەروەها لەبەرئەوەی عێراق هەڕەشە بووە بۆ ئاشتەوایی جیهانی، وەك ئەمریکیەکان باسیان لێوە دەکرد، لەبەرئەوە ئەرکیان رووخاندنی ئەو رژێمەو دامەزراندنی سیستمێکی تازە بووە..

بۆ ئاماژەدان بە چۆنیەتی بیرکردنەوەی دەستەبژێری سیاسی لە ئەمریکایی، بڕوانن لەم نموونەیەی خوارەوەدا چی بەدی دەکرێت:

پۆل بریمەری حاکمی مەدەنی ئەمریکی لە عێراقی نوێی پاش ٩ی نیسانی ٢٠٠٣، لەم دواییانەدا لە رێکەوتی ٢٠١٤/٦/٢٤ دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی لە کەناڵی ئەل جەزیرەو بە تایبەتی لە بەرنامەی (لە واشنتۆنەوە) لەگەڵ سازکرا، لە وەڵامی پرسیارێکی پێشەکەشکاری بەرنامەکەدا سەبارەت بە وێرانکردنی عێراق لە دەرئەنجامی دەستێوەردانی ئەمریکایی بۆ ئەو وڵاتە، کاتێ پێی وترا ئایا ئەوەی ئەنجام دراوە تەنیا بەوەندە بەس بووە بە داوای لێبوردنێك کۆتایی پێ بێت، بریمەریش وتویەتی((ئەی دەتەوێت لەسەر شێوازی یابانی خۆمی بۆ بکوژم)) درێژەی داوەتێ و وتویەتی: دامەزراندنی سوپایەکی نوێ لە عێراقدا هاوکوف و هاوڕا بە فتوایەکی سیستانی بووە، کە پێشوەختە بەڵێنی داوە سەربازە شیعەکان هاریکاری راستەوخۆی هێزەکانی ئەمریکا بن، کەواتە سەرەتای دامەزراندنی ئەو سوپایە تایەفەگەریانە بووە، تواناو زانایی ئەم سوپا نوێیەش تەنیا بریتی بووە لە گوێڕایەڵی و گوێلەمستی بۆ مالیکی، هەروەها لە بارەی پرسیاری ئەوەی ئایا لە عێراقدا چ دیموکراتیەتێك دروست بووە لە پاش جەنگێکەوە کە زیاتر لە ٦٠٠ هەزار هاووڵاتی عێراقی و ٤٥٠٠ سەربازی ئەمریکایی گیانیان بۆی بەخت کردووە، بریمەر بۆ ئەمەش وەڵامی دایەوەو وتی((بەڵێ، دیموکراتیەتێکی تازە بەڵام لاواز، دەتوانین لە زۆر رووەوە لایەنە ئیجابیەکانی ئەم دیموکراتیەتە بژمێرین، لەوانەش ئەوەتا ٢٣ ملیۆن عێراقی مۆبایل هەڵدەگرن..)) کەواتە بە

راو دیدی بریمەر هەڵگرتنی مۆبایل یەکێکە لە نیشانەکانی دیموکراتیەتی نوێ!!

دیك چینی جێگری سەرۆك بوش تا ئێستاش لەو بڕوایەدا ماوەتەوە کە عێراق چەکی کۆمەڵکوژی لە هەگبەدا مابێتەوە!

بەم بڕوایەوە ئەمریکیەکان پرۆسەی سیاسی عێراقی نوێیان بەڕێوە دەبردو ئەم وڵاتەیان گەیاندە لێوارێکی سامناك و تەنگەچیلەیی وا کە بەپێی ئەو وەسفەی ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست بۆی تەرخان کردووە کە بە گڕکانێکی هەڵچوو عێراق دەناسێنرێت، ئێستاش بە هەمان نەفەسەوە ئەمریکا دەیانەوێت لەو قەیران و تەنگژەیە عێراق دەربهێنن کە تا پەنا گوێ تێی کەوتووە، ڕۆژنامەی ناسراوو دیاری ئەمریکایی نیویۆرك تایمز لە ٢٠١٤/٦/٢٣ روونیکردەوە کە ((ئەمریکا پاڵی ناوە بە عێراقەوە تا بیخاتە ناو ئەم زۆنگاوەو ئەوەتا هەر خۆیشی بەرهەمەکەی دەدورێتەوە)).

تەنگژەی عێراق بە تەنیا تەنگژەیەك نییە کە ئەمریکا ڕووبەڕووی بووبێتەوە، بەڵکو چەندین تەنگژەی تریش هەن لە چاوەڕوانی چارەسەردان و نۆرەیان گرتووەو لە ریزدا وەستاون، لەوانە:

قەیرانی ئۆکرانیا لەگەڵ ڕووسیا.

قەیرانی سووریا لەگەڵ چەندین جەمسەری دیکەی دەوڵەتانی، هەرێمیی.

قەیرانی نیمچە دورگەی قەرم و بڕیاری ڕووسیا بە لکاندنەوەی بە خۆیەوە.

قەیرانی ئەفغانستان کە تا ئێستاش لە ناو زۆنگاوەکەدا گیری خواردووە.

لە ساتەوەختی ئێستادا بە پێی ئەم ئاماژەگەلانە باری سەرۆك ئۆباما هیچ باش دەرناکەوێت:

١. ڕەخنەباران کردنی ئۆباما بەهۆی ئەو شێوازانەی مامەڵەی پێ دەکات لەگەڵ ئاریشەو دۆزەکاندا، پرس و ڕاوێژ بە کەسە نزیکەکانی خۆی ناکات و لە ئاریشەیەکەوە باز دەدات بۆ یەکێکی تر.

٢. کەمبوونەوەو داکشانی هەژموونی خۆی لە ناوەوەو دەرەوەدا.

٣. ئاستی میللی و جەماوەری بۆ کەمتر لە ٣٨٪ دابەزیوە.

٤. پارتی کۆماری هەستاوەتە سەرپێ بۆ قۆزتنەوەی خاڵە لاوازەکانی لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیدا بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا.

لەم دۆخە تەنگژاویەدا ئیدارەی ئۆباما بە شۆك و سەرسامبوونەوە ڕووبەڕووی قەیرانەکەی عێراق بۆتەوەو ئەوەش بە ڕوونی لەوەدا دەردەکەوێت کە ناتوانێت بڕیارێکی یەکلاکەرەوە دەربچووێنێت، ئەو هەنگاوانەی هەڵیدێنێت پێوەندییان هەیە بە:

١. هەوڵدان بۆ دامەزراندنی حکومەتی یەکڕیزی نیشتمانییەوە.

٢. هەوڵدان بۆ ڕاوەستاندنی گرووپە چەکدارەکان لە گرتنی زیاتری زەوی و خاکی عێراق.

هەرلەو میانەدا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جۆن کیری چەند گەشتێکی ئەنجامداو لە ٦/٢٣ گەیشتە بەغداو لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی کاربەڕێکار نووری مالیکی کۆبوویەوەو ئەوەشی بۆ ڕوونکردەوە کە ئەمریکا حکومەتێکی لێی دەوێت کە هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق بە یەکسانی تێیدا بەشداری پرۆسەکە بکەن و بەڵێنی ئەوەشی داوەتێ کە وڵاتەکەی واتا ئەمریکا بە چڕی پشتگیری بەردەوامێتی عێراق دەکات تا بتوانێت لە ڕووی هەڕەشەکاندا بووەستێتەوەو هەروەها داوای لە سەرکردەکانی وڵاتی عێراق کردووە بۆ ئەوەی پشتگیرییەکە کاریگەری خۆی بە تەواوی هەبێت پێویستە هەموویان بە یەکگرتوویی بمێننەوە، وتەبێژی کۆشکی سپی لەو بارەیەوە هیواو ئومێدی ئیدارەی ئەمریکای خستە ڕوو بەوەی حکومەتێك لە عێراق پێکبهێنرێت کە هەموو پێکهاتەکان لەخۆ بگرێت و وەك یەك و بە یەك چاو تەماشای هەمووان بکات، ئەمەشیان لە ٦/٢٣دا لە بی بی سی بڵاوکردەوە، بەڵام گرفتی سەرەکی بریتیە لە:

١. هەمدیسان بەکارهێنانی سیاسەتی هاندانی دیدی تایەفەگەری و دوورخستنەوەو لەناوبردنی ئەوانی تر.

٢. دیدو ڕوانینی هەڵە بەوەی بەهۆی فاکتەری جیۆپۆلەتیکی هەر یەك لە ئەمریکاو ئێران بەردەوام دەبن لە پشتگیری کردن سەرەڕای سیاسەتە لاوازەکانی.

کۆبوونەوەکەی کیری و مالیکی بریتی بووە لە گفتوگۆیەکی ڕووبەڕووی توندو تیژانەو گرژی و مۆنی، ئەمەش بەپێی بۆچوونی لاری جیکس لە ئاژانسی ئەی پی کە لە ٦/٢٤ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام هاوکوف بە هەندێ چارەسەری مامناوەندانەوە هاتوونەتە دەرەوە، هاوکات کیری بە ئومێدە تا بە پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوویان بگەیەنێت، ئەوەش هەر لە سەرەتای دەسپێکی دانیشتنی پەرلەمانی نوێی عێراقیەوە لە یەکەمین دانیشتنیاندا کە لە ١ی تەمموزی ٢٠١٤ دەبەسترێت، بەپێی بانگهێشتەکەی ئایەتوڵڵا سیستانی کە لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٠١٤/٦/٢٧ ڕایگەیاندووە کە تێیدا داوای کردووە، دەسەڵات لە نێوان فراکسیۆنە هەمەچەشنە سیاسییەکاندا دابەش بکرێت، جۆن کیری ئومێدەوارە کە لەگەڵ پێکهێنانی حکومەتی یەکڕیزی نیشتمانیدا سوپای عێراق بتوانێت لە دژی چەکدارەکان بجەنگێت، هاتنی ڕاوێژکارانی سەربازی ئەمریکی (کە لەم دواییانەدا گەیشتوونەتە عێراق) بۆ ئەو مەبەستەیە تا ئامۆژگاری و ڕاوێژ بە هێزە چەکدارەکانی عێراق بگەیەنن، کەواتە لەم سەردانەدا بە ئاشکرایی پەیامی ئەمریکا ڕوونتر دەبێتەوە: هەموو سەرکردە عێراقیەکان پێویستە مێزی دانوستاندن کۆیان بکاتەوەو حکومەتی یەکڕیزی نیشتمانی پێکبهێنن کە هەموو جەمسەرەکان پێی ڕازی بن، پێویستە شیعە ڕێکبکەون لەسەر ئەوەی کە ئەوە کێیە هەڵدەستێت بە پێکهێنانی حکومەتی عێراقی داهاتوو کە ئەمریکا پێی باشترە خودی کەسایەتی مالیکی نەبێت، ئەمریکا پەیامێکی بۆ سوننەکانیش ڕەوانە کردووە کە کۆتایی بهێنن

**سەرۆک بارزانی زۆر بە ڕوونی لە کۆبوونەوەکەی ٦/٢٥لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکادا دیدو بۆچوونی خۆی بۆ خواستی هەرێم لەسەر جیابوونەوەی یەکجارەکی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ خستنەڕوو**

**ئەمریکا لەم قۆناغەدا دارگۆپاڵەکەی عێراقی لە ناوەندەوە بە دەستەوەیەو تا ئێستاش لەگەڵ دابەشبوونی عێراقدا نییە بۆ سێ پارچە، پەیامەکەی کیری زۆر ڕوون و دیارە کە تێیدا هاندانی تێدایە بۆ کورد تا جارێکی تر بەشداری بکەنەوە لە پرۆسە سیاسییەکەدا وەک چۆن ئەم کارەیان لە ٢٠٠٣دا کردووە**



**جۆن کیری وەزیری دەرەوەی ئەمریکی ڕۆژی هەینی پێشنیازێکی بۆ ڕاگەیاندنی کۆنفیدراڵی لە عێراقدا لە نێوان هەرێمی کوردستان و هەرێمی سوننی و هەرێمی شیعی لە هەگبەدایە، ئەمەش لەبەر مکوڕبوونی کورد لەسەر ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان**

**ڕووسیا بە نیگەرانیەوە چاودێری قەیرانی عێراق دەکات. هەوڵیش دەدات ڕووداوەکانی عێراق لە قەبارەی خۆی بچووکتر بکاتەوەو بیخاتە خانەی تیرۆرەوە**

بە هاریکاریکردنی چەکدارەکان و دەسەبەرکردن و داواکردنی خواست و مافەکانیان لە چوارچێوەی بەشداریکردنی سیاسی لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی تازەدا بۆ فەراهەم بکرێت، لەم کاتەشدا جۆن کێری سەبارەت بە کورد جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە ئێستا مەسەلەی جیابوونەوەو سەربەخۆیی وەلاوەبنێن و ڕۆڵێکی ئەرێنی ببینن لە پێناوی پێکهێنانی حکومەتی یەکڕیزی نیشتمانیدا، بەو شێوەیەی کە مافەکانی هەمووان تێیدا دەسەبەر بن (لە ٢٠١٤/٦/٢٤) کەواتە ئەمریکا لەم قۆناغەدا دارگۆپاڵەکەی عێراقی لە ناوەندەوە بە دەستەوەیەو تا ئێستاش لەگەڵ دابەشبوونی عێراقدا نییە بۆ سێ پارچە، پەیامەکەی کیری زۆر ڕوون و دیارە کە تێیدا هاندانی تێدایە بۆ کورد تا جارێکی تر بەشداری بکەنەوە لە پرۆسە سیاسییەکەدا وەك چۆن ئەم کارەیان لە ٢٠٠٣دا کردووە، بەڵام ئەمجارەیان تا ئێستاش دیار نییە کە هەڵوێستی سەرکردەکانی کورد چی دەبێت، ئایا پابەند دەبن بە ئامۆژگارییەکانی ئەمریکاوە یان نا، لە لایەن خۆیەوە سەرۆك بارزانی لە دیمانەیەکیدا کە کریستیان ئەمانبور بۆ کەناڵی سی ئێن ئێنی ڕێکخستبوو و بەر لە دوو ڕۆژ پێش سەردانەکەی جۆن کیری جەختی لەوە کردەوە کە عێراق هەرەسی هێنا، پێویستە کورد دەرفەتی خۆیان بقۆزنەوەو داهاتوویان نەخشەڕێژبکەن.

لەو ساتەوەختەشدا نووری مالیکی ڕایگەیاند کە گوایە بیرۆکەی پێکهێنانی حکومەتی ڕزگاریی نیشتمانی وەك کودەتایەك وایە بەسەر دەستووردا بۆ کۆتاییپێهێنانی ئەزموونی دیموکراتی لە عێراقدا، بەڵام هەر بە خێرایی کیری لە برۆکسلەوە وەڵامی مالیکی دایەوە کە ئەمریکا ئەم داخوازییەی پێشکەش نەکردون و لە وتووێژەکانی ئەم دواییەیاندا کە لەگەڵ بەرپرسانی عێراقی لە بەغدا کردویانە، هەرگیز شتی وەهای تێدا باس نەکردووە.

ئاماژەشی بەوە داوە کە ئیدارەی ئەمریکا پڕژاوەتە سەر هاندانی سەرکردەکانی عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوو لە نێوان سەرجەم عێراقیەکاندا بە زووترین کات..

پاش سەردانەکەی جۆن کیری بۆ کوردستان وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی وتی: کورد بەشداری دەکەن لە پێکهێنانی تازەی حکومەتی عێراقیدا، لەو بارەیەوە کیری حکومەتی بەوە ناسکرد کە پێویستە ستراتیژیەتێك بخولقێنێت بۆ چوونە پێشەوەی ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی وڵاتەکە، ئەوەشی ڕوونکردەوە کە سەرۆك ئۆباما لە هەوڵدایە بۆ هاندانی ئەم پرۆسەیە بە زووترین کات کە بەبێ ئەمەش هەموو شتێك ون دەبێت..

لە چوارچێوەی ئەو پرۆسەیەشدا سەرچاوەیەکی دیپلۆماسی ئاماژەی داوە(بەپێی ڕۆژنامەی قودسی عەرەبی لەندەنی لە ٢٠١٤/٦/٢٧) بەوەی جۆن کیری وەزیری دەرەوەی ئەمریکی ڕۆژی هەینی پێشنیازێکی بۆ ڕاگەیاندنی کۆنفیدراڵی لە عێراقدا لە نێوان هەرێمی کوردستان و هەرێمی سوننی و هەرێمی شیعی لە هەگبەدایە، ئەمەش لەبەر مکوڕبوونی کورد لەسەر ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان..

لە برۆکسلیشەوە جۆن کیری لە ٢٠١٤/٦/٢٦ لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی هەر یەك لە ئوردن و سعودیە و ئیمارات ئەوەش بۆ وتووێژ لەسەر دوا پەرەسەندنەکانی لەناوچە کە بەخۆیەوە دەبینێت بەتایبەتی ئەو قەیرانە گڕگرتووەی لە عێراقدایە، لەکۆبوونەوەکەدا بیرۆکەی تایبەت بەپرۆژەی فەرمانڕەوایەتی لەسەر شێوازی کۆنفیدرالی لەعێراقدا خراوەتە ڕوو. لەکاتێکدا سەرۆك بارزانی زۆر بە ڕوونی لە کۆبوونەوەکەی ٦/٢٥لەگەڵ وەزیری دەرەوەی



ئەمریـــکادا دیـــدو بۆچوونی خۆی بۆ خواســـتی هەرێم لەســـەر جیابوونەوەی یەکجارەکی و دامەزراندنی دەوڵەتی ســـەربەخۆ بۆ خستەڕوو، راغیدە دەرغامی رۆژنامەنووسی ناســـراو لە رۆژنامەی حەیات لـــەو ژمارەیەدا کە رۆژی ٦/٢٧ دەرچـــووە ئاماژەی داوە بە هەڵوێســـتی ئێران لەناو ئـــەو گۆڕانکارییانەدا، ئەم واتا دەرغـــام وای دەبینێت کە ئێران لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی وەکو شـــەریکێکی ئەمریکا بۆ نەهێشـــتنی تیرۆر خۆی نیشان بدات. بەمەش دەرفەتێکی باشی خســـتۆتە پێش خۆی تا لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی جۆرە تێگەیشـــتنێکی نـــوێ بهێنێتە ئاراوە، هەندێك لێدوانەکانیان تایبەتمەند کردووە بە ســـاتە وەختی پاکێجە گەورەکە، هەندێکیـــش باس لەخۆگونجاندن دەکەن لەگەڵ واقیع و پێیان باشە بەشێوازێکی فەرمی بیرۆکەی راگواســـتن لەدەوڵەتی سادەوە بۆ دەوڵەتی تێکچڕژاووئاڵۆز بڕیاری لەسەر بدرێت، کەسانێکیش رووداوەکانی عێراق بەوە دەچوێنن کە بریتییە لەســـەرەتای هەرەس و دابەشـــبوون و هەڵگیرسانی شەڕە مەزهەبیە خوێناوییەکان لەسەرتاسەری عێراقدا وەکو ئەوەی لەسوریا روودەدات، بۆیە هیچ بوارێك بۆ هەڵەکردن نەماوەتەوە کە دەرئەنجامەکەی وێرانکارانە بێت. لەچوارچێوەی ئەم دەرفەتانەدا راغیدە دەرغام پێیوایە لەسەر ئاســـتی هەرێمایەتی کاتەکە لەبارە بۆ لێکنزیکخستنەوەی ســـعودییەو ئێران لەڕووی پێوەندییەکانیانەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەمریکا نابێت پشت بکاتە رووداوەکان، سەرۆك ئۆباما دەستی کردووە بە راســـتکردنەوەی سیاسەتەکانی، بەڵام ســـام و ترس لـــە نزمبوونەوەی ئاســـتی جەماوەری خـــۆی بەربینی گرتـــووە، ئێران لە هەوڵدایـــە بۆ ئەوەی رووداوەکانی عێراق لەبەرژەوەنـــدی خۆیداو لەچوارچێوەی پێوەندی دوالیزمانەی ئەمریکاو ئێراندا هەڵسوڕێنێت، بەڵام سعودییە وای دەبینێت کە هەستەوەری بۆ وتووێژێکی نوێ لەنێوان ســـوریاو عێراق و هەروەها لەهەمبەر پێوەندییەکانی نێوان ســـعودییەو ئێران دەروازە دەکرێتەوە، بەڵام رووسیا بە نیگەرانیـــەوە چاودێری قەیرانی عێـــراق دەکات. هەوڵیش دەدات رووداوەکانـــی عێراق لە قەبـــارەی خۆی بچووکتر بکاتـــەوەو بیخاتە خانەی تیرۆرەوە. چەندین خاڵی هاوبەش لەنێوان هەموو جەمسەرەکان هەیە ئەگەر چی سیاسەتەکانیان لێکتر جیـــاوازن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وەك پیشـــەی جارانی دەسوڕێتەوەو شرۆڤە دەکات و دیقەت دەداو ئێستاش کاتی ئەوەهاتووە سەرۆکی وڵاتەکەی ستراتیژییەتێکی روون لەگەڵ هەموو جەمســـەرەکان بەرجەستە بکاتەوە بەتایبەتی لەگەڵ سعودییەو ئێران.

ســـعودییە بەچالاکی زیاترەوە چاودێریی رووداوەکان دەکات و هـــەوڵ دەدا گۆڕەپانەکـــە بۆ کەس بەجـــێ نەهێڵێت تا وەك هاوبەشـــی ئەمریکا لە پاڵ خۆیدا ببنە گەمەکار، لە وتووێژەکانی جۆن کیری لە ریازدا ئەمە زیاتر روون دەبێتەوە کەواتە جەمسەرە کاراکانی ناو قەیرانەکە بریتین لە ئەمریکا – بەریتانیا – روســـیا- ســـعودییە – ئێران – تورکیا – هەرێمی کوردستان.

ئەمـــەش پێویســـتی بـــە بەرپرســـیارێتی مێژووییـــە بۆ دیاریکردنی داهاتووی ناوچەکە و ئەم کارەش پێویستی بە عەقڵانیەتێکی واقیعبینانەی گرێبەند بە بەرژەوەندییەکانی ناوچەکـــەو خەڵکەکە و دەوڵەتەکانەوە هەیە، ئەم حەقیقەتانە پێویســـتە لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەهەند وەربگیرێت و تەنیا خۆی نەخزێنێتە ناو خانەی بەرژەوەندی تایبەتی نیشتمانیی خۆیەوەو پێویستە هەوڵ بدات و رێگە بگرێت لە ئاگری جەنگێکی بە وەکالەت کە بەسەر خاکی عێراقەوە هەڵدەگیرسێت..

**ئەم حەقیقەتانە پێویستە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەهەند وەربگیرێت و تەنیا خۆی نەخزێنێتە ناو خانەی بەرژەوەندی تایبەتی نیشتمانیی خۆیەوەو پێویستە هەوڵ بدات و رێگە بگرێت لە ئاگری جەنگێکی بە وەکالەت کە بەسەر خاکی عێراقەوە هەڵدەگیرسێت**

**سەرۆک بارزانی لە دیمانەیەکیدا کە کریستیان ئەمانبور بۆ کەناڵی سی ئێن ئێنی رێکخستبوو و بەر لە دوو رۆژ پێش سەردانەکەی جۆن کیری جەختی لەوە کردەوە کە عێراق هەرەسی هێنا، پێویستە کورد دەرفەتی خۆیان بقۆزنەوەو داهاتوویان نەخشەڕێژبکەن**







## کوردستان توخمی سەرەکی واقیعی تازەیە

# خۆی ناکاتەوە بە سەربازی نێو گەمەی شەترەنجی یەکپارچەیی عێراق



**((ئەوەی لە عێراق ڕوودەدات شەڕی ئێمە نییە وەک ئەمریکا، لەبەر ئەوەی وێڕای هاندانی ئەمریکاو خەڵکانی دیکەش، بەڵام سێ ڕاستی لە عێراقدا دروست بوون کە زەحمەتە گۆڕانکارییان بە ئاسانی بەسەردا بێت، ئەو ڕاستیانە بریتین لە:**

**١. نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئێستای عێراق بە هیچ جۆرێک نایەوێت پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە عێراقدا جێبەجێ بکرێت.**

**٢. کورد لە عێراقدا نایانەوێت یەک هەنگاو لە سەربەخۆیی پاشەکشە بکەن.**

**٣. عەرەبی سوننە لە ئێستادا، هاوپەیمانیان لە داعش لا پەسەندترە نەک متمانە بەحکومەتێکی شیعە بکەن کە داواکارییەکانیان پشتگوێ بخات و سەرکردەکانیان بچەوسێنێتەوە.**

**پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هیچ کام لەم ڕاستیانە بۆ ئێمە جێگەی سوپرایزن؟ بۆیە کە ئەم ڕاستیانە بوونیان لە واقیعدا هەیە، بۆچی هەندێک لە ئێمە باسی شتی دیکە دەکەین.. دوای سەردانەکەی جۆن کیری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ بەغدا، نوری مالیکی ڕایگەیاند بەوەی ئامادەیە حکومەتێکی نوێ پێکبهێنێت، بەڵام حکومەتێکی زۆر شمولی کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کودەتایە نەک پێکهێنانی حکومەت)).**

**فرید کاپلان**

**تۆژەری باڵا لە ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوە ٢٥ی حوزەیرانی ٢٠١٤**

پرۆفیسۆر ئیللۆت ئەبراهام گەورە تۆژەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوە لە ڕۆژی ٢٥ حوزەیرانی ٢٠١٤ دیراسەتێکی لە گۆڤاری (standpoint) بە ناونیشانی (هێشتاش ئەمریکا دەتوانێت یەکپارچەیی عێراق و سوریا بپارێزت؟) بڵاو کردۆتەوە و تیایدا ئاماژە بەوە دەکات ئیدارەی ئۆباما نەیتوانیوە لە هەمبەر دووبارەبوونەوەی دیاردەی کۆمەڵکوژی لە سەدەی بیست و یەکەم، نە بنەما ئەخلاقیەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و نە توانیویشیەتی سەرکردایەتی تەواو بۆ کێشەکان بکات.

پرۆفیسۆر ئیللۆت ئەبراهام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە پاش زنجیرەیەك لە ڕووداوی کۆمەڵکوژی سەدەی بیستەم، بەدەنگی بەرز ئەمریکا دەیگووت (چی دیکە ئەو ڕووداوانە دووبارە نابنەوە))، ((بەرپرسیاریەتی پارێزگاریکردن بۆ دووبارە نەبوونەوەی کۆمەڵکوژیی ئەرکێکی نێودەوڵەتیە)، بەڵام هەر لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەم، کۆمەڵکوژی دارفۆمان بینی و ئەوە لەسوریاش کۆمەڵکوژی بەردەوامە وا دەپەڕێتەوە بۆ عێراقیش، لەبەرامبەر ئەمەش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لەسەروو هەمووشیانەوە ئەمریکا نەیتوانیووە وەڵامدانەوەی پێویستی هەبێت، یان تەنانەت نەیتوانیووە کۆتاییشی پێبهێنێت.

سەبارەت بە سوریا هەتا ئێستا ١٦٠ هەزار کوژراو هەیە، هەروەها زیاتر لە ٦,٥ ملیۆن هاووڵاتی لە ترسی خۆیان لەناو سوریا ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشتووە، زیاتر لە ٢,٧ملیۆن کەس ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ بوون، ئەمەش مانای ئەوەیە وڵاتێکی وەك سوریا کە ژمارەی دانیشتوانی تەنیا ٢٢ ملیۆنە، ٥٠٪ بوونە قوربانی و ئاوارە بوون.

سەبارەت بە هەڵوێست و سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر واقیعی ئێستای سوریا کە پێدەچێت لە عێراقیشدا چاوەڕێی زیاتری لێ نەکرێت، پرۆفیسۆر ئیللۆت ئەبراهام لە دیراسەتەکەی نووسیوویەتی: (سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر سوریا یان کاردانەوەیە یان یارمەتی مرۆییە بۆ لێقەوماوانی سوریا) ئەمەش واتە ئەمریکا هیچ جۆرە سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرای بەرامبەر سوریا نییە، لەمەش زیاتر پرۆفیسۆر ئەبراهام ئاماژە بە دەست لەکارکێشانەوەی ڕۆبەرت فۆرد ڕێکخەری سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر سوریا لە ئیدارەی ئۆباما دەکات و ئاماژە بەو پرسیارە دەکات کە ڕۆژنامەنووسان دوای دەست لە کارکێشانەوەکەی

ئاراســـتەی باڵیۆز رۆبەرت فۆرد کراوە بەوەی بۆچی دەســـتی لەکارکێشـــاوەتەوە؟ لەوەڵامدا باڵیۆز فۆرد راشـــکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو لەو پۆستەدا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی چیدیکە ناتوانێت بەرگری لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر سوریا بکات، ئەمەش مانای ئەوەیە لەناو ئیدارەی ئەمریکیشـــدا نیگەرانی بەرامبەر سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لەهەمبەر سوریا گەیشـــتۆتە ئەو ئاســـتەی کە بەرپرســـانی ئیدارەکە نەتوانن بەرگری لە سیاسەتی ئەمریکا بکەن.

ئەو بارودۆخەی چەند ســـاڵە لەســـوریا بوونی هەیە، ئێستا پەرپیوەتەوە بۆ عێراق، وەك لەسەرەتاشەوە هەستی پێدەکەین، ئیدارەی ئۆباما چـــۆن مامەڵەی لەگەڵ دۆسێی ســـوریا کردووە، بە هەمان شـــێوە مامەڵەش لەگەڵ عێراق دەکات. هەر بۆ نموونە:

١. لە ساڵی ٢٠١١ کاتێك رژێمی ئەسەد دەستی کرد بە کۆمەڵکوژی گەلەکەی، سەرۆك ئۆباما بانگێشەی بۆ ئەوە کرد کە دەبێت بەشـــار ئەســـەد دەستبەرداری دەسەڵات بێت و کورســـیەکەی بەجێبهێڵێت، بەڵام لە کۆنگرەی جنێڤ ٢، ئەمریکا خۆی کورســـیەکەی بە ئەسەد بەخشیەوە.

٢. لە هاوینی ٢٠١٣ کاتێك ئەسەد چەکی کیمیاویی (گازی ســـارینی) بەکارهێنـــا، ئەمریـــکا بڕیاریدا بەرێگـــەی ئاســـمانی لە رژێمەکەی ئەســـەد بدات، بـــەڵام بە مانۆڕێکی روســـیا بەوەی ئەســـەد چەکە کیماوییەکانی لەناو دەبات، ئەمریکا پاشـــگەزبووەوە، لەمـــەش خراپتر ئەســـەد لـــە ٢٠١٤ دووبارە چەکی کیمیاویـــی بەکارهێنایەوە و ئەمجـــارە لەبری گازی سارین، گازی کلۆری بەکارهێنا، بەڵام ئەمریکا نەك کاردانەوەی نەبوو، بەڵکو خۆی لێبێدەنگ کرد.

٣. ســـەبارەت بە ئێستای عێراقیش، وەك ستیڤن کوك گەورە تۆژەری ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوە، لە تازەتریـــن وتاری کـــە رۆژی ٢٧ی حوزەیران بڵاوی کردۆتەوە، کە سیاســـەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق لەیەکەم کاردانەوەدا ئەوەبوو، کە داعش توانی ئەمریکا بکات بە هاوپەیمانی ئێران و روسیا بۆ مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی، کە ئێستا شتێك بە ناوی یەکپارچەیی عێراق بوونی نییە.

٤. بەپێچەوانەی ســـوریا، ئیدارەی ئۆباما لەبەرامبەر عێراق، هەموو هەوڵـــی بۆ ئەوەیە کە نوری مالیکی ســـەرۆك وەزیرانی عێـــراق لە دەســـەڵاتدا بمێنێت و دیموکراتی و فیدرالـــی بگۆڕێت بۆ دیکتاتۆریەت و حکومەتێکی ســـەنترالی دیکتاتۆری، ئەم حاڵەتەش وەك لە واقیعدا دەبینرێت، نەك قابیلی قبوڵکردن نییە، بەڵکو عەرەبی ســـوننە هاوپەیمانی داعشی پێباشترە نـــەك متمانەکردن بـــە مالیکـــی، هەروەها کوردیش مامەڵە لەگەڵ واقیعێکی تـــازە دەکات، ئەو واقیعە تازەیەی بەڕێز مســـعود بارزانی ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان لە دیمانەکەی لەگـــەڵ کەناڵی CNN رایگەیاند، ســـەبارەت بە ماناو مەدلوولی ئەو واقیعە تازەیە ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان لەو دیمانەیە ئاماژەی پێکردووە، ســـتیڤن کوك لە وتارە تازەکەیدا دەڵێت: ئەوەی سەرۆك بارزانی باسی سەربەخۆبوونی کوردســـتانی کرد، ئەوە پرسێکی تازە نییە و پێشتریش باسکراوە، بەڵام گرنگە هەڵوەســـتە لەو دەستەواژەیە بکەین کە ســـەرۆك بارزانی ئاماژەی پێکرد مامەڵە لەگەڵ (واقیعێکی تازە) دەکەین، ئەو واقیعە تازەیەی سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێکرد، واتە هەڵوەشانەوەی عێراق، هەڵوەشانەوەی سوپا، هەڵوەشانەوەی سیاسەتی ئەمریکی لە عێراقدا).

## واقیعی تازە
## پێشوازی لە دەوڵەتێکی تازەی دیموکراتی دەکات

لـــە میانەی ســـەردانەکەی بەڕێز مســـعود بارزانی ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان بۆ شاری کەرکوك و بەســـەرکردنەوەی بەرەکانی پێشمەرگە و راگەیاندنی بەوەی مـــادەی ١٤٠ جێبەجێکرا و چیدیکە باســـی جێبەجێکردنـــی ماددەی ١٤٠ی دەســـتووری عێراق ناکەین، هاوکات میدیاکانی جیهانیش لە رووماڵکردنی سەردانەکەی بارزانی بۆ کەرکوك، ئاماژەیان بە بەڕێز مسعود بارزانی وەك سەرۆکی کوردستان دەکرد، نەك ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەمەش مانای ئەوەیە چیدیکە کوردستانی باشوور هەمووی پێکەوە بەشێك یـــان هەرێمێك نییە لـــە عێراق و بـــەرەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەنگاو هەڵدەگرن، لەمەش گرنگتر ستیڤن کوك نووسیویەتی، کوردەکان بۆ ئەم هەنگاوە رادەکەن نەك هەنگاوی ئاسایی هەڵبگرن.

لەمەش جێگەی ســـەرنجتر ئەوەیە، کە بەشی زۆری تۆژەران سەبارەت بەسەردانەکەی جۆن کیری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆلای سەرۆکی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکەن، ئەو پێشنیارەی کە جۆن کیری پێشکەشی بارزانی کردووە بەوەی کـــورد هاوکار بێت بۆ دووبارە رێکخســـتنەوەی عێراق و پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێـــراق، ئەو پســـپۆرانە دەڵێن لەگـــەڵ ئەوەی کورد ئامادەباشی پیشانداوە کە هاوکار بێت بۆ رێکخستنەوەی عێراق و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ، بەڵام لەســـەر

**لەناو ئیدارەی ئەمریکیدا نیگەرانی بەرامبەر سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لەهەمبەر سوریا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بەرپرسانی ئیدارەکە نەتوانن بەرگری لە سیاسەتی ئەمریکا بکەن**

ئەرزی واقیع پێشنیارەکەی جۆن کیری هیچ مانایەکی نییە، لەبەر ئەوەی واقیعی نوێی عێراق شتێکی دیکە دەڵێت و پێشنیارەکەی کیریش لە خەیاڵ پڵاوییەك بەولاوە شتێکی دیکە نییە.

تۆژەران و چاودێرانی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق، ئاماژە بەوە دەکەن، کوردی عێراق زۆر هاوکاری عێراقی کرد، بەڵام ئەو هەوڵانەی بۆ عێراقێکی دیموکراتی و فیدرالی خرانە گەڕ، هەمووی فەشەلی هێنا و سەرەنجام عێراق و سوپاکەیی و سیاسەتی ئەمریکاش لە عێراقدا لەبەر یەك هەڵوەشا، بۆیە باشترە ئەمریکا مامەڵە لەگەڵ واقیعە تازەکە بکات نەك پێشنیاری بێمانا پێشکەشی کورد و عێراقیەکان بکات، لەمەش زیاتر ئەو تۆژەرانە ئاماژە بەوە دەکەن کورد ئەم بارودۆخەی پێخۆش نییە، لەبەر ئەوەی هەتا ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆش رابگەیەنین، ئەوا یەکێك لە دراوسێیەکانی دەبێتە داعش، ئەو پرسیارە دەکەن، چ دەوڵەتێك پێی خۆشە دراوسێکەی دەوڵەتێکی تیرۆریستی بێت و ئەبوبەکری ئەلبەغدادی سەرۆکی ئەو دەوڵەتە بێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا، پێویست بوو ئەمریکا هەوڵبدات چەکی پێشکەتووی ئەمریکی بدات بە پێشمەرگە نەك مالیکی، لەبەر ئەوەی چەکی دەستی پێشمەرگە هەموویان چەکی روسی کۆنن و سەری تیرۆریستانیش پێویستی بە چەکی ئەمریکی تازە هەیە.

هەر لەم چوارچێوەیەدا و لەمیانەی کۆنفرانسێکی میدیایی کە گۆڤاری فۆرن ئەفیرز بۆ هەریەك لە پرۆفیسۆر ستیڤن سیمۆن و پرۆفیسۆر بارك میندلسۆن سازی کردبوو لەو کۆنفرانسە ئاماژەیان پێکردووە، ئەمریکا هاوکاری نوری مالیکی کرد بۆ ئەوەی هێزێك دروست بکات ژمارەی بگاتە نۆسەد تا یەك ملیۆن چەکدار، بەڵام ئەم سوپا زەبەلاحە کە بە چەکی تازەی ئەمریکی پڕچەك کرابوون و راوێژکارە سەربازییەکانی ئەمریکا مەشقیان پێدابوون، لەبەرامبەر چەند هەزارێك لە چەکدارانی داعش هەرەسی هێناو توایەوە، بۆیە دەپرسن، باشە وا ئەمریکا ئەمجارەش هاوکاری نوری مالیکی کرد و هەمان سوپای بونیادنایەوە، باشە با گریمانەی ئەوە بکەین ئەم هێزە توانی ئەنبار و نەینەوا و دیالەو تکرتیش دووبارە بگرێتەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە چۆن ئەم ناوچانە دەپارێزرێن؟، ئایا چەند هێزی پێویستە لێیی بمێنێتەوە؟ ئایا تاچەند گەرەنتی هەیە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەو هێزە لەبەردەم داعشدا دیسان لەبەریەك هەڵنەوەشێتەوە؟

**داعش توانی ئەمریکا بکات بە هاوپەیمانی ئێران و روسیا بۆ مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی، کە ئێستا شتێک بە ناوی یەکپارچەیی عێراق بوونی نییە**

**پسپۆران دەڵێن لەگەڵ ئەوەی کورد ئامادەباشی پیشانداوە کە هاوکار بێت بۆ رێکخستنەوەی عێراق و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع پێشنیارەکەی جۆن کیری هیچ مانایەکی نییە، لەبەر ئەوەی واقیعی نوێی عێراق شتێکی دیکە دەڵێت و پێشنیارەکەی کیریش لە خەیاڵ پڵاوییەک بەولاوە شتێکی دیکە نییە**

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بەو جۆرە ئاراستە نەکراون عێراقیەکان یان کورد وەڵامیان بداتەوە، بەڵکو ئەم پرسیارانە ئاراستەی ئیدارەی سەرۆك ئۆباما کراون و پێویستە ئیدارەی ئەمریکا وەڵامیان بداتەوە، بەلای هەندێ تۆژەری باڵاوە وەك ئیللۆت ئەبراهام، لەوانەیە وەڵامەکەی ئیدارەی ئەمریکا ئەمجارەیان بە دەست لەکارکێشانەوەی باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق بدرێتەوە، بەوەی باڵیۆزی ئەمریکا لەبەغدا دەست لەکاربکێشێتەوە و بە ئاشکرا رایبگەیەنێت کە چیدیکە لەو پۆستەدا ناتوانێت بەرگری لە سیاسەتی ئەمریکی لە عێراقدا بکات، هەروەك چۆن باڵیۆز رۆبەرت فۆرد رایگەیاند چیدیکە ناتوانێت لەو پۆستەدا بەرگری لە سیاسەتی ئەمریکا لە سوریادا بکات.

## عێراق شایەنی ئەوە نییە
## بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە

ئەم ناونیشانە لاوەکیە، دوایین دێڕی توێژینەوەیەکە کە گراهام فۆلەر لە دیراسەتێکدا بە ناونیشانی عێراقی ٢٠٠٣ بەکاری هێناوە و راشکاوانە ئاماژەی بەوەکردووە، ئەگەر دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن نەتوانرا عێراقێکی دیموکراتی و سەقامگیر بونیاد بنرێتەوە و ناچاربین عێراق بەزەبری هێز بە یەکپارچەیی بهێڵینەوە، ئەوا لەو کاتەدا عێراق شایەنی ئەوە نییە بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە.

ئەوەی ئێستا لە سیاسەتی ئەمریکی بەرامبەر عێراق دەخوێنرێتەوە ئەوەیە کە ئیدارەی ئەمریکا دەیەوێت بەزەبری هێز عێراق بە یەکگرتوویی بهێڵێتەوە، بۆ ئەم ئامانجەش وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بەدوای ئەوەدا وێڵە دۆستەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئیسرائیل و دەوڵەتانی کەنداوە بکات بە پشتگیری ئەو بۆچوونەی بۆ ئەوەی عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە دۆستەکانی ئەمریکا رێنمایی ئەمریکا دەکەن دەستبەرداری سیاسەتی مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی بن، لەبەر ئەوەی عێراق پارچە پارچە بووە و یەکلابۆتەوە و دەوڵەتی کوردستانیش دروستبووەو تەواو بووە، بۆیە باشترە لەسەر ئەم ئەرزی واقیعە هەوڵبدرێت ئاشتی و سەقامگیری دابین بکرێت نەك زەمینە بۆ کۆمەڵکوژییەکی تازە خۆش بکرێت، کە دیارە ئەگەر شەڕی نێوان عەرەبی شیعەو سوننە رووبدات کە ئێستا هەردوولا خۆی بۆ ئامادە دەکەن، ئەوا بێجگە لەوەی کارەساتی مرۆیی گەورەی لێدەکەوێتەوە، لە هەمانکاتدا بڕانەوەشی ئاسان نابێت.

بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو لایەنانە کێن کە پشتگیری ئەمریکا دەکەن بۆ ئەوەی عێراق بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە؟ دیارە وەك پرۆفیسۆر ئیللۆت ئەبراهام و پرۆفیسۆر ستیڤن سیمۆن و ستیڤن کوك و باراك میندلسۆن، راشکاوانە لە نووسینەکانی چەند رۆژی رابردوویان ئاماژەیان پێکردووە، ئەو لایەنانە بریتین لە (ئێران و حزبوڵلا و روسیا) لە چەند رۆژی رابردوو رژێمی ئەسەدی هاتۆتە سەر، چونکە نوری مالیکی پێشوازی لەو هێرشە ئاسمانییە کرد کە بەشار ئەسەد بۆسەر شاری قائیم کردی.

تۆژەران و دیپلۆماتەکانی پێشتری ئیدارەکانی ئەمریکا، سەبارەت بەو سیاسەتەی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیادەی دەکات، ئەو پرسیارە لەخۆیان دەکەن، ئایا بۆچی سەرۆك ئۆباما ئەم واقیعانە نابینێت و بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ واقیعی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، دیارە ئەو تۆژەر و دیپلۆماتانەی لەبەرامبەر سیاسەتی ئێستای ئەمریکا نیگەرانن، خەڵکانی ئاسایی نین، هەر بۆ نموونە ئەم نیگەرانییە لای دیپلۆماتکارێکی وەك دینس رۆس دروست بووە، کە لەساڵی ١٩٩١ توانی یەکێتی سۆڤیەت بکاتە هاوپەیمانی ئەمریکا بۆ ئازادکردنی کوەیت، ئەم نیگەرانییە لای ریچارد هاس دروست بووە کە لەهەردوو ئیدارەی بیل کیلنتۆندا سەرۆکی ستاڤی پلاندانان بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئەم نیگەرانییە لای باڵیۆز رۆبەرد فۆرد دروست بووە کە رێکخەری سیاسەتی ئەمریکا بووە بەرامبەر سوریا لەئیدارەی ئۆبامادا، ئەم نیگەرانییە لای ژەنەراڵ پەتریۆس دروست بووە کە فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا بووە لەعێراق و توانی لە ساڵی ٢٠٠٨ سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و سەقامگیرییەکی رێژەیی باش بۆ بەغداو شارەکانی دیکەی عێراق بگێڕێتەوە، ئەم نیگەرانییە لای وەزیری دەرەوە و سەرۆکی ئێستای ئیسرائیل دروست بووە، بەوەی راشکاوانە بە وەزیری دەرەوەی ئەمریکاو خودی باراك ئۆباما بڵێن بەدوای کڵاوی بابردوو مەکەون، دابەشکردنی عێراق تەواو یەکلایی بۆتەوە.

هەموو ئەوانەی ئەم نیگەرانییەیان لا دروست بووە، ئەم ترسانەیان لەبەر چاوە و رۆژانە بەردەوام بڵاوی دەکەنەوە و رای گشتی ئەمریکای لێ ئاگادار دەکەنەوە:

١. ئەو سیاسەتەی ئێستا ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیادەی دەکات، شکۆی ئەمریکای وەك سوپەر پاوەر شکاندووە، لەبەر ئەوەی نە توانای ئەوەی هەیە رێگە لە کۆمەڵکوژی بگرێت، نە توانای پارێزگاریکردنی هاووڵاتیانی مەدەنی هەیە، نە دەشتوانێت شەڕی تیرۆر بکات، بەپێچەوانەوە، ئێستا لە ناو هێزەکانی داعش، ٥٠ هاووڵاتی ئەمریکی و ٤٠٠ی بەریتانی و ٧٠٠ی فەرەنسی بوونی هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەمریکا لەشەڕی دژە تیرۆردا لەبری ئەوەی تیرۆر قەڵاچۆ بکات، هاووڵاتیانی رۆژئاوای خزاندە ناو تیرۆریستانەوە.

٢. ئەمریکا لەشەڕی سوریا کەوتە بەرەی دۆڕاوەوە، تەنانەت هێندەی ئیسرائیلیش پێنەکرا، کە چەند جارێك جۆلانی بۆردمان کرد، هەروەها نە توانی ئەسەد لابەرێت، نە توانیشی سەقامگیری دروست بکات، بە پێچەوانەوە تەرازووی هێز بەلای رژێمی ئەسەد شکایەوە، بۆیە ئەمریکا ئەو بەرەی شەڕی دۆڕاند کە داوای دەکرد دەبێت ئەسەد بڕوات، لەبەرامبەردا روسیا و ئێران و حزبوڵلا براوە بوون.

٣. لە مامەڵەکردنی ئێستای لەگەڵ واقیعی تازەی عێراقدا، ئەمریکا پشتی لە هاوپەیمانە دێرینەکانی وەك (تورکیاو ئیسرائیل و دەوڵەتانی کەنداو کردووە) و کەوتۆتە ناو هەوپەیمانی نەیارەکانی دوێنیی، کە ئەوانیش بریتین لە (رژێمی ئەسەد، حزبوڵلا، ئێران، روسیا)، ئەو پسپۆرانە پرسیار لە خۆیان دەکەن، کاتێك ئەمریکا دەکەوێتە سەنگەری دژ بە هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی خۆی، ئایا هاوپەیمانەکانی چ کاردانەوەیەکیان دەبێت.

## دەوڵەتی کوردستان وەك پێویستیەك بۆ ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکە

ستیڤن کوك زۆر راشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە، ئێستا تەنیا ئۆباما و مالیکی لە خەمی ئەوەدان عێراق لەبەر یەکهەڵنەوەشێت، ئەم قسەیە بۆ تۆژەرێکی باڵای تایبەتمەند لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تورکیا، مانای ئەوەی کوك لەوە دڵنیایە کە زۆربەی دراوسێکانی عێراق، کوەیت و ئەردەن و تورکیا، فرمێسك بۆ لەبەریەکهەڵوەشانی عێراق هەڵنارێژن، هەروەها دڵنیاشە لەوەی کە هەموو دۆستەکانی ئەمریکا واتە شەش دەوڵەتەکەی کەنداو و هەروەها ئەردەن و تورکیا پێشوازی لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکەن، لەمەش گرنگتر وەك لە نووسینەکەی ئاماژەی پێکردووە، ستیڤن کوك خۆی واقیعی کوردستانی بینیوەو سەردانی هەولێر و سلێمانی کردووە و کاتێك وەسفی دیمەنەکانی هەردوو هۆتێلی دیڤان و رۆتانا دەکات، ئەوەمان لەبن دێڕەکان پێدەڵێت کە دەوڵەتانی

میدیاکانی جیهان لە رووماڵکردنی سەردانەکەی بارزانی بۆ کەرکوک، ئاماژەیان بە بەڕێز مسعود بارزانی وەک سەرۆکی کوردستان دەکرد، نەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان

دۆستەکانی ئەمریکا رێنمایی ئەمریکا دەکەن دەستبەرداری سیاسەتی مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی بن، لەبەر ئەوەی عێراق پارچە پارچە بووە و یەکلابۆتەوە و دەوڵەتی کوردستانیش دروستبووەو تەواو بووە، بۆیە باشترە لەسەر ئەم ئەرزی واقیعە هەوڵبدرێت ئاشتی و سەقامگیری دابین بکرێت، نەک زەمینە بۆ کۆمەڵکوژییەکی تازە خۆش بکرێت

**ئەو سیاسەتەی ئێستا ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیادەی دەکات، شکۆی ئەمریکای وەک سۆپەر پاوەر شکاندووە، لەبەر ئەوەی نە توانای ئەوەی هەیە ڕێگە لە کۆمەڵکوژی بگرێت، نە توانای پارێزگاریکردنی هاووڵاتیانی مەدەنی هەیە، نە دەشتوانێت شەڕی تیرۆر بکات**

یەکێتی ئەورووپا و بەشـــێکی زۆری لەو خەڵکانەشی کاریگەریان لەسەر سیاسەتی ئەمریکی هەیە، پێشوازی لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکەن.

ئەوەی لەم واقیعە تازەیە دەخوێنرێتەوە، هەناردەکردنی نەوتـــی کەرکوکە لـــە ڕێگەی بۆرییـــە نەوتیەکانی کوردســـتان و گەڕانەوەی داهاتی نەوتی کەرکوکە بۆ کوردســـتان (واتە کوردستان لە سەعدیە و خانەقینەوە هەتا دوز و لەوێشەوە بۆ مەخمور تا دەگاتە شەنگال)، ئەمـــەش لەو چوارچێوەیەدا بـــاس دەکرێت کە ڕێژەی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بە نەوتی کەرکوکەوە لەئێســـتادا دەگاتە ٨٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، ئەم ڕێژەیـــەش لەو داهاتـــە کەمترە کە کوردســـتان پێشـــتر لە بەغداوە بۆی دەهات، ئەمەش ئاماژەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی نەوتی کەرکوك وەك ســـەرچاوەی داهاتی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی جێگەی قبوڵکردنە.

لەم چوارچێوەیەدا و لەگەڵ ئەوەی کوردســـتان چەند ساڵێکە لە میانەی پرۆسەی بونیادنانەوە و پەرەپێداندا بانگێشە بۆ ئەوە دەکات کە هەولێر دەبێتە دەستەخوشکی دوبەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت، بەڵام چاودێران و پسپۆران لەگەڵ ئەوەی بارودۆخی هەولێر لەگەڵ هیچ شارێکی عێراق بەراورد پێناکەن، لەبەرامبەردا پێیانوایە وێڕای ئەوەی کە حکومەتی عێراق هەتا ئێســـتا وەك پێویست بەشەداهاتی کوردستانی نەناردووە و لەگەڵ ئەوەی مـــاوەی حەوت مانگـــە بەتەواوەتی بودجەی کوردستانی نەناردووە، ڕاستە هەولێر نەیتوانیووە ببێتە دوبـــەی، بەڵام دەکرێت بگوترێت هەولێر لە عەممانی پایتەختـــی ئەردەن نزیکبۆتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر کوردستان ببێتە دەوڵەت و سەرچاوەی داهاتی خۆی لەبەردەستی خۆی بێت، دەتوانێت هەنگاوەکانی لە پەرەپێدان و بونیادنانەوە خێراتر بکات.

لەلایەکی دیکە کوردستان کە لەئێستادا بەبێ ئەوەی



هیچ جۆرە چەکێکی مۆدێرنی هەبێت، بەبێ ئەوەی بودجەیەکی گەورەی لەبەر دەست بێت، هێزی پێشمەرگە بتوانێت شەڕی تیرۆریستان بکات و دورگەیەکی ئارام لەناو دەریایەك کاری تیرۆریستی دروست بکات، ئەوا لەگەڵ بوونی بەدەوڵەت و دەست راگەیشتنی بە چەکی مۆدێرن و مەشقی سەربازی مۆدێرن بۆ هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش، کوردستان دەبێتە ئەو دەوڵەتەی دراوسێکانی لە تیرۆر جیابکاتەوە، ئەمەش لەبەرژەوەندی ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە و هەرێمی و جیهانیشدا دەبێت.

لەم بارودۆخەدا کە هەموو جیهان بەگشتی و دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا و دراوسێکانی عێراق بە تایبەتی هەستیان بەوە کردووە، مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی هەموو کات سەرچاوەی ئاژاوە و توندوتیژی دەبێت بۆ ناوچەکە و جیهان، ئەوا لەبەرامبەر بڕیاری راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان نەك هەر پێشوازی دەکەن، بەڵکو لە رێورەسمی راگەیاندنەکەدا بەشی زۆریان لە هەولێر ئامادەی رێورەسمەکەش دەبن.

**هەموو جیهان بەگشتی و دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا و دراوسێکانی عێراق بە تایبەتی هەستیان بەوە کردووە، مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی هەموو کات سەرچاوەی ئاژاوە و توندوتیژی دەبێت بۆ ناوچەکە و جیهان، ئەوا لەبەرامبەر بڕیاری راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان نەک هەر پێشوازی دەکەن، بەڵکو لە رێورەسمی راگەیاندنەکەدا بەشی زۆریان لە هەولێر ئامادەی رێورەسمەکەش دەبن**





ئەنوەری حاجی عوسمان

ئەنوەری حاجی عوسمان بریکاری وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان:

# سەردانەکەی سەرۆک بارزانی ورەی پێشمەرگەی بەرزکردەوەو دڵنیایشی بە هاووڵاتیان بەخشی



**دوابەدوای ١٠ی حوزەیران گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕێکی مەترسیدار لە بارودۆخی عێراق هاتە ئاراوە، بە تایبەتیش کە هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش) توانیان بەرەو شاری موسڵ پێشڕەوی بکەن و بێ بەرگریی سوپای عێراق کۆنترۆڵی ئەو شارەو دواتر ناوچەکانی دیکە بکەن، بۆ ڕێگەگرتن لە پێشڕەویی داعش هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەر لە یەکەم ڕۆژانی ڕووداوەکە گەیشتنە ئەو ناوچانەی کە توخیبی هەرێمی کوردستانن تەنانەت ئەم دەرفەتەی قۆستەوە بۆ ئەوەی بگاتە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و تێیدا جێگیربن، سەردانەکەی ئەم دواییەی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ کەرکوك و ناوچەکانی دیکەی بەرەکانی شەڕ، زیاتر ورەی پێشمەرگەی کوردستان و دانیشتوانی ئەم ناوچەیەی بەرزکردەوە، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بە ڕەوشی ئەم ناوچانەو هێزی پێشمەرگە ئاشنابین، گوڵان پەیوەندیی بە ئەنوەری حاجی عوسمان بریکاری وەزارەتی پێشمەرگەوە کرد و بە تێروتەسەلی وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە**

*** خوێندنەوەتان بۆ ڕەوشی ئێستای ناوچەکە دوای ئەو گۆڕانکارییانەی لە گۆڕەپانی سەربازی و سیاسی ڕووی دا چییە؟**

- لای هەمووتان ئاشکرایە کە دوای ئەو شەڕو پێکدادانەی لە نێوان سوپای عێراق و هێزەکانی داعش و تیرۆریستان لە موسڵ دروست بوو، هێزەکانی سوپای عێراق دووچاری شکست و هەڵاتن بوونەوە تیرۆریستان توانیان شاری موسڵ داگیر بکەن و ئیدی پلانی دیکە داڕێژن بۆ دەست بەسەراگرتنی ناوچەکانی دیکە، دواتر تیرۆریستان پەلاماری هێزەکانی پێشمەرگەیان دا لەو شوێنانەی کە سوپای عێراقیان لێ نەما و بەرامبەر پێشمەرگە دەستیان بە شەڕ کرد بە تایبەتیش لە هێڵەکانی پێشەوە لە تەلوەرد و مەلا عەبدوڵلا و مامۆوعەلاغێر.. بە کورتی لە کەرتەکانی جەنگ لە موسڵ و کەرکوك و دیالە پێکدادان دروست بوو، بەڵام سوپاس بۆ خوا سەرباری ئەو تانەو تەشەرەی کە ئاراستەی هێزەکانی کوردستانیان دەکردو ڕۆژێك پێیان دەگوتین فیشەکەکانیان کۆنە یان تفەنگەکانیان دەفرۆشن و مووچەیان نییە، بەڵام هێزی پێشمەرگە جارێکی دیکە خۆنەویستیی و گیانبازیی خۆی پیشاندایەوە و سەنگەرەکانیان قایم کردو هێزی پێشمەرگە توانی بە ماوەیەکی کەم ئەو شوێنانەی کە کێشە لەسەر بوون وەریانبگرێتەوەو ئێستاش هێزی پێشمەرگە کۆنترۆڵی ئەو شوێنانەیان کردووە، هەروەها بەو چەکە قورسانەی سوپای عێراق کە دەست تیرۆریستان کەوتووە توانیمان بەرامبەریان بووەستینەوەو لووتیان بشکێنین، لێرەوە خەڵکی کوردستان و کاك مسعود بارزانی و سەرکردایەتی خۆمان دڵنیا دەکەینەوە کە هێزی پێشمەرگە قەڵغانی بەهێزە بۆ پاراستنی خاکی کوردستان.

*** باس لەوە دەکرێ کە ئەوە سەردانانەی جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کەرکوك و ناوچەکانی دیکەی شەڕ جیاوازن لەو سەردانانەی پێشتر، گرنگیی ئەو سەردانەی جەنابی سەرۆك لەو ساتە وەختەدا لە چی دەبینن؟**

- ئەو سەردانە مانایەکی پیرۆزی هەیە، یەکەم شت جەنابی سەرۆك خۆی پێشمەرگەیە، هاتنی جەنابیان بۆ کەرکوك کە شوێنی شەڕەکەی لێ گەرمتربوو، بۆیە ئەمە گوڕو تینێکی زۆری بە هێزی پێشمەرگە بەخشی، هەروەها دڵنیای خەڵکی کەرکوکیشی کردەوە لە کورد و عەرەب و تورکمان و موسڵمان و مەسیحی کە هێزی پێشمەرگە داکۆکی لە سەرو ماڵی هەمووان دەکات بەبێ جیاوازی، هەروەها ئێمەی پێشمەرگەشی دڵنیاکردەوە کە لەڕووی یاسایی و نیشتمانی و هەموو ڕوویەکەوە پشت و پەنای ئێمە دەبێت.

*** دەگوترێت کە ورەی هێزی پێشمەرگە زۆر بەرزە، ئەم ورە بەرزییە لە چییەوە هاتووە؟**

- شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی کورد بۆ ئەوە بووە کە نیشتمان لەژێر دەستی ناحەزان وەربگرینەوە، سوپاس بۆ خوا لەم ئاڵوگۆڕەی دواییدا هەموو ئەو شوێنانەی کە ناویان نابوو ماددەی ١٤٠ ١٥٠ و ١٦٠ هەموومان وەرگرتەوە، هەرچەندە بەردەوام دوژمنانی چاوچنۆك چاویان لە داگیرکردنی ئەم خاکە بووە، بەڵام خوای گەورە نیعمەتێکی پێ بەخشیوین کە هێزی پێشمەرگەیەو کوڕو کچی ئەم وڵاتە زۆر بەغیرەتن و دەتوانن لە کاتی تەنگانە بەرگری بکەن و ئەم وڵاتە بپارێزن.

# پێشمەرگە و ئاسایشی نەتەوەیی



نەجات عەلی

*** ئامادەباشیی پێشمەرگە بۆ لەمەودوا بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی توندڕەوی دەوڵەتی عێراق و شام لە چیدایە؟**

- من لێرەوە داوا لە خەڵکی کوردستان و کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەکەم کە لەمەودوا دڵنیابن کە هەموویان پارێزراون و هێزی پێشمەرگە داکۆکی لە هەمووان دەکات و ئەگەر رێگەمان پێ بدرێت زیاتر دەچینە پێشەوە، سەرکردایەتی خۆمان پێیان راگەیاندووین کە پێشڕەوی نەکەین ئەگینا دەتوانین زیاتر بڕۆین، ناهێڵین تیرۆریستان یەك بست بێنە پێشەوە.

*** باس لەوە دەکرێت کە هێزەکانی پێشمەرگە لە رووی چەك و پێداویستییەوە تا رادەیەکی زۆر پڕچەکن، ئامادەباشی ئێوە لەم رووەوە چۆنە؟**

- جارێکی دیکە من روودەکەمە ئەو رۆژنامەنووسە ناراستگۆیانە کە دوور لە راستی و بەرپرسیارێتییەوە دەڵێن پێشمەرگە فیشەکی پێ نییە یان چەکەکانیان دەفرۆشن، ئەوجا وەڵامەکەی ئێوە دەدەمەوەو دەڵێم ئێوە دڵنیا بن هێزی پێشمەرگە فێرە کە سوود لە چەکی دوژمنان وەربگرێت و ئەو چەکانەی سوپای عێراقیش کە لەدەستی داعشدایە دەتوانین لێیان بسەنین.

*** ئایا بڕیاردراوە کە ئێوە لەو ناوچانەی وەرتانگرتۆتەوە نەکشێنەوە و ئامادەباشیی ئێوە لەو نەکشانەوەیە لە چیدایە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئێمە کە پێشمەرگەی جەنابی سەرۆك و فەرماندەیین، لەو شوێنانە ناکشێینەوە کە مادەی ١٤٠ و ١٥٠ و ١٦٠ دەیانگرێتەوەو بەخوێنی پاکی پێشمەرگەو فەرماندەکان وەرمانگرتۆتەوە، لەو شوێنانە جێگیر دەبین بۆ هەتا هەتایی.

*** لە ئێستادا هاونیشتمانیان شانازی بە هێزی پێشمەرگە دەکەن لە بەرەکانی جەنگدا، ئێوە ئەم پشتیوانی و شانازی پێوەکردنە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- ئێمە ئاگادارین کە هەموو هاووڵاتیانی کوردستان پڕبەدڵ و بەگیان هەستیان لای ئێمەیەو شانازیمان پێوە دەکەین و سوپاسیان دەکەین و بەڵێن دەدەین کە خوێنی خۆمان بۆ پاراستنی سەروماڵیان دەبەخشین.

*** هاووڵاتیانی کوردستان ئامادەیی خۆیان پیشانداوە کە خۆبەخشانە بێنە بەرەکانی جەنگەوە بۆ بەرگری کردن، ئێوە چۆن پێشوازی لەو هەڵوێستەیان دەکەن؟**

- من بە خەڵکی کوردستان دەڵێم داعش زۆر لەوە بچووکترە کە ئێمە هێزی یەدەگ بێنین و بیخەینە شەڕەوە، چونکە هێزی پێشمەرگە بەرامبەر هێزێکی کەلەپووچی وەك داعش زۆر گەورەیەو هیوادارم کە پەنا بۆ ئەمە نەبەین. لە کۆتاییدا دەمەوێ بە برا پێشمەرگەکان بڵێم کە ورەتان بەرز بێت و رێگە نەدەن تیرۆریستان بێنە پێشەوەو بەو پەڕی خۆڕاگرییەوە بەرگری لە خاك و گەلەکەمان بکەین.

**من بە خەڵکی کوردستان دەڵێم داعش زۆر لەوە بچووکترە کە ئێمە هێزی یەدەگ بێنین و بیخەینە شەڕەوە**

**سوپاس بۆ خوا لەم ئاڵوگۆڕەی دواییدا هەموو ئەو شوێنانەی کە ناویان نابوو ماددەی ١٤٠ و ١٥٠ و ١٦٠ هەموومان وەرگرتەوە**

لەسەردەمی ئێستادا ئاسایشی نەتەوەیی چەندین رەهەندی جیاوازی هەیە، وەك رەهەندەکانی سیاسی، ئابووری، سەربازی، کۆمەڵگەیی، ژینگە و...تاد، بە رای زانای بەناوبانگ (باری بۆزان) سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر چەمکی ئاسایشی نەتەوەییدا هاتووە، هێشتا رەهەندی سەربازی کاریگەری لەسەر پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییدا ماوە، چونکە دەوڵەت بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆی و لە هەمبەر هەڕەشەی دەرەکی پێویستی بە هێزێکی سەربازی هەیە، کە توانای وەڵامدانەوەی هەبێ، هەروەها لەسەر ئاستی ناوخۆش بۆزان پێیوایە رەهەندی سەربازی پێوەندییەکی توندوتۆڵی بە رەهەندی سیاسی هەیە، چونکە دەبێ دەوڵەت لە رێگەی هێزی سەربازی بتوانێ رێگە لەو کارانە بگرێت، کە دەبنە مایەی هەڕەشە لەسەر بارودۆخی ناوخۆ وەك هەڕەشەکانی تیرۆر و کودەتا. هەرچەندە هەندێ لە زانایانی لیبراڵ پێیانوایە هێزی سەربازی دەبێتە هەڕەشە لەسەر دیموکراسی، بەڵام ئەوە تەنیا لە وڵاتانی نادیموکراسیدا روودەدات، ئەزموونی وڵاتانی دیموکراسی دەریخستووە، ئەگەر هێزی سەربازی بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی پەروەردە بکرێت، هەرگیز نابێتە هەڕەشە.

بۆ ئەوەی ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان خاوەنی ئاسایشێکی راستەقینە بێت، دەبێ لە تەك رەهەندەکانی دیکەی ئابووری و کۆمەڵگەیی و سیاسیی گرنگی بە رەهەندی سەربازی بدرێت، چونکە بەبێ هێزێکی سەربازیی چەکدار و رێکخراو پرۆژەی ئاسایشی نەتەوەییمان ناتەواو دەبێ، بە رای زانای ئەمریکی هانتیگتۆن لە سەردەمی بەجیهانیبوون دەبێ هێزی سەربازی خاوەنی تەکنەلۆژیای نوێ و چەکی پێشکەوتوو بێ، خاوەنی مۆڕاڵ و مەعنەویاتێکی بەرزی نیشتمانی بێ، بەردەوام مەشقی تازەی پێ بدرێ، بۆ ئەوەی خاوەنی سیستەم و دیسپلینی سەربازی بێ، چونکە نەبوونی ئەم خەسڵەتانە لە هێزێکی سەربازیدا، وا دەکات دەوڵەت توانای مۆبیلیزەکردن بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە لاواز بێ، بۆیە پێویستە لە هەرێمی کوردستان پێشمەرگە لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکی نیشتمانی رێك بخرێت و بە بەها بەرزەکانی نیشتمان پەروەردە بکرێت، چونکە ئەو ئەرکەی پێشمەرگە دەیبینێ ئەرکێکی نیشتمانی پیرۆزە.

پێشبینی دەکرێت لە عێراق شەڕی تائیفی و مەزهەبی و ئیتنییەکان بەردەوام بێت، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین، شەڕ و ململانێی تائیفییەکان قوڵتر دەبن و دەستێوەردانی دەرەکی زیاتر دەبێت، دوور نییە لە بەردەوامبوونی ئەم شەڕە تائیفییەدا بە دەستێوەردانی دەرەکی فشار بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، کەواتە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم دۆخە دەبێ توانای پێشمەرگە زیاتر بکرێت، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان تەنیا خاوەن کارتی سیاسی و ئابووری و دیپلۆماسی نەبێ، هەروەها بتوانێ کارتی سەربازیش لە تەك کارتەکانی دیکە بەکاربهێنێ.

گومانی تێدا نییە پێشمەرگە خاوەنی مۆڕاڵ و مەعنەویاتێکی بەرزە، بەڵام پێویستی بە تەکنەلۆژیا و مەشقی تازە هەیە، بۆ ئەوەی شارەزای تەکنیکی شەڕ و پلانی خۆپاراستن بێ، ئەو شەڕەی ئێستا لە ناوچەکەدا هەیە، شەڕێکی ئاڵۆزە، چونکە چەندین ئایدیۆلۆژیا و ئەجێندا و گرووپی جیاواز تێکەڵ بە یەکتر بوون، هەر گرووپە تیرۆریستییەکانیش هەڕەشە نین لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان، بەڵکو سوپای عێراقیش هەڕەشەیەکی دیکەیە، کەواتە لە یەك کاتدا دەبێ هێزی پێشمەرگە وەك هێزێکی سەربازی بتوانێ هەم رووبەڕووی هەڕەشەکانی گرووپە تیرۆریستییەکان ببێتەوە و هەمیش توانای رووبەڕووبوونەوەی سوپای عێراقی هەبێت، ئەمانە چەند ئەگەرێکن دەبێ بخرێنە ناو ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی، ئەگەر نا لەسەر مەودای دوور کوردستان ئەم دەرفەتە لە دەست دەدات، کە هاتۆتە پێش.

لەلایەکی دیکەوە لایەنە سیاسییەکان لە عێراق بەتایبەت مەرجەعیەتی شیعە و سوننە هەتا ئێستاش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی هێزی سەربازی، کە لەبنەڕەتدا کێشەکانیان کێشەی سیاسی و ناسنامەیین، بۆیە ئەگەر عەقلیەتی شیعە و سوننە لە بەرانبەر یەکتر بەم شێوەیە بێت، گومانی تێدا نییە کە هەمان تێگەیشتنیان هەیە لە بەرانبەر کورد، پرسیی کوردیش لە عێراق بەدرێژایی مێژوو پرسی ناسنامە بووە، بۆیە دەبێ پێشبینی بکرێت بە سەرکەوتنی هەر لایەنێکیان، کورد رووبەڕووی شەڕێکی تازە ببێتەوە، کەواتە دەبێ ستراتیژیەتێکمان هەبێ بۆ پاراستنی کوردستان، کە ئاسایشی نەتەوەییمان تەواوی رەهەندەکانی هێز لەخۆ بگرێت.

**ئەگەر عەقلیەتی شیعە و سوننە لە بەرانبەر یەکتر بەم شێوەیە بێت، گومانی تێدا نییە کە هەمان تێگەیشتنیان هەیە لە بەرانبەر کورد، پرسیی کوردیش لە عێراق بەدرێژایی مێژوو پرسی ناسنامە بووە**

بەرجەستەکردنی ئەم رەهەندانە پێویستی بە پلانێکی زانستی و فەلسەفی هەیە، بۆ ئەوەی واقیعەکە وەکو خۆی بخوێنینەوە، هەروەها حساب بۆ تواناکانی خۆمان بکەین تا چەند خاوەنی سەرچاوەی هێزین، باشترین سەرچاوەی هێز بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییمان کۆمەڵگەی خۆمانە، واتە بە تەواوی پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، چونکە ئەزموونی وڵاتان سەلماندویانە هەر دەوڵەتێك کۆمەڵگا نەکات بە سەرچاوەی هێز، ئەوا ناتوانێ ئاسایشی خۆی بپارێزێت.

کەواتە گرنگیدان بە دیموکراسی و بە هێزی سەربازی لە یەك کاتدا دەتوانێ ببێ بە میکانیزمێك بۆ کۆکردنەوەی تواناکانی کۆمەڵگا بۆ پشتیوانیکردنی لە ئاسایشی نەتەوەییمان، بەڵام گرنگیدان تەنیا بە یەکێك لەم رەهەندانە، دەبینین ناهاوسەنگی لە هێزی نەتەوەیی و بارودۆخێکی ناسەقامگیر دەخوڵقێنێ، کە تێیدا هەردوو فاکتەری ناوەخۆ و دەرەوە دەبن بە هەڕەشە لەسەر ئامانج و ئاییندەمان.

## پرۆفیسۆر ئامازیا بارام بۆ گوڵان:

# لە ساڵی ١٩٤٨ ئەمریکا پێی باش نەبوو ئیسرائیل ببێت بە دەوڵەت بەڵام کە سەربەخۆییمان راگەیاند یەکەم کەس سەرۆکی ئەمریکا ئیعترافی پێکرد

**پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە دیراسەت لەسەر رەوشی عێراق دەکات و هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە، لەکاتی خۆ ئامادەکردنی ئەمریکا بۆ ئۆپەراسیۆنی ئازادکرنی عێراق، پرۆفیسۆر بارام یەکێك بووە لەو ئەکادیمست و پسپۆرانەی لەسەر رەوشی عێراق راوێژ و راسپاردەی بە جۆرج دەبلیو بوشی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا داوە، ئەوکات پرۆفیسۆر بارام سەرۆکی سەنتەری سابان بووە لە ئامۆژگای برۆکینگز، ئێستاش یەکێکە لە تۆژەرە باڵاکانی ئامۆژگای یونایتد ستەیت بۆ ئاشتی (USIP)، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق و هەلومەرجی نێودەوڵەتی بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لە ئێستادا لەسەر ئاستی جیهان باس لە کۆتایی هاتنی عێراق دەکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کۆتایی هاتنی عێراق ناوچەکە بەرەو کوێ دەبات؟**

- ئەگەر کۆتایی پێبێت، ئەوا دەوڵەتێکی سوننە و دەوڵەتێکی شیعە و دەوڵەتێکی کوردی دروست دەبێت. ئەوەی من پێتان دەڵێم سەیرە، ئەگەر عێراق دابەش بێت، ئەوا شتێکی خراپ نابێت، ئەمە خراپ نابێت بۆ شیعە و بۆ مالیکی و سەدر و حەکیمیش، من پێت دەڵێم بۆچی؟ چونکە ئیتر-شیعە- دەتوانن بە ئاشتی بژین، لەبەر ئەوەی پێویستیان بە موسڵ و ئەنبار نییە و تەنانەت زۆر پێویستیان بە دیالەش نییە، بەڵام پێویستیان بە بەغدا دەبێت، و بەغدا بە شارێکی شیعە دەمێنێتەوە، چونکە لە ئێستادا لە سەدا ٨٥ی دانیشتوانی بەغدا شیعەن، کەواتە بەغدا و باشووریان بەدەستەوە دەبێت.

لێرەدا من ئیسراحەت حساباتی بەرژەوەندی شیعە دەکەم، کەواتە ئەوان بەغدا و باشووریان دەبێت و و نەوتیان دەبێت کە لە هەر ساڵێکدا نزیکەی داهاتی ١٠٠ ملیار دۆلاریان بۆ بەدەست دەهێنێت و پێویست ناکات لەگەڵ هیچ کەسێکدا بەشی بکەن و ناچار نین لەگەڵ کورددا بەشی بکەن و ناچار نین لەگەڵ سوننەدا بەشی بکەن، هەروەها بە ئاسانی دەستیان بە کەنداوی فارسیشدا رادەگات بەهۆی بەسرە و بەهۆی ئوم قەسرەوە.

لە دۆخێکی لەم چەشنەدا، ئەوا ئەگەر لە روانگەی مالیکیەوە راشکاوانە تێڕوانین بۆ بارودۆخەکە بکەیت بۆ دیاریکردنی ئەوەی کامە لە بەرژەوەندی و کامە لە قازانجدایە، ئەوا شتێکی



زۆر باش دەبوو ئەگەر کوردەکان بەڕێی خۆیاندا بڕۆیشتنایە و سوننەکانیش بەڕێی خۆیاندا بڕۆشتنایە. بە دڵنیاییەوە مالیکی نایەوێت وا دەربکەوێت کە ئەو ئەو کەسە بوو کە عێراقی دابەش کرد، ئەو نایەوێت وا دەربکەوێت و لە مێژوودا وا باس بکرێت کە ئەو بارودۆخەکەی تەقاندەوە، کەواتە ئەمە زیاتر لە هەر شتێکی دیکە ناوبانگە. بەڵام شیعەکان کێشەیان نابێت و سەرگەردان نابن، بەڵکو هەرچیەکیان پێویست بێت هەیانە و بە زیادیشەوە.

دێینە سەر کوردەکان، کوردەکان کوردستانیان هەیە و دەگاتە چیای شەنگاڵ، هەروەها نەوتیان هەیە و توانیویانە یەکگرتوو بن و ئیدارەی —جیاوازیەکان- بدەن، کەواتە لە رووی خاك و نەوتەوە کوردەکان لە رەوشێکی باشدان، و کێشەکە- هەروەك چەندین جار ئاماژەم پێکردووە- بریتییە لە گەیشتن بە دەریا، بە ئۆقیانووس، کە ئێوە نیتانە، رەنگە وا باش بێت کە کوردەکان شاندێك بنێرن بۆ تورکیا- کە ئێستا ئەو کارە دەکەن- بۆ ئەوەی لەگەڵ تورکەکان قسە بکەن. کە دەبێت پێش ئەوەی سەربەخۆیی رابگەیەنن پێوەندیەکی باشتان هەبێت لەگەڵ تورکەکاندا. ئەمە بیرۆکەی منە، ئێستا ئێوە دەتوانن سەربەخۆ بن، کە کەرکوکتان لەبەردەستدایە، بەڵام هیچ هەنگاوێکی بەپەلە مەنێن، ئێوە لە چاوەڕوانیکردندا هیچ شتێك لە دەست نادەن، بۆ ئەوەی ببینن رەوتەکە بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات لە نێوان مالیکی و داعشدا، ئێوە لە پێگەیەکی باشدان و پارێزگاری لێبکەن. بەڵام لە کاتێکدا کە ئەمە دەکەن ئەوا دەبێت گفتوگۆی جددی لەگەڵ تورکەکاندا بکەن. من نازانم شاندەکەی ئێوە لە تورکیا باسی چییان کردووە، بەڵام دەبێت پابەندبوونی تورکیا بەدەست بهێنن، بۆ ئەوەی لەڕێی تورکیا دەستتان بە دەریای سپی ناوەڕاستدا رابگات، کە ئەمە گرنگە بۆ نەوت و بۆ چەك و بۆ ئابووری ئێوە، بەڵام تورکەکان یەك شتتان پێ دەڵێن، من نازانم، بەڵام ئەمە بیرکردنەوە و خەیاڵی منە، پێتان دەڵێن ئەگەر سەربەخۆییتان راگەیاند ئەوا با هیچ پێوەندیەکی بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) وە نەبێت، چونکە پەکەکە هەڕەشە لە یەکپارچەیی خاکی تورکیا دەکات، کەواتە دەبێت ئەو بەڵێنە بدەن کە ئەگەر سەربەخۆییتان راگەیاند ئەوا تەنیا لە کوردستانی عێراقدا بێت. رەنگە پێنج ساڵ یان دە ساڵی دیکە بتوانن فیدراڵیەتێك لەگەڵ کوردەکانی تورکیا دروست بکەن، ئەمە مومکینە، بەڵام نابێت شان بە شانی پەکەکە شەڕ بکەن بۆ ئەوەی سەربەخۆیی بۆ کوردەکان لە ناو تورکیاشدا بەدەست بهێنن، چونکە ئەمە گورزێکی گەورە دەبێت بۆ تورکیا.

سەبارەت بە کەرکوك، تورکمانەکان، بێگومان تورکمان هەیە سوننەیە، بەڵام سوننەیەکی میانڕەوە، هەروەها تورکمان هەیە شیعەیە کە بە راستی ترسیان هەیە لە داعش، کەواتە تورکمانەکان لە نێوان دوو بژاردەدان، داعش و هەرێمی کوردستان، بۆیە زۆر ئاسانترە کە قەناعەت بە تورکیا بکرێت کە هەرێمی کوردستان دەتوانێت بایەخ بە تورکمانەکانی کەرکوك بدات، دەتوانن ئازادی تەواویان پێبدەن، ئازادی مەدەنی و ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کوردستاندا، مامەڵەیەکی رەوا و یەکسانیان لەگەڵدا بکەن، کەواتە تورکیاش داوای لە ئێوە دەبێت و هەر دەبێت هەشی بێت، لەبەر

**رای ئەمریکا لەسەر سەربەخۆبوون بە جددی وەرمەگرن، بەڵام دەبێت تورکیا بە جددی وەربگرن، و هەوڵ بدەن قەناعەتی پێ بکەن کە عێراق کۆتایی هاتووە**

**تورکمانەکان لە نێوان دوو بژاردەدان، داعش و هەرێمی کوردستان، بۆیە زۆر ئاسانترە کە قەناعەت بە تورکیا بکرێت کە هەرێمی کوردستان دەتوانێت بایەخ بە تورکمانەکانی کەرکوک بدات**

**هەڵەی ژمارە یەک لە ساڵی ٢٠١٠دا بوو کە نەدەبوو ئەمریکا رازی بێت مالیکی ببێتە سەرۆک وەزیران، ئەمە هەڵەیەکی گەورە بوو، چونکە ئەو بۆ چوار ساڵ سەرۆک وەزیران بوو و شکستی هێنابوو، کەواتە بۆچی پۆستی سەرۆک وەزیرانی دەدەیتەوە**

**داگیرکردنی کتوپڕ و بەپەلەی موسڵ، ئەمە نوکتەیە، هەواڵگری ئەمریکا هیچ زانیاریەکی نەبوو لەبارەی ئەوەی رووددات**

ئەوە دەبێت گفتوگۆ لەگەڵ تورکیا بکەن و پێویست بە پەلەکردن ناکات، چونکە بەلای منەوە کەم تا زۆر دۆخەکە سەقامگیرە. داعش بەرەو بەغدا و بەرەو باشوور ناڕوات، بە هیچ شێوەیەك. ئەوان تەواوی دیالە داگیر ناکەن، ئەگەرچی بەشێکی گەورەی داگیر دەکەن، ئەوان تەواوی سەلاحەددین و نەینەوایان داگیر کردووە و کەم تا زۆر پارێزگای ئەنبار، کەواتە رەوشەکە کەم تا زۆر وەك خۆی دەمێنێتەوە، کە هەندێ شەڕ لە سنوری ئەم ناوچانە لەگەڵ بەغدا دەبێت و بۆ ماوەیەك رەوشەکە بەم شێوەیە دەمێنێتەوە، کەواتە کاتی بدەنێ. ئێستا پێوەندیەکانتان لەگەڵ تورکیا زۆر باشە، بەڵام ئەمە پێش راگەیاندنی سەربەخۆییە، ئەگەر دەتانەوێت جاڕی سەربەخۆیی بدەن، ئەوا دووبارە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەنەوە و بزانن ئەوان چۆن بیر دەکەنەوە.

*** زۆرێك لە شارەزایان باس لەوە دەکەن کە سەرۆکی پێشووی ئەمریکا جۆرج بوش، دەستکەوتێکی زۆری لە عێراقدا بەدەست هێنا کە سەرۆك ئۆباما نەیتوانی بییانپارێزێت، ئایا هەڵەکانی ئیدارەی ئۆباما چی بوون، چونکە تەنانەت لەو کاتەدا کوردەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە زووە بۆ کشانەوەی هێزەکان و داوایان کرد بنکەی سەربازی ئەمریکی لە کوردستاندا دابمەزرێت، کە ئەمەش سەری کێشا بۆ ئەو دۆخەی ئێستا عێراقی تێدایە؟ بیروبۆچوونی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- هەڵەی ژمارە یەك لە ساڵی ٢٠١٠دا بوو کە نەدەبوو ئەمریکا رازی بێت مالیکی ببێتە سەرۆك وەزیران، ئەمە هەڵەیەکی گەورە بوو، چونکە ئەو بۆ چوار ساڵ سەرۆك وەزیران بوو و شکستی هێنابوو، کەواتە بۆچی پۆستی سەرۆك وەزیرانی دەدەیتەوە، من دەزانم ئێرانییەکان ئەمەیان دەویست، بەڵام دەبوو ئەمریکیەکان بڵێن نەخێر، بەڵکو دەبو ئەیاد عەللاوی بێت، چونکە پارتێکی گەورە و دەرفەتی هەبوو. ئەمە هەڵەی ژمارە یەك بوو، کە مالیکی سەلماندی کە توانای ئەوەی نییە ببێتە سەرۆك وەزیران.. هەڵەی دووەم ئەوەبوو کاتێك لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١دا هێزەکانی ئەمریکای کشانەوە، کە دەبوو لە نێوان بەتالیۆنێك بۆ دوو بەتالیۆنی جێبهێشتایە، بە دڵنیاییەوە ئەوە هێزێکی گەورە نییە، بەڵام ئەگەر بیست بۆ سێ هیلیکۆپتەری ئەباتشی بمایاتەوە و هەندێ موشەك و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بمایاتەوە، واتە هێزێکی بچووك بوایە، نزیکەی ١٠ هەزار کەس بوونایە، چونکە نەدەتوانرا ١٠٠ هەزار کەس بمێنێتەوە، واتە هێزێکی شەڕکەریان بهێشتایەتەوە، باردۆخەکە نەدەگەیشتە ئێستا.

هەروەها ئەمریکا هەواڵگریەکی زۆر باشی هەبوو لە عێراقدا، بەڵام هەڵیوەشاندەوە و کشانەوە، ئەمە هەڵەیەکی دیکە بوو. کارێکی دیکە کە دەبوو بیانکردایە، ئەوە بوو کە ئەگەر نەیانتوانی هێز بهێڵنەوە لەوێدا، ئەوا دەیانتوانی ئەم هێزە-بچووکە- بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەو وڵاتەدا بهێڵنەوە. بەڵام ئۆباما رایدەگەیاند کە ئێمە دەمانەوێت هەموو هێزەکان بگەڕێنەوە بۆ وڵات، باشە بیانگەڕێننەوە، بەڵام دەبێت ژمارەیەك کە زیاتر نەبێت لە ١٠٠ یان لە ١٥٠ کەس بمێننەوە، کە سیخوڕ نەبن، بەڵکو دیپلۆماتکار بن کە باش شارەزای کوردستان بن، باش شارەزای نەینەوا و ئەنبار بن، کە بیانتوانیایە پێوەندی بەردەوامیان لەگەڵ خەڵکی کوردستان و نەینەوا و ئەنباردا هەبوایە، بیانزانیایە چی دەڵێن و چی دەگوزەرێت و چ شتێك خۆشحاڵیان دەکات و چ شتێك نارەحەتیان دەکات، ئەگەر ئۆباما رێگەی بدایە ئەمە رووبدا کە ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ کەسی ئاوا هەیە لە ئەمریکا کە زۆر بە باشی لەهجەی عێراقی قسە دەکەن، راستە کوردی قسە ناکەن، بەڵام زۆربەی کوردەکانیش عێراقی قسە دەکەن. کە پێویستی نەدەکرد ئەمانە لە ناوچە شیعیەکاندا بن، بەڵام پێویست بوو لە ناوچە کوردی و سوننییەکاندا بن. کە شارەزا بن و زمان و کەلتورەکە بزانن، و خەڵکیش دەیانناسێت، چونکە پێشتر لە عێراقدا خزمەتیان کردووە، با ئەو کەسانە ١٠٠ کەس بن زیاتر نا، کە بودجەیەکی کەمیشیان هەبێت، بودجەیەکی زۆر نا، ئەوان دیپلۆماتن و دەتوانن بۆ هەر شوێنێك بچن و راپۆرت بدەنە واشنتۆن. کەواتە حاڵەتێکی هەواڵگری روونادات، وەك داگیرکردنی کتوپڕ و بەپەلەی موسڵ، ئەمە نوکتەیە، هەواڵگری ئەمریکا هیچ زانیاریەکی نەبوو لەبارەی ئەوەی روودەدات، کەواتە دەبوو ئەمەیان بکردایە، بەڵام نەیانکرد، بۆچی. لەبەر ئەوەی ئۆباما ویستی هیچ شتێك لەبارەی عێراقەوە نەکات و باوەڕی وایە عێراق شەڕی بوش بوو و نەیدەویست هیچ شتێکی لەبارەوە ببیستێت، ئەمەش کارێکی نابەرپرسیارانەیە.

هەروەها من و ئێوە و هەموو دەیزانین کە مالیکی باش نییە و ئەو بێزاری و بەرهەڵستی و خۆپیشاندانی زیاتری لە ناوچە سوننەنشینەکاندا دروست دەکرد، کەواتە دەبوو کارێکیان لەبارەیەوە بکردایە، و دەبێت پێیان بووتایە ئەگەر سیاسەتەکەی ناگۆڕێت ئەوا ئێمە هەوڵ دەدەین بتگۆڕین، ئەوان ئەم کارەیان نەکرد و ئەم قسەیەیان نەکرد و هیچ بایەخێکیان نەدا تاوەکو درەنگ وەخت بوو، ئێستاش ئەو لە هەر کاتێکی زیاتر براوە بووە لە هەڵبژاردنەکاندا، ئێستا چۆن دەتوانیت پێی بڵێیت کە ئەوەی پێویستە بیکات، واتە ئەوان دەرفەتێکیان لەدەست دا کە هەیان بوو.

من ناڵێم لە کوردستاندا، چونکە ئەمە کێشە نەبوو لە کوردستاندا، بەڵام دەبوو لە ناوچە شیعە و ناوچە سوننەکاندا پارەیان ببەخشیایەتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی دەنگ بە سیاسەتمەداری باش و پارتی سیاسی باش بدایە، لەبەر ئەوەی لە عێراقدا هەموو کەس پارە دەبەخشێتەوە، بەلای کەمەوە لە ناوچە شیعەنشینەکاندا هەموو کەس پارە دەبەخشێتەوە، مالیکی بە ملیارەها دۆلاری بەخشی بۆ ئەوەی خەڵکی دەنگی پێ بدات، بەڵام ئەمریکیەکان دەڵێن ئەمە دیموکراسی نییە، بە دڵنیایەوە ئەمە دیموکراسی نییە، بەڵام خۆ مالیکیش دیموکراتی نییە، کەواتە پێویستە بوو یارمەتی ئەو کەسان بدرایە کە دیار بوو عێراقیەکی باشن، کە ئیدارەیەکی باشیان دەکرد و باشتر لە کورد نزیك دەبوونەوە و مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵ سوننە و شیعەدا دەکرد، ئەمە شتێکی سەرەکییە، بەڵام تەنانەت ئەمریکا هەوڵی نەدا ئەم کارە بکات، کەواتە ئەمە هەڵەیەکی دیکە بوو. هەڵەیەکی دیکە بە بۆچوونی من بریتی بوو لە هەواڵگری، چونکە بە تەواوەتی بێ ئاگا بوو لە کەوتنی موسڵ، و ئەمەش مایەی تاسانێکی تەواو بوو و من تێناگەم چۆن ئەمە روویدا. با نموونەیەکی زیاتر پێ بڵێم، کاتێك ئەمریکا عێراقی جێهێشت زۆرێك لە ئەفسەرەکای سوپای عێراق سوننە بوون، بەڵام لەگەڵ رۆیشتنی

ئەمریکا مالیکی نزیکەی سەرجەم سوننەکانی دەرکرد، ئەمەش شیعەگەریەکی تایەفەگەری بوو، هەروەك ئەوەندەی بیستبێتم هەندێ لە فەرماندە کوردەکانیشی دەرکرد، بەڵام نازانم چەندن، ئینجا بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا کرد و براوە بوو. کەواتە ئەمە بارودۆخێکی زۆر خراپە، تەنیا ڕێگا کە ئەمریکیەکان بتوانن هاوکار بن ئەوەیە مالیکی ناچار بە دەست لەکار کێشانەوە بکەن و کەسێك دانێن لە بری ئەو کە بزانن باشترە. بەلای منەوە پێویستە لەم ساتەوەختەدا کوردەکان چاوەڕێ بکەن و پێگەی خۆیان بپارێزن، لەبەر ئەوەی پێویستە پێش هەر جاڕدانێك ئێوە تورکیاتان هەبێت. سەبارەت بە ئەمریکاش، ئەوا بە دڵنیاییەوە پێویستە لەگەڵ ئەمریکا قسە بکەن، پێیان بڵێن لە ئێستادا جگە لە جاڕدانی سەربەخۆیی هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکە نییە، نەك لە ئێستادا، بەڵکو لە چەند مانگی داهاتوودا، واتە قسە لەبارەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییەوە لە ئاییندەدا لەگەڵ ئەمریکا بکەن. لە کۆتاییدا ئەمریکاش ناتوانێت ڕێگریتان لێبکات، لە ئێستادا دەتوانن قسە لەگەڵ ئێرانییەکاندا بکەن، من پێموایە زۆر گرنگە گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا بکرێت بۆ ئەوەی بزانن ئەوان چۆن بیر لە سەربەخۆیی کوردەکان دەکەنەوە، بەڵام کەمتر گرنگە بە بەراورد بە تورکیا. ئەگەر من بە ڕاستی لە هەڵوێستی ئێران تێگەیشتبم و بەراوردی بکەم بە هەڵوێستی تورکیا، ئەوا تورکیا ڕازی دەبێت بەسەربەخۆیی ئێوە، بەڵام ڕەنگە ئێرانییەکان نەتوانن ڕازی بن بە سەربەخۆیی ئێوە، لەبەر ئەوە دەکرێت هەوڵ بدەن و پێویستە و دەبێت هەوڵ بدەن کە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەن. بەڵام بە تێکڕا ئەم مەسەلەیە بەندە بە تورکیاوە، چونکە ئەگەر ئەمریکا بڵێت نەخێر و تورکیا بڵێت بەڵێ و ئێوەش بە ڕاستی بتانەوێت ئەم کارە بکەن، ئەوا من دەڵێم ئەم کارە بکەن و نیگەران مەبن لە بارەی ئەمریکاوە. لە ساڵی ١٩٤٨دا بە سەرۆکی ئەمریکا هاری ترۆمان وترا کە بیرۆکەیەکی باشە –ئیسرائیل- سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت، بەڵام ئەو پشتیوانی نەکرد، بەڵام سەرکردەکەی ئێمە دەیڤید بن گۆریۆن، بە هەر شێوەیەك بوو سەربەخۆیی ڕاگەیاند، لە ١٥ی ئایاردا، سەرۆکی ئەمریکا یەکەم سەرۆکی دەوڵەت بوو کە دانی پێدانا، کەواتە ئەگەرچی سەرۆکی ئەمریکا داوای کرد ئەم کارە نەکەن، بەڵام کاتێك بن گۆریۆن ڕایگەیاند یەکەم سەرۆك بوو ئیعترافی پێکرد، هەربۆیە ئەگەر سەرۆك ئۆباماش بەئێوە بڵێت سەربەخۆی ڕامەگەیەنن، ئەوا هەموو سەرۆکێکی ئەمریکا وا دەڵێت، بەڵام ئەوە بە جددی وەرمەگرن، بەڵام دەبێت تورکیا بە جددی وەربگرن، و هەوڵ بدەن قەناعەتی پێ بکەن کە عێراق کۆتایی هاتووە.

*** ئێستا هاوپەیمانی شیعە لە دژی کاندیدکردنەوەی مالیکی بۆ خولێکی دیکە دەوەستنەوە و ئەل سەدر پلانێکی هەشت خاڵی ڕاگەیاندووە و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیش بە سەرۆکایەتی ئەل حەکیم، عادل عەبدولمەهدی کاندید کردووە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران، لەلایەکی دیکەوە زۆرێك لە شارەزایان پێیانوایە گەڕانەوە بۆ دۆخی پێش کەوتنی موسڵ نزیکەی ٢٠ ساڵی دەوێت، ئایا کوردەکان پەشیمان نابنەوە ئەگەر لەم ساتەوەختەدا سەربەخۆیی ڕانەگەیەنن؟**

- ئەگەر لە ئێستادا عادل عەبدولمەهدی لەبری مالیکی ببێتە سەرۆك وەزیران، و بەم زووانە بچێتە حکومەتەوە، ئەوا پێشنیاری من ئەوەیە بەشداری لەم حکومەتەدا بکەن، مالیکی نەیدەویست ئێوە بەشداری بکەن، لەبەر ئەوە هیچتان پێنەدەکرا، بەڵام ئەوەشتان لەبیر نەچێت کەرکوك لە دەستی ئێوەدایە و ئێوە بە تەواوەتی لە بەغدا دابڕاون، تا ئەو کاتەی سوپای عێراق نەتوانێت داعش دەربکات، چونکە لە نێوان ئێوە و بەغدا داعش هەیە. بە تەواوەتی لە بەغدا دابڕاون. با بڵێین ئەمریکا و ئێران و ئەوانی دیکە هەرچۆنێك بێت توانییان حکومەتێك لە بەغدا دروست بکەنەوە، واتە دوای هەڵبژاردن و پەرلەمان و هاوپەیمانێتی حکومەتێك پێکهێنرا، حکومەتێك بە سەرۆکایەتی مالیکی نا، بەڵکو کەسێکی دیکە، هەر کاتێك ئەمە ڕوویدا و ئەگەر ئەمە ڕوویدا، ئەوا هێشتا پێویست بەوە دەکات خۆیان لە داعش ڕزگار بکەن، چونکە داعش لەوێدایە، ئەمەش پێویستی بە شەڕێکی گەورە هەیە. ئێستا ئێوە کەرکوکتان لەبەردەستدایە و هەر کەسێك داوای هاوکاریتان لێ بکات دەبێت ئامادە بن، بەڵام بڵێن پێویستە کەرکوك بە – شارێکی-کوردی بمێنێتەوە و بەمە ڕازی بن، هەروەها پێویستە پێداگیری لەسەر مافی فرۆشتنی نەوت بکەن. بە دڵنیاییەوە پارەکە دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا، کێشە نییە با پارەکە بگەڕێتەوە بۆ بەغدا، بەڵام ئێوە گرێبەستەکە دەکەن و ئێوە نەوت دەفرۆشن. ئەمە باشترین ڕێگایە بۆ ئەوەی بیگرنەبەر ئەگەر بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەمریکا توانیتی حکومەتێکی نوێ پێکبهێنێت لە بەغدا. بەڵام ئایا لە ئاییندەدا پەشیمان دەبنەوە ئەگەر ئێستا سەربەخۆیی ڕانەگەیەنن؟ بەڵێ، بەڵام بەمەرجێ ئەگەر لە ئێستادا بگەنە تێگەیشتنێك لەگەڵ تورکیا، چونکە لە ڕاستیدا دەبێت سەرەتا بگەنە ڕێککەوتنێك لەگەڵ تورکیا ئینجا سەربەخۆیی ڕابگەیەنن، دواتر قسە لەگەڵ ئەمریکا بکەن، کە ڕەنگە پشتیوانی بکەن و ڕەنگە پشتیوانیشی نەکەن، بەڵام ئەگەری زۆرە پاڵپشتی نەکەن. بەڵام بەلای کەمەوە دەبێت پشتیوانی تورکیاتان هەبێت، ئێوە دووچاری زەحمەت دەبنەوە لە فرۆشتنی نەوت. ئەگەر پشتیوانی تورکیاتان هەبێت، ئەوا دەکرێت هەر ئەمڕۆ و سەرلەبەیانی سبەینێ سەربەخۆیی ڕابگەیەنن.

*** دوا وتەت چییە؟**

- دوا وتەم پەیامێکی زۆر سادەیە، بۆ یەکەم جارە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە ئێوە دەستڕۆیشتوویەکی ڕاستەقینەتان بەدەستهێناوە و ئامڕازێکی ڕاستەقینەی گفتوگۆکردنتان کەوتۆتە بەردەست کە ئەویش کەرکوکە، بۆیە ئەگەر حکومەتێك لە بەغدا هەبوو، ئەوا دەتوانن زۆر شت بەدەست بهێنن، دەتوانن بە هاوبەشی کۆنترۆڵی کەرکوك بکەن، و مافی گرێبەستکردن و فرۆشتنی نەوتتان هەبێت و پارەکەش بڕوات بۆ بەغدا و ئێوەش دابەشی بکەن. ئێوە تا ئێستا کارتی گفتوگۆتان نەبووە، ئێستا هەتانە و ژیرانە بەکاری بهێنن. لە هەمان کاتدا لەوە دڵنیاببنەوە ئایا تورکیا ڕازی دەبێت بە سەربەخۆیی- کوردستان-، دەبێت ئەمە تەئکید بکەنەوە لە تورکیا و ئەمریکاش، هەرچۆنێك بێت وەڵامی ئەمریکا نەخێرە، بەڵام دەبێت ئەمە لەگەڵ تورکیادا تەئکید بکەنەوە، ئینجا ئەو بڕیارە بدەن کە دەتانەوێت بیدەن، بەڵام پەلە مەکەن مانگێك و دووان چاوەڕێ بکەن بزانن چی ڕوودەدات و لە ئێستادا دەست بە گفتوگۆکردن بکەن لەگەڵ ئەمریکا و تورکیادا.

**تەنیا ڕێگا کە ئەمریکیەکان بتوانن هاوکار بن ئەوەیە مالیکی ناچار بە دەست لەکار کێشانەوە بکەن و کەسێک دانێن لە بری ئەو کە بزانن باشترە**

**بۆ یەکەم جارە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە ئێوە دەستڕۆیشتوویەکی ڕاستەقینەتان بەدەستهێناوە و ئامڕازێکی ڕاستەقینەی گفتوگۆکردنتان کەوتۆتە بەردەست کە ئەویش کەرکوکە**

**ئێوە دووچاری زەحمەت دەبنەوە لە فرۆشتنی نەوت. ئەگەر پشتیوانی تورکیاتان هەبێت، ئەوا دەکرێت هەر ئەمڕۆ و سەرلەبەیانی سبەینێ سەربەخۆیی ڕابگەیەنن**


بە سپۆنسەری گۆڤاری
گوڵان
گروپی دیبەیتی نیشتیمانی بۆ پرسی سەربەخۆ بوون هەڵدەستێت
سازدانی کۆنفرانسێك سەبارەت بە
کوردستان

## پرسی سەربەخۆبوون و گوتاری سیاسی کوردی

# کۆنفرانسێک بە هاوبەشیی گوڵان و گرووپی دیبەیتی نیشتمانی لە سلێمانی

**هۆتێل سلێمانی پالاس**



رۆژی شەممە رێکەوتی ٢١ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ لە هۆڵی سلێمانی پالاسی شاری سلێمانی کۆنفرانسی (پرسی سەربەخۆبوون لە گوتاری سیاسی کوردی دا) بە هاوبەشـــی گۆڤاری گـــوڵان و گرووپی دیبەیتی نیشتمانی بۆ پرسی سەربەخۆبوون بەڕێوەچوو.

لەم کۆنفرانسەدا کە ١٠سیمینار و کۆڕی لەخۆ گرت، تێیدا بابەتێکی وەها هەســـتیار و ناسکی وەك دەوڵەتی کوردســـتان یان دەوڵەتی کوردی وروژێنرا، هەنوکە هەن دەبنە لایەنگر و تێکۆشـــەر بۆ وەدیهاتنی ئەم خواست و مافە رەوایەی گەلی کوردســـتان، هەشن پێشبڕیاریان داوە و باس و خواســـێکی وایان بە ئاســـانی پێ قووت نەچێت، لە هەردوو بارەکەدا مەردم سەرپشـــك و ئازادن لەوەی چـــۆن بیر لە مافێکی رەوا خۆیـــان دەکەنەوەو چۆنیـــش بەرگـــری لە مافـــە رەواکانـــی میللەت و نەتەوەکەیان بکەن.

پرســـی ســـەربەخۆبوون دەبـــوو لـــە مێـــژەوە لەلایەن سیاسەتمەداران و رۆشنبیران خۆیانەوە زانستانە تاوتوێ بکرایە، چونکە شانازیبوونی لە رادەبەدەری تاکی کورد بە نەتەوەیی بوونی خۆیەوە وەهای کردووە هەمیشە کورد بە گشتی پرسی بە دەوڵەت بوون لایان ئەو خەونە دزراوە بێت کە لە دەســـت خاوەن هێزەکانی نەتەوەو دەوڵەتانەی دەوربەرەوە زەوت کراوە.

**• جیۆپۆلەتیك**

یەکەمین بابەتی کۆنفرانسەکە بریتی بوو لە خوێندنەوەیەکی زانستانە بۆ رەهەندەکانی جیۆپۆلەتیك لە پرسی سەربەخۆیی کوردستاندا کە لە لایەن د.فوئاد حەمە خورشید-ەوە پێشکەش کرا، بەڕێزیان راســـتیەکی نەشـــاراوەیان لە بـــارەی پێگەی جیۆگرافیای کوردســـتان خستە روو کە چەندە رەنگدانەوەی بەســـەر مێژووی نەتەوەی کوردەوە هەبووە، بە شێوەیەك باسی لێوە کرد کە هیچ نەتەوەیـــەك هێندەی کورد ئەم کارتێکردنە جیۆپۆلەتیکەی بەســـەرەوە نییە، هەر ئەمەشە وایکردووە بە بەردەوامی بکەوێتە بەر پەلامارو هێرش و تاڵان و بڕۆ لەلایەن ئیمپراتۆریەکان و دەوڵەتانی دەوروبەریانەوە، ئەمەش رێگر بووە لـــە بەردەم هەموو وەکیەکبوونی کـــورد و هۆکاریش بووە بۆ پارچە پارچەبوونی خاك و نیشـــتمانی کـــوردان، هەرچەندە ئەم فاکتەرە جیۆپۆلەتیکیە رێگر بووە لە بەردەم سەربەخۆیی و بـــە دەوڵەتبوونی کوردا، بەڵام بـــە درێژایی مێژووی کۆن و هاوچـــەرخ وەك لە بابەتەکەی دکتۆریشـــدا نموونەی زۆر هاتبۆوە لەســـەر ئەوەی کە هەرگیز دەســـت لـــە راپەڕین و شۆڕش هەڵایساندن هەڵنەگیراوە، دواتر لەلایەن ئامادەبووانەوە راو سەرنج و تێبینیەکی زۆر خرانە روو، بە گشتی جەختیان کردەوە لەسەر ئەوەی کە بە درێژایی مێژوو خەباتی کورد بۆ پاراســـتنی بوون و مانی خـــۆی و خاکەکەی لە زەوتکردنی بیانی و هەمیشـــە لە دوای هەلیشـــدا گەڕاون تا رۆڵێکی






میژوویی شایەن بە خۆیان بگێڕن.
ئەو بەڕێزانەی راو سەرنجەکانی خۆیان دەردەبڕی، بە گشتی وا دەردەکەوێت کە ئەم فاکتەری جیۆپۆلەتیکیە کوردستانی کردبێتە هەڵکەوتێکی جوگرافیایی پڕ بایەخ لە نێوان شارە گەورەکانی وەك بەغداو ئیستەنبوڵ و تاران و دیمەشق و ئەسفەهان و هەر لایەنێکیش بۆ گرتنی ئەم شارانە بەڕێکەوتبا دەبوو پێشتر کوردستان بگرێت یان هەر نەبێت پێیدا تێپەڕ بێت. ئەم بایەخەی جیۆگرافیای کوردستان وایکردووە زۆر پێکدادانی خوێناوی لەسەر ئەم زەوییە روو بدەن و هەمیشە خەڵکەکەشی تووشی چەرمەسەری ببنەوە..

**• کۆتایی سایکس پیکۆ**

سایکس پیکۆ ئەو برینەیە کە لە سەدەی پێشوودا کوردستان بە دەست کۆمەڵێك وڵاتی داگیرکارەوە تا ئەم ساڵانەی دواییش دەیچێژا، یان ئەو بەرزەوتکردن و خاپوور کردنەی خاك و نیشتمان و خەڵك و بەرهەمەکانی ژێرو سەر زەوی کوردان بووە، سایکس پیکۆ لە مێژووی هاوچەرخدا بە جارێك چارەنووسی گەلی کوردستانی بەرەو تاریکی پێچایەوە، بابەتەکەی مەشخەڵ کەولۆسی لە ژێر ناوونیشانی کۆتایی سایکس پیکۆ یەکێك بوو لەو بابەتانەی کە باسی لەو هەوڵانە دەکرد کە چۆن کورد رزگاریان دەبێت لەژێر چەترو سایەی ئەم رێکەوتننامە شوومەی سایکس پیکۆ، چونکە بە شێوەیەك بەندو خاڵەکانی داڕێژرابوونەوە کە بە هیچ جۆرێك کورد نەتوانێت هێزی ئەوە پەیدا بکەن لە بەرانبەر داگیرکەرانیاندا خۆڕابگرن، هەروەك چۆن پەیمانی زەهاو وەرچەرخانێکی پڕ مەترسی بوو بۆ دوو کەرت بوونی کوردستان، سایکس پیکۆش مەترسیدارتر بوو کە بووە هۆی ئەوەی سنوورێکی رەسمی لەناو جەرگەی خاکی کوردستان بۆ چوار بەش بکێشێت..

**• ساتەوەختی مێژوویی بۆ پرسی سەربەخۆیی**

ئەم ناوونیشانەی سەرەوەش بریتی بوو لە ناوونیشانی بابەتەکەی بەختیار ساڵح و تێیدا باسی لەو چرکەساتە مێژووییانە دەکرد کە نەتەوەکان دەتوانن دەرفەتی تێدا بڕەخسێنن تا بە ئازادییەوە نیشتمانی خۆیان بەڕێوەبەرن و بەرژەوەندی گەلی خۆیان رەچاو بکەن، باشترین بیرکردنەوەش لە رەخساندنی ئەو دەرفەتانە بریتین لەو ساتەوەختانەی کە کورد لە ناو خۆیاندا دوور بکەونەوە لەوەی بکرێنە ئامێر بە دەست هێزەکانی بیانی و دژەوە تا لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتی خۆیاندا سەربەخۆییان بەهێزتر بێت و نەبنە پاشکۆ بۆ بابی عالی هیچ وڵاتێکی داگیرکار، چونکە چەندە دەسەڵاتی ناوەندی لێیانەوە دوور بێت هێندە زیاتر دەستی بەسەریاندا ناشکێت و پرسی سەربەخۆیی رۆشنتر دەبێتەوە..

**• پرسی سەربەخۆیی لە پەیڕەوی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکانی کوردستاندا**

ئەم ناوونیشانەش تایبەت بوو بە توێژینەوە ئامارکاری و داتاییەکەی بەڕێز د.سەردار قادر، ئەم بابەتە رەخنەیەکی زانستانەی تێدا بوو بۆ هەموو ئەو پارتانەی باشووری کوردستان کە ئەگەرچی لە روانینی سیاسەتمەدارانیان و لە دیدی نووسەرانی مەزنی نەتەوەیی کوردەوە پرسی سەربەخۆیی بە راشکاوانە رەنگیدابێتەوە، بەڵام ئەم رەنگدانەوەیە لە ناو پەیڕەوی ناوخۆیی پارتەکاندا یان نییە یان زۆر بە کاڵی هەستی پێکراوە، هەموویان بە جەختەوە باسیان لە دۆزی رەوای کوردستان کردووە لە گۆڕەپانی تێکۆشان و خەباتیشدا تەرجەمەیان کردۆتەوە، بەڵام ئەم خەبات و قوربانیدانەیان لە پێڕەوی فەرمی حزبەکانیاندا و لەسەر کاغەز نادیترێت، ئەمەش ئێکجار نائاساییە لە کاتێکدا ئەو پارتانە بە دەیان هەزار شەهیدیان لا تۆمار کراوە کە لە پێناوی ئازادی خەڵك و رزگاری خاکەکەیاندا گیانیان بەخت کردووە کەچی لە ناو پێڕەو و پرۆگرامیاندا وشەی سەربەخۆیی فەرامۆش کرابێت..
ئەم کۆڕانە لەلایەن بەڕێز د.ئاکۆ شوانی بەڕێوەبران..

**• پرسی سەربەخۆیی لە گوتاری سیاسی پارتە کوردستانییەکاندا**

دواتر لە دانیشتنەکانی دوای نیوەڕۆدا سەرەتا بەڕێز ئازاد





جوندیانی بابەتێکی لەسەر پرسی سەربەخۆبوون لە گوتاری سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێشکەش کرد، کە بە تێکڕا چاوخشاندنەوەیەك بوو بۆ خەباتی ئەو حزبە لە ماوەی زیاتر لە چارەکە سەدەیەکی تەمەنیدا، هەر لە پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلولەوە تا ئێستا کە چۆن لە پێشڕەوێتی شکۆمەندانەدا بوون بۆ دەستەبەرکردنی مافی چارەی خۆنووسین کە بەوەش چەند لاپەڕەیەکی زێڕینیان بۆ مێژووی کوردستان تۆمار کردووە..

ئینجا بەڕێز هەڵۆ ئەحمەد کوردە بابەتێکی لەسەر پرسی سەربەخۆبوون لە گوتاری سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشکەش کرد تێیدا باسی لە بڕوابوونی پارتی دیموکراتی کوردستان بەو پرسە کرد هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئێستاش، هەروەها بڕوای تەواوی پارتەکەی خستە روو لە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بە پشتبەستن بە بڕیارەکانی کۆنگرەی سیڤەری ١٩١٠ کە زۆر بە راشکاوی دان بە مافی گەلی کورد دەنێت بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، دەوڵەتێك کە خاوەنی سروودی نیشتمانی و ئاڵای کوردستان بێت، هەردوو شۆڕشی ئەیلول و گوڵان و راپەڕین و دۆزی ئێستای کوردستانیش بەشێکی تری بابەتەکەی بەڕێزیان بوو، دواجار ئەوەشی روونکردەوە کە پارتی لەگەڵ چارەسەرێکی ئاشتیانەو عادیلانەی مافی رەوای کوردستانە بە گوێرەی رۆحی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان..


دواتر بەڕێز ئاکۆ حەمە غەریب وەك بەرپرسی ژووری توێژینەوەی بزووتنەوەی گۆڕان بابەتێکی لەسەر ئەم پرسە خستەڕوو کە تێیدا مەسەلەی حکومەتکردنی خستە بەر باس وەك پرەنسیپێکی بنەڕەتی کە پێداویستیەکی هەنووکەییە بۆ داهاتووی هەر فکرێکی بەدەوڵەتبوون، بە شێوەیەك دەسەڵات بتوانێت دادوەرێتی و بڕیاردانەکان و تیۆرەکان و هەڵسوکەوتی پارت و لایەنەکان و رێکخراوی جەماوەری رێنوێنی بکات بەپێی دەستوور و یاساگەلێك کە خواستەکانی خەڵکی تێدا فەرامۆش نەکرێت و هەمووان وەك یەك بتوانن دەستیان بە سەرچاوەکانی سامان و داهات بگات تا نزیکبوونەوە لە بیرۆکەی بە دەوڵەتبوون ببێتە خواستێکی سەلمێنراو بەڵگەنەویست..

ئینجا بەڕێز ئەبوبەکر عەلی ئەم پرسە گرنگەی سەربەخۆبوونی لە گوتاری سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیدا شرۆڤە کردەوە، بابەتەکەی بەڕێزیان زیاتر روونکردنەوە بوو لەسەر ئایین و بیروباوەڕی تاکەکان و تێگەیشتنیان بۆ سەربەخۆیی بوونی نەتەوەو هەست بە بەرپرسیاریتی کردنی خەڵکی و بایەخە فەرهەنگیەکانی ئەم پرسەی بۆ رەوایەدان بە دەوڵەتبوونی کوردستان خستە روو.. ئەم چوار کۆڕەی کە گوزارشتیان لە رای پارتە سیاسییەکان کرد لە لایەن د.سەردار قادر بەڕێوە دەبران..

**• پرۆژەی سەربەخۆبوون لای مامۆستا عەلی باپیر**

لە دوایەمین بابەتدا کۆڕێك بۆ مامۆستا عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی تەرخان کرا بە رەوایەتی بوونی دۆزی کوردستان لە بانگهێشت کردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و مافی سەربەخۆبوون لە رووی شەرع و ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) شرۆڤە کردو ئاواتیشی خواست کە بۆ بەدیهاتنی ئەم مافە رەوایە یەکریزی و یەك هەڵوێستی ناو ماڵی کورد بکرێتە هێزی گەیشتن نەك پشت بەستن بە هێزی نادیار و بیانی بەستن، هەروەها تیشکی خستە سەر ئەو بڕوایەی کە هەر پێشمەرگەیەك لە پێناوی پاراستنی خاك و نیشتمانی خۆیدا گیانی بەخت بکات، پلەیەکی بەرزی شەهادەتی بە نسیب دەبێت. ئەم کۆڕەش لە لایەن بەڕێز ماجید نووری بەڕێوەبرا..

دوا وتەش خوێندنەوەی بەلاغی کۆتایی کۆنفرانسەکە بوو لەلایەن بەڕێز د.سەردار قادر محێدین، کە تێیدا ئاماژە درا بە هەموو بابەتەکانی کۆنفرانس کە پێکەوە هاوکوف و هاوڕاییەك هەبوو بۆ ئەم پرسە هەنووکەییە گرنگەی سەربەخۆیی کوردستان.



بنیادنانی ژێرخانی ئابووریی هەر وڵاتێك پێویستی بە گرتنەبەری سیاسەتێکی تۆکمەی ئابووری هەیە، سەرچاوەی داراییش بنچینەی ئەم سیاسەتە پێك دەهێنێت، هەرێمی کوردستانی عێراقیش بەهۆی سیاسەتی چەوتی حکومەتی ناوەند لە بڕینی بەشە بودجەو مووچەی فەرمانبەرانی حکومەتەوە دووچاری قەیرانی ئابووری بۆتەوە، بەڵام بە لێهاتوویی و دانایی سەرکردایەتی سیاسیی هەرێم لە یەکەم هەنگاوناندا و بێ گەڕانەوە بۆ ناوەند هەنگاوی بەرەو فرۆشتنی نەوت هەڵهێنا، بەڵام پێویستە ئەم داهاتە بەشێکی زۆری بۆ بووژاندنەوەی ژێرخانی کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و خزمەتگوزاریی گشتی تەرخان بکرێت، لەم دیمانەیەدا دکتۆر لەتیف کەریم واحد مامۆستای پێشووی ئابووری لە زانکۆی وێستمنستەری لەندەن و قوتابخانەی زانستەکانی ڕۆژهەڵات و ئەفریکا لە هەمان زانکۆ و زانکۆی شاری هۆنگ کۆنگ، ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەم پرسە گرنگەو ئاماژەش بە لایەنی پۆزەتیڤانەو نێگەتیڤانەی بەکارهێنانی دراوی خۆماڵی یان بیانی دەکات لە رووی ئابوورییەوە، ئەمەو چەندین پرسیاری دیکەش ناوەڕۆکی دیمانەی گۆڤاری گوڵان بوو لەگەڵ دکتۆر لەتیف کە بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە.

## دکتۆر لەتیف کەریم واحد

مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی ئابووری بۆ گوڵان:

# دراوی خۆیی نابێ پابەند بێت بە سەربەخۆییەوە، سکۆتلەندا دەوڵەتیش نییە و دراوی خۆی هەیە

*** بەڕێزتان وەك پسپۆڕێك لە بواری ئابووریی سیاسی، ئاگادارن كە لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٤ تووشی قەیرانێكی ئابووری بووینەوە، هۆكاری ئەم قەیرانەش ئەوەبوو كە حكومەتی ناوەندی مووچە و بودجەی كوردستانی بڕی، لەم حاڵەتەدا بارودۆخی كۆنترۆڵكردنی موسڵ و شكستی سوپای عێراقی بەسەرداهات، بەمەش بارودۆخێكی وا هاتە پێشەوە كە چیتر ئەم كێشەیە لەگەڵ بەغدا چارەسەر نابێت، ئایا لەم قۆناخەدا چی پێویستە بیكەین بۆ ئەوەی ژێرخانێكی پتەوی ئابووری بنیاد بنێین و ئەم قەیرانە كۆتایی بێت؟**

- بنیادنانی ژێرخانی ئابووری كارێكی درێژخایەنەو پێویستی بە پلانی زانستیانە هەیە. لە پێش هەموو شتێكەوە پێداویستیی سەرەكی بۆ ئەو بنیادنانە سەرچاوەی داراییە كە هەرێمی كوردستان بەهۆی ئەو بارودۆخەی ئێستا تێی كەوتووە تێیدا دەوڵەمەند نییە. بەداخەوە، هەرێمی كوردستان وەك بەشێك لە وڵاتی عێراق لە رووی نێودەوڵەتییەوە تا ئێستا ئازاد نەبووە نەوتی خۆی بفرۆشێت. بەڵام ئەم قەیرانەی ئێستا <بەناچاری> ئەو دەرفەتەی رەخساندووە كە كوردستان بەبێ رەزامەندیی حكومەتی عێراقیش نەوتی خۆی هەناردەی بازاڕەكانی جیهان بكات. بێگومان داهاتی نەوت و گاز یەك سەرچاوەیەو سەرچاوەیەكی زۆر باش نییە بۆ گەشەكردنی ئابووری لە رووی زانستیی ئابوورییەوە. بۆیە حكومەتی كوردستان بۆ فرە سەرچاوەكردنی داهاتەكانی پێویستە بایەخی گرنگ بدات بە سەرچاوەكانی دیكەی ئابووری، لەوانەش، كەرتی خزمەتگوزاری و كەرتی بانكی و كەرتی كشتوكاڵ و پیشەسازی. هەریەك لەو كەرتانەش تایبەتمەندیی خۆیان هەیەو هەروا بەئاسان و بە پەلە نایەنە دەستەوە كە بەكەڵكی قەیرانی هەنووكە بێن. لایەنێكی دیكەی سەرچاوەی دارایی بۆ حكومەت باجی داهاتە كە ئێستا لە ئابووریی كوردستاندا سەنگێكی ئەوتۆی نییە. پێویستە حكومەتی كوردستان ئەو سەرچاوەیە كارا بكاتەوەو لە رووی كۆمەڵایەتییەوە بە تایبەتی لە روانگەی سیستەمی دیموكراسی و هاووڵاتی بوونەوە رێوشوێنی بۆ خۆشبكات. جگە لە مانەش بەڕای من، كەرتی خزمەتگوزاری و كەرتی بانكی دوو كەرتی هەرە گرنگی ئابوورین كە خێراتر سوودەكانیان دەبەخشن و لە هەل و مەرجی ئێستای كوردستاندا توانای كاریگەریان هەیە لە بووژاندنەوەی ئابووریدا. ئەو دوو كەرتە لە داهاتوویشدا دەبنە پاڵپشت و كۆمەكی زۆر بۆ كەرتەكانی دیكەی ئابووری. بۆیە پێویستە بایەخی خۆیانیان پێبدرێت و لە رووی یاساییەوە لە كۆت و بەربەستی ئایینی و داب و نەریت ئازاد بكرێن. لە رووی سەرچاوەی مرۆییەوە، ئابووریەكی سەردەم و پێشكەوتوو دانەمەزێت بەبێ سیستەمێكی پەروەردەو خوێندنێكی باڵای پێشكەوتوو. بەداخەوە خوێندنی باڵای ئێستای كوردستان لە ئاستێكی بەزەیی پێداهاتنەوە دایە كە وەڵامی داخوازیەكانی هەنووكەیی پێشكەوتنی ئابووری ناداتەوە. پێویستە گۆڕانی بنەڕەتی لە خوێندنی باڵادا بكرێت و ئەوەش خۆی لەخۆیدا كارێكی ئاسان و هەرزان نییە. بەكورتی، بنیادنانی ژێرخانێكی پتەو بۆ كوردستان پێویستی بە پلانی درێژخایەن هەیە، هەروا لە وەڵامی قەیرانێكی كتوپڕیدا دانامەزرێت.

*** دیارە بەهۆی نەناردنی بودجە لە بەغداوە، رۆژ لەدوای رۆژ بڕی سیولەی دراوی عێراقی لەكوردستان كەم دەبێتەوە، بۆیە لەم حاڵەتە دەبێت بیر لە دراوی ئەلتەرناتیڤ بكرێتەوە، هەندێك ئاماژە بەوە دەكەن، دەكرێت دۆلار لەبری دیناری عێراقی بكرێتەوە و لە بازاڕەكانی كوردستان دۆلار بەكار بهێنرێت، بەڵام هەندێكی دیكە ئاماژە بەوە دەكەن، گرنگە ئامادەباشی بۆ چاپكردنی دراوێكی تایبەت بە كوردستان بكرێتەوە، ئایا تاچەند داهاتی فرۆشتنی نەوتی كوردستان دەبێتە ژێرخانێك بۆ چاپكردنی دراوی كوردستانی؟**

- هەردوو هەڵبژاردنەكان باشی و خراپی خۆیان هەیە و پێویستیان بە روونكردنەوە هەیە پێش ئەوەی بڕیاریان لەسەر بدرێت. خۆ بەستن بە دراوی وڵاتێكی بیانییەوە دیاردەیەكی نوێ نییەو پێشینەو ئەزموونی لە وڵاتانی دیكەی جیهاندا هەیە. لایەنی باشی خۆبەستنەوە بە دۆلاری ئەمریكییەوە ئەوەیە كە سیاسەتمەدارانی ناوخۆ ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان دۆلار چاپ بكەن هەركاتێك ئارەزوو و بەرژەوەندیی سیاسیان پێویستی كرد. ئەمەش دەبێتە هۆی نزمبوونی رێژەی هەڵئاوسان لە ئابووریدا كە خۆی لە خۆیدا سوودێكی زۆری هەیە بۆ سەقامگیریی پلانی ئابووری و وەبەرهێنان و متمانەی خەڵكی بە باری ئابووریی وڵات. لایەنە خراپەكەی ئەوەیە، كە لەڕووی دیموكراسییەوە و سەروەریی وڵاتەوە، حكومەت دەسەڵاتی بەسەر چەكێكی گرنگی ئابووریدا نییەو بە ئاسانی خۆی خستووەتە ژێر ركێفی وڵاتێكی بێگانەوە. لێرەشدا، سیاسەتە داراییەكانی ئەمریكا بە باش و بە خراپەوە كارتێكەریان لە سەر ئابووری ناوخۆدا دەبێت. بۆ نموونە، گەر ئەمریكا بڕیار بدات رێژەی سوود لەسەر دۆلار (Interest rate) كەمبكاتەوە بۆ ئەوەی دۆلار هەرزان بكات و برەو بدات بە هەناردنەكانی خۆی، لە كوردستانیشدا، گەر دۆلار دراو بێت، رێژەی هەڵئاوسان لەوانەیە بەرزببێتەوە كە خۆی لە خۆیدا زیانبەخشە. كەمبوونی دۆلاریش لە بازاڕدا لە ئاستی شلەیی كەمدەكاتەوەو دەبێتە رێگر لەڕێی وەبەرهێنان و بازرگانیدا. بۆیە، هەر بڕیارێكی ئەمریكی لە رووی دراوەو كاری ئەرێنی و نەرێنی لە سەر ئابووری كوردستان دەبێت.

هەبوونی دراوی خۆیی نابێ پابەند بێت بە سەربەخۆیی كوردستانەوە. بۆ نموونە سكۆتلەندا هێشتا لە بەریتانیا سەربەخۆ نییەو دراوی خۆی هەیە كە بەستراوە بە پاوەندی بەریتانیاییەوە. هەبوونی دراوێكی تایبەت بە كوردستان باشیی سیاسی و ئابووری و كەموكوڕی خۆیشی هەیە. لایەنە باشەكانی دراوی خۆیی ئەوەیە كە سیاسەتمەداران دەسەڵاتیان هەیە بەسەر سیاسەتی دراوی وڵاتدا و دەتوانن وەك چەكێكی ئابووری لە كاتی پێویستدا بە كاری بهێنن بۆ بووژاندنەوەی ئابووری. لە رووی سەروەرییەوە، دراوی خۆیی هەستی نەتەوەیی دەبەخشێت و چیدی كوردستان لە رووی

**كەرتی خزمەتگوزاری و كەرتی بانكی دوو كەرتی هەرە گرنگی ئابوورین كە خێراتر سوودەكانیان دەبەخشن و لە هەل و مەرجی ئێستای كوردستاندا توانای كاریگەریان هەیە لە بووژاندنەوەی ئابووریدا**

**بەداخەوە خوێندنی باڵای ئێستای كوردستان لە ئاستێكی بەزەیی پێداهاتنەوە دایە كە وەڵامی داخوازیەكانی هەنووكەیی پێشكەوتنی ئابووری ناداتەوە**

**بنیادنانی ژێرخانێكی پتەو بۆ كوردستان پێویستی بە پلانی درێژخایەن هەیە، هەروا لە وەڵامی قەیرانێكی كتوپڕیدا دانامەزرێت**





**باشیی سیاسی و ئابووری و کەموکوڕی خۆیشی هەیە. لایەنە باشەکانی دراوی خۆیی ئەوەیە کە سیاسەتمەداران دەسەڵاتیان هەیە بەسەر سیاسەتی دراوی وڵاتدا و دەتوانن وەک چەکێکی ئابووری لە کاتی پێویستدا بە کاری بهێنن بۆ بووژاندنەوەی ئابووری**

داراییەوە پابەند نابێت بە سیاسەتی دراوی عێراقەوە و لە ژێر بەزەیی سیاسەتمەدارانی وڵاتانی دیکەدا نابێت. خراپیی هەبوونی دراوی خۆیی وەك هەر دراوێکی دیکەیە لە جیهاندا کە تێچووی گۆڕینەوەیەتی بە دراوەکانی دیکەو چاپکردن و بەردەوام کردنێتی. لەڕاستیدا، ئەزموونی کوردستان لە گەڵ رژیمە یەك لەدوای یەکەکانی بەغدا ئەوە نیشاندەدات کە ئابووری کوردستان لە هەردوو دراوی عێراقی (دیناری سەردەمی بەعس و دیناری سەردەمی شیعە) زەرەرمەند بووە و ئێستاش پشکی کوردستان لە داهاتی نەوتی عێراقدا کراوەتە چەك بۆ خنکاندنی ئابووریی کوردستان چونکە کوردستان ناتوانێت ئەو دراوە چاپ بکات.

لە وەڵامی ئەوەی کە ئایە داهاتی نەوتی کوردستان دەبێتە پاڵپشتێکی باوەڕپێکراو بۆ چاپکردن و سەقامگیریی بەهای دراوی خۆیی کوردستان، دەبێت ئەوە بگوترێت کە سەقامگیریی بەهای دراو بە شێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ زرنگی و دروستیی سیاسەتی دارایی و دراویی وڵات. بێگومان لە وڵاتێکدا کە نەوت سەرچاوەی سەرەکیی داهات بێت، نرخ و بڕی هەناردەی نەوت کاریگەریی راستەوخۆی دەبێت لە سەر بەرزی و نزمیی نرخی دراوی وڵاتەکە. بەڵام دەبێ ئەوەش لە یادنەکرێت کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، کەرتی خزمەتگوزاری بەتایبەت گەشت و گوزار بووەتە کەرتێکی زیندوو لە ئابووریی کوردستاندا. ئەوەش کاری گرنگ دەکاتە سەر سەقامگیری و هێڵانەوەی بەهای دراوەکە. بە کورتی، شیکردنەوەی ئابووری ئەوە نیشاندەدات کە هەبوونی دراوێکی خۆیی بە کوردستان سوودی زیاتری دەبێت لە زیان، بەڵام پێویستە بە زرنگانە کاری پێبکرێت و بەڕێوەببرێت. لە هەمان کاتدا، دەبێت داهاتی نەوت بەکار بهێنرێت بۆ پاراستن و پشتیوانی کردن لەو دراوە بە شێوەیەك کە بانکی ناوەندیی کوردستان هەموو کات هێندە یەدەکی پارەی بیانی هەبێت کە بتوانێت بەرگری لە دراوەکە بکات گەر وڵاتانی نەیار بیانەوێت شکستی پێ بهێنن.

*** بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی کەرکوکی کرد، هەروەها بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بە یاوەری د.نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکوك لە سەردانی ئەنقەرەدان، ئەم دوو رووداوە ئاماژەن بۆ گۆڕانکاری تازە، سەبارەت بە یەکەمیان سەردانی سەرۆکی هەرێم ئاماژەیە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پێشمەرگە لەکەرکوك ناکشێتەوە، ئەمەش واتە کەرکوك دەبێتەوە بە بەشێك لە هەرێمی کوردستان، ئەوەی دووهەمیشیان کە سەردانی پارێزگاری کەرکوکە بە یاوەریی بەرێز نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەنقەرا، واتە نەوتی کەرکوك لەمەودوا بە بۆرییە نەوتیەکانی کوردستان هەناردەی دەرەوە دەکرێت، پرسیاری من ئەوەیە ئایا بەڕێزت وەك شارەزایەکی ئابووری و سیاسیی چۆن ئەم واقیعە دەخوێنیتەوە؟**




- وەك ئاشکرایە، بەداخەوە زۆربەی رووداوەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کوردستانیش دەگرێتەوە بە رێکەوت دێنە کایەوە و کەم جار بەپێی پلانێکی داڕێژراوو وردبین دەبن. ئەم رووداوانەی ئێستای عێراقیش دەچنە هەمان ریزبەندییەوە. ئەوەی گرنگە بگوترێت لێرەدا ئەوەیە بە پێچەوانەی ئەو رووداوانەوە سیاسەتی گەشەپێدانی کەرتی نەوت لە کوردستاندا سیاسەتێکی دووربینانە بووە خۆشبەختانە رووداوەکانی نوێی ئەم دواییە دەشێت ئەو ستراتیژیەتە بەهێز بکەن. بۆ نموونە، حکومەتی عێراق بەشە بودجەی لە کوردستان بڕیوە و کوردستان ناچارە نەوتی خۆی بفرۆشێت بۆ دابینکردنی بژێوی خەڵکی کوردستان. ئەمەش رەوایی دەبەخشێت بە سیاسەتێك کە حکومەتی بەغدا بە نایاسایی لە قەڵەمی دەدا. بەبێ گەشەپێدان و پەرەپێدانی کەرتی نەوت و بەبێ هەبوونی بۆریەکی نەوت کە نەوتی کوردستان ببەستێتەوە بە بازاڕی جیهانەوە ئەم مەبەستە بەدی نەدەهات. بۆیە لە ئێستادا سیاسەتی نەوتی حکومەتی کوردستان وەڵامی قەیرانێکی نادیار و چاوەڕواننەکراوی داوەتەوە. لەهەمان کاتدا، رووداوەکانی ئەم دواییەی عێراق رێگەیان خۆشکرد بۆ گێڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم. ئەمەش بەڕێکەوت هاتە کایەوە و بواری بۆ حکومەتی کوردستان رەخساند کە ئەو ناوچانە بگەڕێنێتەوە بۆ سەر کوردستان. سوود وەرگرتن لەم قەیرانە لە بواری نەوتی کەرکوکەوە نەدەهاتە دی گەر حکومەتی کوردستان سیاسەتێکی ژیرانە و دووربینانەی نەبوایە لە بواری نەوت و گازدا. ئێشتاش فرۆشتنی نەوتی کەرکوك دەچێتە چوارچێوەی هەمان شیکردنەوەوە. کوردستان دەبێت نەوتی کەرکوك بفرۆشێت بۆ دابینکردنی بژێوی دانیشتوانی ئەو ناوچە تازانەی ئێستا لەژێر دەستی کوردستاندان و ئەمەش پرسێکی رەوایە سەرەڕای ناڕەزایی لایەنە عێراقییەکان. بە کورتی، حکومەتی کورستان دەبێت ئەو ناوچانە وەك هەلی رەخساوی نەوتی سەیر نەکات و بایەخی زۆر بدات بە بوژانەوەو سەقامگیریان. بۆ ئەو مەبەستەش گەر فرۆشتنی نەوتی کەرکوك پێویست بێت نابێت سڵی لێ بکرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە، گەڕانەوەی کەرکوك بۆ کوردستان یەدەگی نەوتی کوردستان بەڕێژەیەکی بەرچاو بەرزدەکاتەوە و پێگەی کوردستان لە بازاڕی وزەی جیهاندا بەهێزتر دەکات. ئەمەش هەلێکی مێژووییە و پێویست دەکات بە هەستیارانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

*** بەڕێزت ئاگاداری هەرێمی کوردستانن کە بۆ بەردەوامی ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدان، پێویستی بە داهاتێکی زۆر هەیە، ئەمە بێجگە لەوەی لەم قۆناخەدا ناوچە دابڕاوە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمیش بە ئەمری واقیع بوونەوە بەبەشێك لە هەرێم، واتە دەبێت هەرێم بودجەو مووچەیان بۆ دابین بکات، بۆ ئەمەش هەموو چاومان لە سیاسەتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانە، ئایا تۆ چۆن سەیری سیاسەتی نەوت و گازی هەرێم دەکەیت و پێویستە لە قۆناخی داهاتوودا چۆن ئەم سیاسەتە پەرەی پێبدرێت؟**




**لەڕاستیدا، ئەزموونی کوردستان لەگەڵ ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی بەغدا ئەوە نیشاندەدات کە ئابووری کوردستان لە هەردوو دراوی عێراقی (دیناری سەردەمی بەعس و دیناری سەردەمی شیعە) زەرەرمەند بووە و ئێستاش پشکی کوردستان لە داهاتی نەوتی عێراقدا کراوەتە چەک بۆ خنکاندنی ئابووری کوردستان چونکە کوردستان ناتوانێت ئەو دراوە چاپ بکات**

- لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشوودا زرنگی سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێمم خستە ڕوو. لێرەدا پێویستە ئەوە بگوترێت کە شێوەی بەکارهێنانی داهاتی نەوت جیاوازە لە سیاسەتی گەشەپێدانی کەرتی نەوت. ڕەنگە سیاسەتی گەشەپێدانەکە سیاسەتێکی دروست بێت، بەڵام شێوەی بەکارهێنانی داهاتی کەرتەکە زیانبەخش بێت. بەداخەوە هێشتا کوردستان لە قۆناغی قەیران و گواستنەوەدایە، بۆیە دەبێت داهاتی نەوت بۆ سەقامگیری باری کوردستان بەکار بهێنرێت و ڕێخۆشکەربێت بۆ سەربەخۆیی کوردستان. لە قۆناغی داهاتوودا، سیاسەتی ئابووریی کوردستان نابێت تەنیا پشت ببەستێت بە داهاتی نەوت و گاز. بۆیە، حکومەتی کوردستان دەبێت هەر لە ئێستاوە بیر لە فرە سەرچاوەکردنی داهات بکاتەوەو هەوڵبدات زیانە لاوەکییە ئابوورییەکانی داهاتی نەوت کەمبکاتەوە. ئەمەش جارێکی دی پێویستی بە پلانی دووربینی هەیە کە زۆربەی وڵاتانی پشتبەست بە داهاتی نەوت تێیدا سەرکەوتوو نەبوون.

*** تاچەند ژێرخانێکی ئابووریی پتەو زامنە بۆ بڕیاری سەربەخۆیی کوردستان، بەڕێزت بۆ ئێستا چۆن ئەو ژێرخانە هەڵدەسەنگێنیت؟ ئایا لە ئێستاوە پێویستە چی بکەین بۆ ئەوەی ژێرخانی ئابووریی سەربەخۆی کوردستانی لەسەر ڕابوەستێت؟**

- هەڵەیەکی باو هەیە لە کوردستاندا کە گوایە دەبێت لە ڕووی ئابوورییەوە ئامادەیی تەواو هەبێت بۆ سەربەخۆیی پێش ڕاگەیاندنی. هەڵەکەش لەوەدایە کە زۆربەی خەڵکی پێینازانن کە هیچ وڵاتێکی جیهان سەربەخۆیی ئابووری نییە لە وڵاتانی تر. لە لایەکی دیکەوە، پێویستە خەڵك ئەوە بزانن کە سەربەخۆیی کوردستان پرسێکی سیاسییە نەك ئابووری. بۆ نموونە، گەر کوردستان بەربەستی سیاسی لەلایەن وڵاتانی دراوسێ و زلهێزەکانەوە نەبێت لە ڕووی ئابوورییەوە هیچی کەمتر نییە لە وڵاتانی دیکە کە سەربەخۆییان بەدەستهێناوە. بە پێچەوانەی زۆربەیانەوە، لە ڕووی ئابوورییەوە کوردستان پێگەیەکی زۆر بە هێزی هەیە بۆ بنیادنانی ئابوورییەکی پتەو و سەقامگیر بەتایبەت هەبوونی سەرچاوەیەکی بەهێزی دارایی وەك نەوت و گاز. شێوەی بەکارهێنانی ئەو داهاتەش پابەندە بە سیاسەتی ئابووریی داهاتووەوە. بێگومان ژێرخانی ئابووریی کوردستان لە باری ئێستادا لاوازە لە هەردوو ڕووی سەرمایەی مرۆیی و شمەکەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئەم ژێرخانە چاك ناکرێت و پەرەی پێنادرێت. بەڕای من، باشترین سیاسەتێك بۆ سەرکەوتنی ئابوورییەکی سەقامگیر لە کوردستانێکی سەربەخۆدا ئەو سیاسەتەیە کە هەوڵی پەرەپێدانی سەرمایەی مرۆیی دەدات لە ڕێگەی گەشەپێدان و چاکسازی پەروەردە و خوێندنی باڵاوە فرە سەرچاوەکردنی داهاتی نەتەوەیی، دوور لە داهاتی نەوت، دەکات بە ئامانجی سەرەکیی سیاسەتی ئابووری خۆی.





# ئابووریی سەربەخۆ

## سیاسەتی دراوی و دارایی سەربەخۆیشی گەرەکە

ئابووریی سەربەخۆ، سیاسەتی دراوی و دارایی سەربەخۆیشی گەرەکەو تا ئابووریی کوردســـتان نەکەوێتە بن تەقڵ و شەقڵی عێراق و هەلومەرجی ناجێگیریی ئەو وڵاتە و خۆمان لە ئاسەوارە نەگتیڤەکانی ئەو دەوڵەتە فاشیلە بپارێزین.

بۆ ماوەی ١٣ ساڵ لە ناوەخۆی کوردستاندا، پارەی ئەسڵی (چاپی سویسری-هەڵبەت عێراقی) بەکار دەهات. لەراستیدا ئەو پارەیە ببووە دراوێکی کوردستانی، لە عێراقدا نەدەڕۆیی. لەکاتێکدا لە ناوچەکانی ژێر دەســەڵاتی حکومەتی بەغدای ئەودەمە، پارەی «وەك دەگوترا ئیستینســاخ» بەکاردەهات کە لە رووی بەهاوە هەمان بەهای ئەوەی کوردســـتانی نەبوو...دیارە لەتەك پارەی ئەســڵیدا، دۆلاریش بەکاردەهات... هەموو خەڵکی کوردســتان لــە بیریانە، لە ســەرەتای نۆهەتەکاندا، ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی دەوروبەری ٨٠٠٠ دیناری ئەســڵی بوو، بەڵام لە ســەروبەندی رووخانی رژێمی سەدامدا، ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی هاتە سەر ٣٠٠- ٤٠٠ دیناری ئەسڵی. بەو مانایە، ئابووریی کوردستان و دراوەکەی هاتبۆوە سەرخۆ...ئەوە لەکاتێکدا ئابووریی عێراق دارمابوو...



ئاسۆ کەریم
بۆ گوڵان نووسیویەتی

لە ڕاپەڕینەوە تا ٢٠١٤/٦/٩، ئەوە سێ جارە (١٩٩١/٣/٥-١٩٩١/٣/٢١، لە ٢٠٠٣/٤/٩، ٢٠١٤/٦/٩) بۆ نزیکەی تەواوی باشووری کوردستان هەڵدەکەوێ کە ببتەوە یەك. جاری یەکەم لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١دا کورد نزیکەی تەواوی ناوچەکانی خۆی گرتەوە و داگیرکەری لێ وەدەرنا، بەڵام پێی نەکرا پارێزگارییان لێ بکات، لێ لە بەشێکی هەرێمەکەی لە سایەی پرۆسەی «نەوای ئارام-Provide Comfort»دا تا ٢٠٠٣/٤/٩ چاك یان خراپ خۆی بەڕێوەبرد. قەوارەکەی ستاتۆیەکی دیفاکتۆی وەرگرت و بەکردەوە و بە کورتی قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆ بوو. لەلایەن هەندێ لە وڵاتان و ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان و تەنانەت UNیشەوە مامەڵەی لەتەکدا دەکرا. بەڵگەش بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە، ١٣٪ی داهاتی بڕیاری «نەوت بە خۆراك» بە هەرێمی کوردستان دەدراو تا ڕادەیەك کوردستانی پێ بوژایەوە. ئەوە سەرباری داهاتی خاڵەکانی گومرگ کە حکومەت ئیدارەی خەڵکی کوردستانی پێ هەڵدەسوڕاند. وێڕای هەموو گرفت و کێشەو ئاستەنگێکی نێوخۆ و دەرەکی، وێڕای هەموو کەموکورتی و ناگزورییەك، دەرکەوت (بۆ خۆشمان و بۆ غەیرە خۆشمان) کە حوکمڕانیی خۆ بەخۆی کورد، لە هەموو بوارەکاندا سەد قات لە حوکمڕانیی بێگانە باشترەو نموونەیەکی دیکەی حوکمڕانییە لە ناوچەکەدا. وەك دەزانرێ بۆ ماوەی ١٣ ساڵ لە ناوەخۆی کوردستاندا، پارەی ئەسڵی (چاپی سویسری-هەڵبەت عێراقی) بەکار دەهات. لەڕاستیدا ئەو پارەیە ببووە دراوێکی کوردستانی، لە عێراقدا نەدەڕۆیی. لەکاتێکدا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەغدای ئەودەمە، پارەی «وەك دەگوترا ئیستینساخ» بەکاردەهات کە لە ڕووی بەهاوە هەمان بەهای ئەوەی کوردستانی نەبوو...دیارە لەتەك پارەی ئەسڵیدا، دۆلاریش بەکاردەهات...هەموو خەڵکی کوردستان لە بیریانە، لە سەرەتای نۆهەتەکاندا، ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی دەوروبەری ٨٠٠٠ دیناری ئەسڵی بوو، بەڵام لە سەروبەندی ڕووخانی ڕژێمی سەدامدا، ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی هاتە سەر ٣٠٠- ٤٠٠ دیناری ئەسڵی. بەو مانایە، ئابووریی کوردستان و دراوەکەی هاتبۆوە سەرخۆ...ئەوە لەکاتێکدا ئابووریی عێراق داڕمابوو...

لە دوای ٢٠٠٣/٤/٩ـەوە، دیسان تەواوی ئەو ناوچانەی کە لە ڕووی جیوگرافی و مێژووییەوە بە بەشێکی کوردستان حسێب دەکران، (بەدرەو جەسانی لێ دەرچێ) کەوتنەوە بندەستی کورد خۆی. لەو دەمەوە تا ٢٠١٤/٦/٩ بەکردەوە حوکمڕانیی خۆجێی ئەو ناوچانە لەلایەن نوێنەرانی کوردەوە بەڕێوەبراوەو دەبرێ (لە بەڕێوەبەری ناحیەو قایمقامەوە بگرە تا پارێزگاری کەرکوك) و لە ڕووی پاراستنیشەوە، ئەرکەکە زێتر بە ئەستۆی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگەوە بووە. دیارە بەدەستی خۆمان ئەو ناوچانەمان کردە ناوچەی کێشە لەسەر و بۆ چارەسەرکردنیان بە قانوونی ئیداری دەوڵەت بۆ ماوەی ڕاگواستنەوە (ماددەی ٥٣ و ماددەی ٥٨) و بە دەستووری عێراق (ماددەی ١٤٠)مان سپاردن.. لەو ١١ ساڵ و دوو مانگەدا، جۆرێ لە «ئیزدواجیەت» لە بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەدا هەبووە. بۆ نموونە بودجەیان یان ئەوەتا لەلایەن بەغداوە بۆ نێردراوە وەك (کەرکوك) یان لەلایەن پارێزگاکانی (موسڵ و صەلاحەددین و دیالە)وە بە کورتی لە ڕووی ئیدارییەوە مەرجەعیان بەغدا بووە. ڕاستە کەم و زۆر لەلایەن هەرێمی کوردستانیشەوە باروبوو کراون و ساڵانە لەناو بوجەی هەرێمی کوردستاندا پشکیان هەبووە. بۆیە وەك سەرنج دەدرێ لە ڕووی بەخۆداهاتن و کەوتنەوە سەرپێ لە ناوچەکانی دیکەی عێراق باشتر بوون، بەڵام لە خوار ناوچەکانی هەرێمەوەن. لە ڕووی ئەمن و ئەمانەتەوە بە بەراورد بە باقی ناوچەکانی دیکەی عێراق کەمتر کاری تیرۆریستیان تێدا ئەنجامدراوە، هەڵبەت (دوز و جەلەولاو سەعدیە)ی لێ دەرچێ. کێشەکانی ئەو ناوچانە لە ڕرووی ئەمنییەوە دوو سەرە بووە: لەلایەکەوە دەبوایە بەرەنگاری کاری گرووپە تیرۆریستەکانی (ئەنساری ئیسلام، ئەنساری سوننە، نەقشبەندی، داعش و...) بکرێ و لەلایەکی دیکەشەوە لەڕاست هێزەکانی عێراق (بە جەیش و پۆلیسی ئیتیحادی) دەستت لەسەر دڵ بێ و هەمیشە کێشەو بێشە لەنێوان هەردوو لادا هەبووە.. لە دوای ٢٠٠٣/٤/٩وە، لە هەرێمی کوردستان و تەواوی عێراقدا، دراو بۆوە یەك (دیناری ئەسڵی و چاپکراو و کۆپی) نەماو پۆل بریمەر یەکی خستەوە. کوردستان لەو یەکخستنەوەیەدا، زیانی پێکەوت...خەڵکێك کە (٢٥) دیناری ئەسڵییان هەبوو، بۆیان نەگۆڕدرایەوە...ئاخر سیاسەتی دارایی و سیاسەتی دراو و بانکی ناوەندی بەپێی دەستوور لەناو دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی ئیتیحادی دا بوون و پرس و ڕایەکی ئەوتۆ بە کوردستان نەکراوە.

کورد لە ماوەی ١١ ساڵ و دوو مانگدا (٢٠٠٣/٤/٩-٢٠١٤/٦/٩) چی لە مانەوە لەناو عێراقدا دەستکەوت؟

لە ناو دەستووری عێراقدا، دان بە هەرێمەکەی و دەسەڵاتە گشتییەکانی نرا و ستاتۆی ناوچەکەی، بووە ستاتۆیەکی سیاسیی قانوونی دانپیانراو وەك هەرێمێکی فیدراڵی. بەو مانایەی کە دەوڵەتی عێراق، لە دەوڵەتێکی سانتراڵیستی یونیتەرییەوە Unitary بووە دەوڵەتێکی ئاوێتەی ئیتیحادی، ڕاستە سنووری ئەو یەکە فیدراڵییە دیاری نەکراوە، لەبەر بوونی هەندێ ناوچەی کێشە لەسەر، بەڵام بۆخۆی ئەوە دەسەلمێنێ کە کورد نیشتمانێکی هەیەو دەکارێ لە هەر هەلومەرجێکی لەباردا لەسەر ئەو خاکەی خۆی دەوڵەت دابمەزرێنێ وەکو زۆر وڵاتی دیکەی فیدراڵی کە هەڵوەشانەوە. دووەم، بەهۆی ئەو بەشە بودجەیەی کە بەگوێرەی ڕێککەوتن بە هەرێمی کوردستان دەبڕاو لە سایەی جێگیری و ئەمن و ئەمانەتدا، کوردستان بە چەند هەنگاو بەپێش عێراق کەوت. ئەو پەرەسەندنە لە هەموو بوارەکان و لە بژێو و گوزەرانی خەڵکدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەر بەراورد بکرێ لەنێوان عێراق و کوردستان لە ڕووی ڕێژەی بێکاری، یان ڕێژەی ئەوانەی

**عێراق نە بە دیکتاتۆری بەڕێوە دەچێت، نە بە دیموکراسی تەوافوقی و شەراکەتی نیشتمانی**

**ئەگەر بەراورد بکرێ لە نێوان عێراق و کوردستاندا، وەک جیاوازی نێوان دوو وڵات دەردەکەوێت**

لە خوار هێڵی هەژاریەوەن، یان ڕێژەی نەخوێندەواری و خزمەتگوزاری تەندروستی و....وەك جیاوازیی نێوان دوو وڵات كە خاوەنی دوو سیستەمی سیاسیی —ئابووری بن دەردەكەوێ، وڵاتێكی ڕوو لە گەشە و وڵاتێكی فاشیل... سێیەم، دەستووری عێراق، ڕێگەی بۆ هەرێمی كوردستان كردەوە كە لە بواری وزە (نەوت و گاز)دا چاوەڕوانی بەغدا نەكات و پێشكەوتنێكی بەرچاو بەدەست بهێنێ و بگاتە ئەوەی نەوت بفرۆشێ و بە ئاراستەی سەربەخۆیی ئابووریی هەنگاو بنێ (بەو مانایەی چاوی لەدەستی بەغدا نەبێ). چوارەم لە ماوەی ئەو ١١ ساڵەی دواییدا، پێگەی هەرێمی كوردستان لەتەك وڵاتەكانی دراوسێ، لەناو كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هەرێمی كوردستان لە ١٣-١٤ دەوڵەت نوێنەرایەتی هەیەو زێتر لە ٢٥ وڵاتیش كونسڵگەری و نوێنەرایەتی و ئۆ فیسیان لە كوردستاندا هەیەو وەك دەبینین هەولێر لەتەك بەغدا، بووەتە ناوەندێكی دیكەی بڕیاردان...پێنجەم، راستە حكومەتی بەغدا، غەدری لە ئێمە كردووە بۆ ماوەی ٧ ساڵە قرۆشێكی بە پێشمەرگە نەداوە، بەڵام هێزی پێشمەرگە وێڕای چەك و چۆل و تفاقی كەم، لە ڕووی دیسپلینەوە، لە ڕووی ورەوە، لە ڕووی چلۆنایەتیی و چەندایەتیشەوە، خەریكە دەبێتە یەك هێز كە بتوانێ دیفاع لە سنوورەكانی كوردستان بكات.. راستە لەو ١١ ساڵ و دوو مانگەدا، پێوەندیی نێوان هەولێرو بەغدا، خاورو و ژووری تێكەوتووەو هەرگیز راستەڕێ نەبووە، حكومەتی ئیتیحادی هەوڵیداوە، ئاستەنگ بۆ پێشكەوتنی كوردستان دروست بكات، بەڵام ئەلهەقە سەركردایەتیی سیاسیی كوردستان بەرچاوی روون بووە، كە عێراق نابێتەوە عێراقە مەركەزییەكەی جاران و تاكە یەك ڕێگە لەبەردەم عێراقدا هەیە، كە بە (تەوافووق و بە شەراكەت) و (دابەشكردنی دەسەڵات و سەروەت و سامان) بەڕێوە ببردرێ. سەركردایەتی كورد ئەو چانسەیان بە نوێنەرانی پێكهاتەكانی دیكە دا كە ئەو ڕێگەیە تاقی بكەنەوە...ئینگلیزەكان لە دروستكردنی عێراقدا، كوردیان (بەو پێیەی زۆرینەی سوننەیە) كردە پارسەنگی عەرەبی سوننە لە بەرانبەر عەرەبی شیعەدا، بەڵام عەرەبی سوننە لە بەرانبەردا، تاڵاویان بە گەرووی كورددا كردو سیاسەتی جینۆسایدیان دەرهەق پەیڕەوكرد. لە دوای ٢٠٠٣یشەوە، ئەمریكاییەكان ئەوەیان بەلاوە گرنگ بوو كە عێراقێكی یەكگرتوو دروست بكەنەوەو بەلایانەوە مەبەست بوو كورد فیدراڵیزم تاقی بكاتەوە. بە هاوكاری كورد، عەرەبی شیعە حوكمڕانێتیی عێراقیان بۆ ساغ بۆوە. بەڵام شیعەكان، ئەو ستەملێكراوانەی جاران نەمان و بوونە حوكمڕان و لە زەمەنێكی جیادا، ویستیان سیاسەتێكی مەركەزی، سیاسەتی وەلانان و پەراوێزخستن پێڕەو بكەن، لە ٢٠١٤/٦/٩دا بەرەكەیان چنیەوە.

لە ٦/٩ـەوە، بەشی هەرە زۆری ئەو ناوچانەی گەلی كوردستان بەهی خۆی دەزانێ، بەتەواوی كەوتنەوە دەست كورد (مەندەلی و بەدرەو جەسان و هەندێ ناوچەی تر تا زنجیرەی چیای حەمرین نەبن). ئێستا بە درێژایی ١٠٥٠ كیلۆمەتر هێزی پێشمەرگەو زێرەڤانی و دژە تیرۆرو هێزی پشتیوانیان لێ دامەزراوە. بە كردەوە، دەبێ حكومەتی هەرێمی كوردستان زێتر لە جاران مشووری ئەو ناوچانە بخوات (لەرووی خزمەتگوزاری و ئەمن و ئەمانەت و پاراستنی فرە ڕەنگیی ئەو ناوچانە لە ڕووی ئیتنی و ئایین و مەزهەبەوە).. دیار نییە شەڕی نێوان سوننەو شیعە كەی كۆتایی دێ. راستە جاروبار هێزەكانی داعش بەر دەرگەمان پێ دەگرن و ئێمەش وەڵامیان دەدەینەوە. پرسیار ئەوەیە، گریمان جەیشی عێراقی تكریت و موسڵ-یشی گرتەوە، ئەرێ بوارێك با كەمیش بێ بۆ بەیەكەوەژیان لەتەك (عەرەبدا- بە شیعەو سوننە) ماوەتەوە؟ ئەرێ راستە، دیسان داوای جێبەجێكردنی دەستوور بكەین؟ ئەرێ راستە دیسان باس لە حكومەتی شەراكەتی نیشتمانی و تەوافوق و نازانم چی و چی بكەین؟ بە بڕوای خۆم، كورد لە دووڕیانێكی مێژووییدایە: ڕێگەی جیابوونەوەی یەكجارەكی یان ژیان و هەڵكردن لەگەڵ ئەو ناجێگیری و شەڕی تایەفی و بەردەق- بەردەقی شیعەو سوننە و قوربانیدان لەپێناوی هیچدا. عێراق نە بە دیكتاتۆری بەڕێوە دەبردرێ و نە بە دیموكراسی و تەوافوق و شەراكەت...ئاخر ئەگەر دوو لایەن یان سێ لایەن یان زیاتر متمانەیان بەیەكتر نەبێ، شەراكەت و تەوافووق یانی چی؟ تاكە ڕێگە جیابوونەوەیە..

بۆ توركیا، دەوڵەتی باشووری كوردستان دەبێتە دەوڵەتێكی تامپۆن لەنێوان خۆی و ئەو ناوچە سوننەنشینانەی كە كۆڕ و كۆمەڵ و گرووپە توندڕەوەكانی وەك (داعش و نەقشبەندی و ئەنساری سوننە و جەیشی ئیسلامی و...) هێلانەیان تێداكردووەو گەرایان تێدا داناوە، ئەگەر بیەوێ لە بەڵای ئەو گرووپانە سەلامەت بێ، باشترە لە باشووردا، دراوسێكەی دەوڵەتی كوردستان بێ. بە كردەوەش ساغ بۆتەوە، كە كورد دراوسێیەكی ئەمین و بێ وەیە. ئەوە بێ لەوەی كە كوردستان وڵاتێكی دەوڵەمەند بە وزەیە. ئەو قسەیە بۆ ئێران-یش راستە، چونكە ئێران نابێتە دراوسێی هەرێمی عەرەبی سوننەنشین، لە باكووردا كورد دەبێتە دراوسێی و لە باشووریشدا عەرەبی شیعە.

دوا قسە ئەوەیە داخوا دەوڵەتی كوردستان پێویستی بەوە نییە، دراوی تایبەت بە خۆی هەبێ، یان مامەڵە بە دۆلار بكات.. ئەگەر بۆ ماوەیەكی كاتیش هەر بە پارەی ئێستە و بە دۆلار مامەڵە بكەین، هەلومەرجی تازە، لە هەموو ڕووێكەوە وا دەخوازێ ئێمە دراوی تایبەت بە خۆمان هەبێ، سیاسەتی دراوی خۆمان هەبێ، چونكە ئابووریی سەربەخۆ، سیاسەتی دراوی و دارایی سەربەخۆیشی گەرەكەو تا ئابووریی كوردستان نەكەوێتە بن تەقڵ و شەقڵی عێراق و هەلومەرجی ناجێگیریی ئەو وڵاتە و خۆمان لە ئاسەوارە نەگتیڤەكانی ئەو دەوڵەتە فاشیلە بپارێزین.. بە ئیجازەی كاك ئاسۆ مامزادە، وا لێرەدا نموونەیەكی ئەو دراوە نیشان دەدەین كە ساڵێ زێتر لەمەوبەر ئەو دیزاینانەی بۆ دراو و پارەی كوردی كردوون...

**توركیا ئەگەر بیەوێ لە بەڵای (داعش و نەقشبەندی و ئەنساری سوننە و جەیشی ئیسلامی و...) سەلامەت بێ، باشترە لە باشووردا، دراوسێكەی دەوڵەتی كوردستان بێ**

**كورد لە دووڕیانێكی مێژووییدایە: ڕێگەی جیابوونەوەی یەكجارەكی یان ژیان و هەڵكردن لەگەڵ ئەو ناجێگیری و شەڕی تایەفی و بەردەق- بەردەقی شیعەو سوننە و قوربانیدان لەپێناوی هیچدا**



# هەرێمی کوردستان و دیپلۆماسیی تەنگژە



د.سەردار موسا شەریف

**بوونی هەرێم بە ئەکتەری سیاسی، واتە بوونی هەولێر بە پایتەختی سیاسی، شکۆمەندییەکی تایبەتی لە عێراقدا داوەتە ئەم هەرێمە و سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان. هەرێمی کوردستان لە دوای ٢٠٠٣وە کەوتە ناو پێگەی دیپلۆماسی جیهانییەوەو توانییەتی قۆناغەکان یەك لە دوای یەك بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنێت. لە ڕووی لەشکرییەوە هەرێم توانیویەتی هێزی پێشمەرگەی خاوەن دیسپلین بە تایبەتی ئینتیمای نەتەوەیی بنیادبنێت، لە ڕووی جیۆپۆلەتیك و ئاسایشی هەرێمایەتییەوە دەوڵەتان حیسابێکی تایبەت بۆ هەرێمی کوردستان دەکەن. هەر چەندە توانای کەرستەی پێشکەوتووی سەربازیی هەرێم ناگاتە ئاستی ئەم دەوڵەتانە، بەڵام فاکتەری جیوپۆلەتیك و ئاسایشی هەرێمایەتی توانیویەتی پارمەتیدەر بێت بۆ ڕێزگرتن لە هەرێمی کوردستان.**

لە سۆنگەی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی عێراق و زاڵبوونی ڕێکخراوی داعش لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا لە هەندێ شوێندا بە سەر سوپای عێراقدا، گوررێکی سیاسی و لەشکریی بەهێز لە عێراق دەدرێت و بۆتە گریمانەیەکی گەورە لە ناوەندە ئەکادیمی و توژینەوە سیاسییەکانی جیهانی کە ئاخۆ عێراق بەڕاستی وەکو دەوڵەتێکی یەکگرتوو ماوەتەوە یاخود هەڵبژاردنی ٣٠ نیسانی ڕابردوو دوایین هەڵبژاردن بوو کە عێراقییەکان پێکەوە بەشداری تێدا بکەن.

ئەوەی ئێستا لە عێراق لەسەر ئەرزی واقیع دەبینرێت، گریمانە نییە، بەڵکو ڕاستییەکە. چاوەڕوان ناکرێت بەم زووانە چارەسەربکرێت. زاڵبوونی کەشوهەوای لەشکری و تێکچوونی ژینگەی سیاسیی عێراق بەرەو ژینگەیەکی ئامادەکراو بۆ شەڕێکی ناوخۆ دەچێت، ئەمەش وێڕای ئەوەی فەتوای مەرجەعی باڵای شیعە کە عێراق بەرەو نقوومبوون لە دەریایەکی خوێن دەبات.

وتاری سەرۆکی ئەمریکا باراك ئۆباما باشترین نموونە بوو تایبەت بە گەیشتنی عێراق بەو دۆخەی ئێستا. ڕاستە، ئەمریکا نایەوێت دیسان خۆی تێکەڵ بکات و دەستێوەردان بکات، دیارە ئەمەش لۆژیکی خۆی هەیە. لە بەر ئەوەی ئەوە ڕوون و ئاشکرایە هاتنی سەربازانی ئەمریکا بۆ عێراق واتە شەڕکردن لە گەڵ ئێران، ئەمریکاش لە کاتی ئێستادا پێویستیی بەم سیناریۆیە نییە. لە لایەکی دیکەوە ئەمریکا هەموو هەوڵەکانی خۆی داوە بۆ ئەوەی عێراقێکی دیموکرات ئاوەدان بکاتەوە، بەڵام کاتێك سەرکردەکانی عێراق هەست بە بەرپرسیاریەتی ناکەن، ئەمە کێشەی ئەمریکا نییە. بۆیە عێراقیش بەرەوە هەڵوەشاندنەوە دەچێت.

### ● فاکتەرە ناوخۆییەکانی عێراق

قەیرانی ئێستای عێراق و زاڵبوونی داعش بەسەر هێزی لەشکری عێراق لە هەندێ شوێندا و شکاندنی شکۆی سەرکردە سیاسییەکانی عەرەبی عێراقی لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراقدا ئاماژەی ئەرێنیی کە لە سەرەتاوە دروستکردنی عێراقی تازە لە دوای ٢٠٠٣وە بەم شێوازە لەسەر بنەمایەکی ڕاست نەبووە.

کێشەکانی عێراق بێجگە لە بوونی فاکتەرە سیاسییەکانی و بەردەوام بوونی قەیرانی سیاسیی درێژخایەن و سیستەمێکی دەسەڵاتداری کە نە خۆی متمانەی بە خۆی هەیە، بەڵکو کۆمەڵێك دەسەڵاتداری جێبەجێکاری ئەجێندای دەرەکی و تایفیی دوور لەوەی بەرژەوەندیی عێراق وەکو وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە ئایینییان لەبەر چاو بێت.

عێراق وەکو دەوڵەت لە دوو قۆناخی جیاوازدا بۆتە گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیریی ناوخۆ و ئاسایشی هەرێمیی ڕۆژهەڵات. یەکەمیان بە هاتنی بەعس بۆ دەسەڵات، دووەم لە دوای ٢٠٠٣وە کاتێ شیعە دەسەڵاتی وەرگرت وەکو لایەنی تایفی خاوەن پێگەی بەهێزی ئایدیۆلۆژی و خاوەن ڕوانگە و ستراتیژیی خۆسەپێنەر بەسەر پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق، ئەوانەی ئێستا سەرکردایەتیی ئەم حزبە دەکەن، خۆ ئامادەکردنە بۆ دووبارە کردنەوەی هەمان ڕێڕەوی مێژوویی کە عێراق پێیدا تێپەڕیوە. ئەمانە، هەموویان هۆکارگەلێکی سەرەکین کە عێراقی دروستکراویان هێنایە سەر لێواری هەڵوەشاندنەوە.

بە گژداچوونەوەی عەرەب-عەرەب لە کاتی ئێستادا و دەرخستنی فەتوای ئایینی لەلایەن گەورە پیاوان و پێشەوا ئایینییەکانی شیعەوە، ئاماژەیە بۆ هەڵگیرسانی شەڕی تایفی کە کەوتۆتە قۆناخی فەرمیی خۆیەوە. هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا، بەرپرسانی سیاسی حزبی دەعوەو دەوڵەتی یاسا، کورد وەکو بەشدار و پیلانگێڕ تۆمەتبار دەکەن، هەوڵی زۆر و بگرە ستراتیژیی سەرەکییان ئەوەیە کە کوردیش تووشی قەیرانی ئێستای عێراق بکەن و کورد لە بەرنامەی سەرەکیی خۆی کە کارکردنە بۆ سەربەخۆیی دوور بکەنەوە و کۆتایی بەم دەرفەتە زێڕینە بهێنن.

### ● پێگەی هەرێم

لە ٢٠٠٣وە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لە ئاستی ستراتیژی و دیپلۆماسیدا هەنگاوی سەرکەوتووی هەڵێناوە، هەوڵێکی زۆریشی داوە کە قەیرانەکانی عێراق

**جاڕنامەی مافی مرۆڤی ساڵی ١٩٤٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆنفانسیۆنی ١٩٣٣ مونتڤیدو، هەر چەندە ئەمەی دوایی لە ڕووی بنەما یاساییەکانی جیهانی کەموکوڕییەکی بەرچاوی هەیە، بەڵام گرنگترینیان ئەوەیە کە ئاماژە بەوە دەکات، دەوڵەتێک وەکو کیان پێویستی بەوە نییە کە لەلایەن دەوڵەتانی دیکەوە دانی پێدانرابێت بۆ ئەوەی کە بە دەوڵەت بێتە ناسکردن**

**لەسەر ئاستی هەرێمیی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەربەستەکان تا ڕادەیەکی بەرفراون نەماون بۆ ئەوەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی قبوڵنەکرێت، ئەگەر بێتو هەرێمی کوردستان بژاردەیەکی وەها هەڵبژێرێت**

چارەسەربکات و کۆمبوونەکانی هەولێر بە چاودێریی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەوانەی بەغداش بە چاودێریی بەڕێز مام جەلال سەرۆك کۆمار، هەموویان ئاماژەی ڕاستەقینەن کە کورد هەوڵێکی گەورەی داوە عێراق نەگاتە ئەم دۆخەی ئێستا. بگرە لەمەش گەورەتر، کورد لە ئاستی پێشێلکردنی مافە یاسایی و دەستوورییەکانی، دان بەخۆداگرتنێکی یەکجار گەورەی نیشان داوە. دیپلۆماسی لەسەرخۆیی هەرێمی کوردستان لە قۆناغەکانی دوای شەڕی ئازادکردنی عێراق و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانە جیاوازەکان کە سەرچاوەی هەرە گەورەیان گرێدراوی بڕیاری سیاسیی بەغدان، وێنەیەکی جیاوازی بۆ هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێمیی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان وێنا کردووە.

بوونی هەرێم بە ئەکتەری سیاسی، واتە بوونی هەولێر بە پایتەختی سیاسی، شکۆمەندییەکی تایبەتی لە عێراقدا داوەتە ئەم هەرێمە و سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان. هەرێمی کوردستان لە دوای ٢٠٠٣وە کەوتە ناو پێگەی دیپلۆماسی جیهانییەوەو توانیویەتی قۆناغەکان یەك لە دوای یەك بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنێت. لە ڕووی لەشکرییەوە هەرێم توانیویەتی هێزی پێشمەرگەی خاوەن دیسپلین بە تایبەتی ئینتیمای نەتەوەیی بنیادبنێت، لە ڕووی جیۆپۆلەتیك و ئاسایشی هەرێمایەتییەوە دەوڵەتان حیسابێکی تایبەت بۆ هەرێمی کوردستان دەکەن. هەر چەندە توانای کەرەستەی پێشکەوتووی سەربازیی هەرێم ناگاتە ئاستی ئەم دەوڵەتانە، بەڵام فاکتەری جیوپۆلەتیك و ئاسایشی هەرێمایەتی توانیویەتی یارمەتیدەر بێت بۆ ڕێزگرتن لە هەرێمی کوردستان. بە تایبەتی لە ناوەندی گەورەترین و بەهێزترین لەشکری جیهانی «پێنتاگۆن» توانی بێ دڵەڕاوکێ متمانەی لەشکری بە دەست بێنێت لە ئاست لێهاتوویی و دیسپلینی لەشکرییەوە لە مەیدانەکانی شەڕ و ئەمەش گەورەترین «میدالیای شەڕەفە» بۆ هێزی پێشمەرگە. ئەم هەڵسوکەوتەش بووە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان لە ناوەندی پێنتاگۆن گەورەترین پشتیوان بۆخۆی دروست بکات.

### ● کەشو هەوای هەرێمایەتی

دیپلۆماسییەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٣وە هەتا ئێستا بە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی ژیرانەی دەرەوە، خەباتێکی بێوچان دەکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی گەورەترین بەربەست لە بوونی هەرێم بە ئەکتەرێکی سیاسیی کارا و خاوەن هێز لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و جیهانیدا. هەروەها گرتنەبەری سیاسەتێکی ژیرانە و دروستکردنی متمانە لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسیی تورکیا کە هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێتە هاوپەیمانێکی متمانەپێکراو لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لەسەر ئاستی هەرێمیی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەربەستەکان تا ڕادەیەکی بەرفراون نەماون بۆ ئەوەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی قبوڵنەکرێت، ئەگەر بێتو هەرێمی کوردستان بژاردەیەکی وەها هەڵبژێرێت.

گەورەترین بەربەست کە تورکیا و ئێران بوون، ئێستا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە پێویستە بە شێوەیەکی دیکە لە هەرێمی کوردستان بنوارن. تورکیا لە دوای ٢٠٠٨وە بە گرتنەبەری سیاسەتێکی لۆژیکانەی عەقڵانی و بە دانپێنان بە هەرێمی کوردستان دوای ئەوەی کونسوڵگەریی خۆی کردەوە، ئێستا وەکو «هاوپەیمان» دێتە هەژماردن. لەلایەکی دیکەوە، ئێران ئێستا هەستی بەوە کردووە، کە هەرێمی کوردستان خەریکە دەبێتە ئەکتەرێکی جیهانی و خاوەن پێگە لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

### ● فاکتەرە ناوخۆییەکان

### بژاردەی بەشداریکردنی قۆناخی داهاتوو

کەش هەوای سیاسیی ناوخۆی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ قۆناخی داهاتووی هەرێم چ لەسەر ئاستی هەرێمایەتی یان عێراقدا. لە ڕابردوودا و هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت فاکتەرە دەرەکییەکان پاڵنەرێکی گەورە و بەهێزن بۆ لێکترازانی بنیادی پرۆژەی یەکگرتووی کورد لە بەرامبەر بەغدا. هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی لەلای سەرکردایەتیی سیاسیی حکومەتی هەرێم و حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە قۆناخی ئێستادا گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە بۆ گەیشتن بە ئارمانجە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان. لە ڕووی ستراتیژییەوە لەکاتی ئێستادا هەرێمی کوردستان پێویستی بە بوونی «دەستەی دانوستاندن» هەیە لە گەڵ بەغدادا بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان و بڕیاردان لەسەر مافی چارەی خۆنووسین. هەر چەندە ئەم دەستەیە بە بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دوای هەڵبژاردنی ٣٠ نیسان پێك هاتووە، بەڵام قەیرانی لەناکاو هەموو بیرۆکەی بۆ داهاتووی عێراق خستووەتە سەبەتەی مێژووەوە.

گرنگە ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێت بەوەی مێزی گفتوگۆ بۆ هەولێر- بەغدا نەڕازاوەتەوە. بەڵکو پێویستە ئامادەکاری بۆ بکرێت. ئەوەی ڕەچاو دەکرێت هەوڵێکی یەکجار زۆر دەدرێت کە کورد نەگاتە ئارمانجەکانی خۆی کە هەوڵی تێوەگلانی هەرێم دەدرێت لە تەنگژە و قەیرانی سوننە-شیعە لە عێراقدا و مەبەستی سەرەکی دوورخستنەوەی هەولێرە لە ئامانجی سەرەکیی خۆی کە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆیە.

گومان لەوەدا نییە لە قۆناخەکانی داهاتوودا بەرەی دژ

بە کورد هەوڵی بەهێز بوونی خۆی دەدات. ئەمە چ لایەنی شیعە بێت یان سوننی و لە ئەگەری ڕێککەوتن لەناو بەینی سەرکردە سوننە و شیعە بەرەیەکی هاوبەش لە دژی کورد و خواستەکانی کورد پێك بهێنرێت. هەوڵی یەکجار گەورەش دەدرێت شەڕێك هەڵگیرسێت لە سنووری مادەی ١٤٠، چونکە سنوورێکی ستراتیژییە.
لە کاتی ئێستادا لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە کەسایەتیی یەکەمی بڕیاری سیاسییە لە هەرێم هەوڵی جددی بدرێت بۆ دروستکردنی یەکڕیزی و تەبایی سیاسیی ناوخۆی هەرێمی کوردستان. گرتنەبەری سیاسەتێکی پاك و دروستکردنی کەشوهەوای متمانەپێکراو لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانە. لەگەڵ ئەوەشدا، بڕیاردانی سەرکردایەتیی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانە، کە دەستێوەردانی هەرێمایەتی ڕەت بکەنەوە.
ئەمریکا و لایەنەکانی دیکە کە پشتگیری لە یەکگرتوویی عێراق دەکەن هەوڵێکی یەکجار زۆر دەدەن قەناعەت بە کورد بێنن ڕەوشەکە بگەڕێتەوە بۆ دۆخی جاران، واتە گەڕانەوەی ناوچەی ماددەی ١٤٠ بۆ ژێر ڕکێفی دەسەڵاتداریی حکومەتی عێراق. بۆیە لە ئێستادا بۆ کورد زۆر گرنگە بڕیاری مافی چارەخۆنووسین و ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان، گەورەترین بژاردەی سیاسیی بێت، بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بێ یەك دوو و بێ ئەوەی بە هیچ پێشنیارێکی ئەمریکا و حکومەتی عێراق قایل بن، جێبەجێی بکەن.
لەم چوارچێوەیەدا گرنگە لە کۆبوونەوەکانی داهاتووی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی ئەمریکی و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەوروپا بۆ گەڕانەوەی سەقامگیری بۆ عێراق، جەخت لەسەر ئەم دوو خاڵە بکرێتەوە:
١. چواردە خاڵەکەی ویلسۆن «Woodrow Wil-sons» سەرۆك کۆماری ئەمریکا، دوای تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی.
٢. جاڕنامەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان.
٣. کۆنفانسیۆنی ١٩٣٣ مونتڤیدو لەسەر مێزی دانوستاندنی بەرپرسانی ئەمریکا دابنێن بۆ ئەوەی هەست بە بەرپرسیاریەتیی سیاسی و مێژوویی و ئەخلاقی خۆیان بکەن بەرامبەر بە کورد.
سەرۆك کوماری ئەمریکا توانی کۆدەنگی کۆنگرێسی ئەمریکا لە (٨ی ڕێبەندانی ساڵی ١٩١٨) بۆ خاڵەکانی کۆ بکاتەوە وەکو بنەمای دانوستاندنی سیاسی لەو کاتەدا بە کاری بێنێت بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئەمریکا لەسەر ئاستی جیهانی. پرینسیپەکانی ویلسۆن هەموویان بریتی بوون لەوەی کە ئاشتی و سەقامگیری نایەتە دی، ئەگەر مافی نەتەوە ژێردەستەکان، واتە سەرخۆبوون دەستەبەر نەکرێت. جاڕنامەی مافی مرۆڤی ساڵی ١٩٤٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆنفانسیۆنی ١٩٣٣ مونتڤیدو، هەر چەندە ئەمەی دوایی لە رووی بنەما یاساییەکانی جیهانی کەموکوڕییەکی بەرچاوی هەیە، بەڵام گرنگترینیان ئەوەیە کە ئاماژە بەوە دەکات، دەوڵەتێك وەکو کیان پێویستی بەوە نییە کە لەلایەن دەوڵەتانی دیکەوە دانی پێدانرابێت بۆ ئەوەی کە بە دەوڵەت بێتە ناسکردن.

### ● ئەو ئەرکانەی لەم قۆناخە بۆ هەرێمی کوردستان گرنگن

بارودۆخی ئێستای کوردستان جیاوازە، بۆیە گرنگە هەنگاوی جیاوازی بۆ هەڵبگیرێت، لێرەدا ئەم پێشنیارانە دەخەمەڕوو:
١. ئێستا ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم گەڕاونەتەوە، بۆیە گرنگە پەرلەمانی کوردستان بەفەرمی ئەم گەڕانەوەیە وەك جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ڕابگەیەنێت و چیتر باسی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ نەکرێتەوە.
٢. لە قۆناخی ئێستادا حکومەتی هەرێم پێویستی بە تیمی کارە واتە (TaskForce) تایبەت بە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەیە، بۆ ئەوەی ئەم تیمە یارمەتیی حکومەتی هەرێم بدات بۆ ئاسانکاری کردن لە جێبەجێکردنی ڕێکخستنی یەکە ئیدارییەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.
٣. پێویستی بوونی نوێنەرانی ناوچە دابڕاوەکان لە پەرلەمانی کوردستان گرنگە. بۆیە حکومەتی هەرێم لە ناوچە دابڕاوەکان یان هەڵبژاردن بکات، یانیش ئەلتەرناتیڤ ئەوەیە لایەنە سیاسییەکانی لەسەر کۆی کورسییەکانی ئەم ناوچەیە ڕێکبکەون و لەناو بەینی خۆیان دابەشی بکەن.
٤. ڕێکارە ئیداری و حزبییەکان بخرێتە بەر دەست بۆ ئەوەی هانی کەمە نەتەوەکانی وەکو عەرەب و تورکمان بدرێت بەشدار بن لە ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان وەکو وڵاتی خۆیان.
٥. گۆڕینی ڕێڕەوی بۆریی نەوتی کەرکوك بۆ ناو سنوری هەرێمی کوردستان، ئەمەش لە پێناو بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێم و جیهان وەکو ئەکتەرێکی وزەی نەوت و غاز.
٦. هەرێم لەسەر میکانیزمێکی نوێ لەگەڵ عێراق دانوستاندن بکات، ئەویش وەکو پێشتر ئاماژەی پێکراوە، کۆنفیدرالی یانیش جیابوونەوەیەك لە ڕێگای ریفراندۆمی گشتییەوە.

**دیپلۆماسی لەسەرخۆیی هەرێمی کوردستان لە قوناغەکانی دوای شەڕی ئازادکردنی عێراق و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانە جیاوازەکان کە سەرچاوەی هەرە گەورەیان گرێدراوی بڕیاری سیاسیی بەغدان، وێنەیەکی جیاوازی بۆ هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێمیی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان وێنا کردووە**

**ئەوە ڕوون و ئاشکرایە هاتنی سەربازانی ئەمریکا بۆ عێراق واتە شەڕکردن لە گەڵ ئێران، ئەمریکاش لە کاتی ئێستادا پێویستیی بەم سیناریۆیە نییە**



پەرلەمانتار ئامینە زکری بۆ گوڵان:

# ئازادیی ئافرەت بەستراوە بە ئازادیی خاکەوە کاتێک وڵاتێکی سەربەخۆت هەبێت، ئازادیی ئافرەتیش زیاتر پەرە دەستێنێت

**پەرلەمانتار ئامینە زکری، شـــارەزا لە هەڵسەنگاندنی رای گشـــتی و ئەکتیڤکردنی تاك و دەزگـــەکان و کاروباری ئافرەتـــان و ئەندامـــی لیژنەی پـــەروەردە و خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانســـتی لە خولـــی چوارەمی پەرلەمانی کوردســـتان، لەم دیدارەیدا لەگەڵ گۆڤاری گولان تیشـــك دەخاتەسەر ڕەوشـــی ئافرەتانی کوردستان و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە سیاســـەتی حکومەت لە پەروەردە و بەرنامەی خوێندن بۆ پەروەردەکردنی کەسایەتی لەنێو کۆمەڵگە ڕۆڵی ســـەرەکی هەیە، بەڵام لە سیســـتەمی پەروەردەدا تا ئێستا هەوڵی نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی بەدی نەکراوە.**

گولان – کۆمەڵایەتی

*** ســـەرەتا دەخوازیـــن ڕوانگـــەی خۆتـــان وەك خانمێکـــی سیاســـەتمەدار و پەرلەمانتارێك بۆچوونی ئێوە ســـەبارەت بە ڕەوشی ئافرەتانی کوردســـتان بەگشتی بزانین و تا چەند ئەو ڕەوشە جێی ڕەزامەندیتانە؟**

- سەرەتا پێویســـتە ئەوە ڕوون بکەمەوە کە من تەنیا نوێنەری خانمـــان نیم لە پەرلەمـــان، بەڵکو نوێنـــەری هەموو خەڵکی کوردســـتانم لـــە پەرلەمانی کوردســـتان، بەڵام ســـەبارەت بە پرســـیارەکەتان، دەبێـــت ئاماژە بەوە بکەم کە لە دوای ســـاڵی ٢٠٠٣ وەرچەرخانێـــك لە عێراقدا دروســـت بـــوو، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردســـتان، ســـەرۆك بارزانی داوای کرد لە نێو دەســـتووری عێراق و هەڵبژاردنی عێراق بۆ بەشـــداریکردنی ئافرەت لە بواری سیاســـی سیستمی کۆتا هەبێت. ئەمە خۆی لـــە خۆیدا وەچەرخانێکی مێژوویی بـــوو بەتایبەتی لە بواری سیاسی بۆ ئافرەتان. لە هەرێمی کوردستانیش ئێمە لە قۆناغی جێبەجێکردندایـــن لەبواری دامەزراندنی حکومەتدا و هاوکات هیممەتێکی باش هەیە بۆ ڕاســـتکردنەوە ئەو یاسایانەی کە لە بەرژەوەندی ئافرەتدان.

پەرلەمانی کوردستان لەو بوارەدا هەنگاوی باشی هاویشتووە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو یاسایانەی کە کەموکورتییان هەیە و دژی دەستووری نێودەوڵەتین. لە بواری سیاسیش گەر سەیر بکەین، دەبینین دوای ساڵی ٢٠١٠ کە ساڵی کۆنگرەی حزبەکان بوو، وەچەرخانێکی دی لە پرســـی ئافرەتاندا بـــەدی کرا، واتە بووە سەرەتاییەکی ئەکتیف و کارا کە ئافرەتی سەرکردە لەنێو هەندێك لایەنی سیاســـی وەك پارتی دیموکراتی کوردستان دەربکەون، گەرچی ڕێژەیەکی زۆر کەم بوو، بەڵام گۆڕانکارییەك ڕوویدا لە نێو کۆنگرەی هەموو حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و بەشداریکردنی ئافرەت لە بواری سیاسیدا پەرەی سەند.

*** لە ئێســـتادا ژمارەیەکی بەرچاو لـــە خانمان پەرلەمانتار و ئەندامی سەرکردایەتی و کادری پێشکەوتووی حزبەکانن، بەڵام تاچەند ئـــەم ژمارە بەرچاوە توانیویانە هاوبەشـــی ئافرەت لە کایەی سیاســـەت بگۆڕن بۆ بەشـــداری ڕاستەقینەی ئافرەت لە پرۆســـەی بڕیاردانی سیاســـی و تا چەند توانیویانە بڕیار دروست بکەن؟**

- تاکو ئێســـتا عەقڵییەتی پیاوســـالاری لە نێـــو کۆمەڵگەدا بنبڕ نەبووە، بۆیە ئافرەتان ناتوانن ڕاســـتەخۆ خاوەنی بڕیاری سیاســـی بن، چونکە زۆربەی پیاوان وابیر دەکەنەوە کە ئافرەتان توانای بڕیاردانی سیاســـییان نییە و زیاتر بڕوایان بە هاوبەشی پێکردنی ئافرەت لە سیاســـەتدا هەیە، نەك بڕیاری سیاســـی، واتە ئەگەر هەموو لایەنێکی سیاســـی بگاتـــە ئەو باوەڕە کە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات ئافرەت شـــەریکی ڕاستەقینەیە لەگەڵ پیاو، ئەوکات وەك خێرپێکردن ســـەیری بەشـــدارکردنی ئافرەت لە سیاســـەت ناکەن. هەروەها سەردەمێك زۆر بە دەگمەن باس لەوە دەکرا کە ئافرەتان لە بواری سیاســـی بەشـــداری بکەن، کەچی لە ئێســـتادا زۆربەی ئافرەتان بەیەکەوە دەنگ هەڵدەبڕن و خوازیاری ئەوەن لە بڕیاری سیاســـیدا بەشداری بکەن، بەڵام بەگشـــتی ئەو خواستە بەســـتراوەتەوە بە گۆڕینی عەقڵییەتی نەریتســـالاری، تاوەکو ئەمەش نەبێتە فەرهەنگێك لە نێو تاك و خێزان و حزبە سیاســـییەکان، ناتوانین ئافرەتی خاوەن بڕیاری سیاسیمان هەبێت.

*** هەندێك لە بیرمەندانی هاوچەرخ ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە چەندە ئافرەت بەشداری ڕاســـتەقینەی لە سیاسەتدا هەبێت، ئەوەندە لە کۆمەڵگە توندوتیـــژی کەم دەبێتەوە، بەڵام دەبینین ڕێژەیەکی باشـــی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا بەشدارن کەچی ئاســـتی توندوتیژیش لە کۆمەڵگە بەرزە، بۆچی بەشـــداری سیاســـیی ئافرەت لە کوردستان نەبۆتە هۆکاری نزمبوونەوەی ئاستی توندوتیژی لە کۆمەڵگە؟**

- مـــن بۆ چوونێکی ترم هەیە، واتە پێموا نییە هەر کەســـێك پۆســـت وەربگرێت، بتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی توندوتیژی کەم ببێتەوە، بۆ نموونە: وڵاتی ســـوید یەکێکە لە پێشکەوتووترین وڵاتانی جیهان لە بارەی مافی مرۆڤەوە، لە هەموو بنکەکانی حکومەت و دەســـەڵات ئافـــرەت ڕۆڵی ســـەرەکی هەیە لە بەڕێوەبردنیـــدا و زۆر ئەکتیڤن، بەڵام هێشـــتا توندوتیژی دژی ئافرەت بە تەواوی بنبڕ نەبووە، یاخود لە وڵاتانی وەك پاکستان و پرتوگال ئەمانە سەرۆك وەزیریان ژن بووە، بەڵام ئایا توانییان توندوتیژی کەم بکەنەوە. بۆیە من پێموایە پێویســـتە یاساکان لە ڕیشـــەوە بگۆڕدرێـــن و لە هەموو فەرمانگـــەکان ئافرەت ڕۆڵی هەبێت، تەنیا ئەوە گرینگ نییە کە ئافرەتێك پۆســـتی سەرەکی هەبێت، بەڵکو پێویستە ئەقڵی پیاو سەبارەت بە پێگەی ئافـــرەت بگۆڕدرێت، چونکە بیرکردنەوەی بەشـــێك لە پیاوان سەبارەت بە ئافرەت زۆر نامرۆڤانەیە، زۆر جاریش بیرکردنەوەی ئافرت لە بارەی کارەکەیەوە بە هەمان شـــێوەی پیاوە، ئەمەش

**سیاسەتی حکومەت لە پەروەردە و بەرنامەی خوێندن بۆ پەروەردەکردنی کەسایەتی لەنێو کۆمەڵگە ڕۆڵی سەرەکی هەیە، بەڵام لە سیستەمی پەروەردەی ئێمەدا تا ئێستا هەوڵی نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی بەدی نەکراوە**

**ئافرەت لایەنی فسیۆلۆجی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و هەر وەک خۆی جوانە و بە ئەدای خۆی و بە ئەقڵی خۆی دەبێت کارایی خۆی بسەلمێنێ، نەک وەک پیاو بیر بکاتەوە**

**کارامەیی ئافرەت لە بواری سیاسەتدا، پەیوەستە بە ئایدیۆلۆژیا و بەرنامە و پرۆگرامی ئەو حزبەی کە ئافرەت کاری تێدەکات، کە تا چەند بایەخی بەوە داوە ژینگەیەکی ئارامی بۆ ئافرەت بخولقێنێت**

خەتای ئافرەتەکە نییە، چونکە ئەقڵیەتی پیاوسالاری لە نێو کۆمەڵگەی ئێمە بە سەریدا زاڵ کراوە و بەردەوام وابیر دەکاتەوە کە پیاو باشتر لە ئافرەت سیاسەت بەڕێوە دەبات .

*** بەڵام هەندێك لە توێژەران ئاماژە بەوە دەکەن، کە تا چەند ڕێژەی ئافرەت لە پۆستەکانی جێبەجێکردن بەرز بێت، زیاتر بایەخ بە لایەنەکانی خێزانی و مافەکانی ئافرەت و نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی دەدرێ، ئێوە وەکو پەرلەمانتار و سیاسەتمەدارانی ئافرەت چیتان کردووە، بۆ ئەوەی ڕێژەی ئافرەت لە پۆستەکانی جێبەجیکردن بەرز بکەنەوە؟**

- وەك پەرلەمان تاکو ئێستا هیچ هەنگاوێکی لەو شێوەیەمان نەهاویشتووە، بەڵام بیرۆکەیەکمان هەیە وەك ئافرەتانی حزب و لایەنە سیاسییەکان و ماوەیەك بەر لە ئێستا گفتوگۆیەکمان کرد لە بارەی ئەو داتایەی ئێستا لە بەردەستمانە سەبارەت بە بەشداربوونی ئافرەت لە نێو یەکەئیدارییەکان وەك سەرۆکی پارێزگا و شارەوانی و بەڕێوەبەری ناحیە و...هتد، کە زۆر کەم ئافرەت لەم پۆستانە بەشدارن، بۆیە بە پێویستی دەزانین یاسای ئەنجومەنی وەزیران بێتە گۆڕین و یاداشتێکمان داوەتە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەموو لایەنە سیاسي و بۆ سەرۆکی حکومەتیشی دەنێرین، بۆ ئەوەی چاوخشانێك بەنێو بەڕێوەبەرایەتییەکاندا بکەنەوە، بۆ ئەوەی پێگەی ئافرەت دیاری بکرێت و ببێتە شەریکی ڕاستەقینە لە بڕیارداندا. بۆ نموونە گەر سەیر بکەین، دەبینین هیچ حزبێك حەز ناکات نیشانەی پرسیار بکەوێتە سەر سیاسەتی هەرێمی کوردستان، لە خولی پێشووی پەرلەمانیشدا ئۆپۆزسیۆن ڕەخنەی ئەوە بوو کە دەسەڵات بەشدارییان پێناکات لە بڕیاری سیاسی و چارەنووسسازدا، ئەمڕۆ هەموو گەیشتنە ئەو قەناعەتە کە دەبێت ئیتفاقێکی سیاسی هەبێت، بۆ ئەوەی دەستکەوتی نەتەوەیی لێبکەوێتەوە و تاکو ئەو بەربەستانەی دێنە بەردەم کوردستان بە یەوەکەوە چارسەری بکەن، ئەمەش بە هەمان شێوەیە، واتە ئەگەر ژن ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی نەبێت، ناتوانێت لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و دەستەبەری مافەکانی سەرکەوتوو بێت.

*** دەگوترێ گەندەڵی بۆتە پەتای سەرەکیی کۆمەڵگەی ئێمە، ئەزموونی زۆر ولاتیش سەلماندوویەتی کە بەشداری زیاتری ئافرەتان لە پرۆسەی جێبەجێکردن، بووەتە هۆکاری کەمکردنەوەی گەندەڵی، ئایا هیچ پڕۆژەیەکتان لەو بوارەدا هەیە بۆ ئەوەی ئافرەت لە بنبڕکردنی گەندەڵی کارا بکرێت؟**

- لەڕاستیدا ئەزموونێکی پراکتیکیمان نییە بۆ ئەوەی بزانین ئافرەت و پیاو کامیان زیاتر لە گەندەڵکاری دوورەپەرێزی دەکەن. گەندەڵیش نەبەستراوەتەوە بە ژن و پیاو، بەڵکو بەستراوەتەوە بە پەروەردەکردنی تاك، لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی وڵاتیش زیاتر پیاو بەشدار بووە، بۆیە زیاتر گەندەڵکاری کردووە، جگە لەوەش پرسی گەندەڵی بەستراوەتەوە بە یاسای کارمەندانی حکومەت کە چۆن بە هەر دوو ڕەگەزەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و یاسا و دادگا چۆن ڕووبەڕووی گەندەڵکار دەبنەوە، واتە دادگا دەبێت دەوری خۆی ببینێت و دیوانی چاودێری لە بنبڕکردنی گەندەڵی ڕۆڵی هەبێت، ئەمانە هەموویان بە یەکەوە کارەکانیان بە جوانی و دروستی بەڕێوە ببەن، گەندەڵی بەرەو نەمان دەچێت .

*** بۆ ئەوەی بتوانرێت سوود لە بەهرە و تواناکانی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا وەربگیرێت، پێویستە ژینگەیەکی وا دروست بکرێت کە ئافرەت تێیدا هەست بە دڵنیایی بکات، چ پڕۆژەیەکتان بۆ دابینکردنی ئەو ژینگەیە بۆ ئافرەتان هەیە؟**

- ئەوە هیچ پێویستی بە پڕۆژە نییە، بەڵکو زیاتر پەیوەستە بە باوەڕی سیاسی و متمانەبەخۆبوون و کارامەیی ئافرەت لە بواری سیاسەتدا، هەروەها پەیوەستە بە ئایدیۆلۆژیا و بەرنامە و پڕۆگرامی ئەو حزبەی کە ئافرەت کاری تێدەکات، کە تا چەند بایەخی بەوە داوە ژینگەیەکی ئارام بۆ ئافرەت بخولقێنێت، ئێستا کۆمەڵگەی کوردستان ئارامە و بەرەو یاساسەروەری و بەرەو پێشەوە دەچێت و زیاتر زەمینەی بەشداریی ئافرەت لە بواری سیاسەتدا هەموار کراوە.

*** لایەنێکی دیکەی گرنگ بۆ بەشداری زیاتری ئافرەتان لە کایەی سیاسی، ڕێکخستن و کاتی کۆبوونەوە سیاسییەکانە لەناو حزبەکاندا، چونکە زۆربەی کۆبوونەوە حزبییەکان زیاتر لە کاتی ئێواران و هەندێك جاریش شەوانە ڕێکدەخرێن، ئەمەش لەسەر هەموو ئاستەکانی ڕێکخراوەیی ئاستەنگ بۆ ئافرەتان دروست دەکات، زۆرجاریش نەریتی خێزانی ئەوە قبووڵ نەکات، ئێوە چ ڕێکارێك بۆ نەهێشتنی ئەو بەربەستانە پێشنیار دەکەن؟**

- سیاسەت کات نازانێت، هەر کات پێویست بە کۆبوونەوە بکات، بە ڕۆژ بێت، یان شەو دەبێت جێبەجێ بکرێت، بۆیە من باوەڕ ناکەم ئەوە ببێتە ڕێگر لەوەی کە ئافرەتان نەتوانن بەشداری کۆبوونەوەی سیاسی بکەن، چ داتایەکیش نییە بڵێت کۆبوونەوەکانی حزبە سیاسییەکان بە شەو ئەنجام دەدرێت، جگە لەوەش کاتێك بڕیار دەدەیت کاری سیاسی بکەیت، دەبێت هەموو کاتێك سیاسەت بکەیت، جا شەو بێت، یان ڕۆژ، ئافرەت گەر بیەوێت لە سیاسەتدا ڕۆڵی کارا ببینێت، نابێت ئەوەندە بە هەنجەت بێت لە حزبەکەی، من ئەوە بە بەهانایەکی زۆر لاواز دەبینم .

*** هەندێك لە پیاوانی سیاسەتمەدار کاتێك باسی بەشداریی سیاسیی ئافرەت دەکەن، ڕایانوایە ئافرەت کە هاتە ناو کایەی سیاسەت، پێویستە وەك پیاو بیر بکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە جوانی و ڕۆڵی ئافرەت لە بەشداری سیاسەتدا ئەوەیە وەك ئافرەت بیربکاتەوە، ئێوە چۆن وەڵامی ئەو سیاسەتمەدارە پیاوانە دەدەنەوە کە داواتان لێدەکەن وەك پیاو بیر بکەنەوە؟**

- قەت باوەڕ ناکەم ڕۆژێك لە ڕۆژان پیاوان داوا لە ئافرەتان بکەن کە وەك پیاو بیر بکەنەوە، یاخود وەك ئەوان مامەڵە بکەن. ئافرەت لایەنی فسیۆلۆجی جیاوازە و تەنانەت جۆری بیرکردنەوە و ڕۆحی تایبەتمەندیی خۆی هەیە و هەر وەك خۆی جوانە و بە ئەدای خۆی و بە ئەقڵی خۆی دەبێت کارایی خۆی بسەلمێنێ، نەك وەك پیاو بیر بکاتەوە. تا ئێستاش نەمبیستووە پیاو ئەو داوایەی لە ئافرەت کردبێت، ئەگەر ئافرەت بڵێت پیاو داوام لێدەکات وەك ئەو بیر بکەمەوە، ئەوە بەهانایە و لە ناخی خۆی دروستی دەکات، بەوەش هەرگیز کۆمەڵگە پێشکەوتن بە خۆیەوە نابینێت.

*** پرسێکی زۆر گرنگی کۆمەڵگە چۆنیەتی پەروەردەی کچانە بۆ گەیشتن بە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی، هەست بەوە دەکرێ کچان لە بنەماوە پەراوێز دەخرێن و هەر لە سەردەمی منداڵییەوە کاریان لەسەر ناکرێ بۆ ئەوەی بتوانن وەك سیاسەتوان دەربکەون.**

**کۆمەڵگەی کوردستان ئارامە و بەرەو یاساسەروەری و بەرەو پێشەوە دەچێت و زیاتر زەمینەی بەشداریی ئافرەت لە بواری سیاسەتدا هەموار کراوە**

**پرسی گەندەڵی بەستراوەتەوە بە یاسای کارمەندانی حکومەت کە چۆن بە هەردوو ڕەگەزەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و یاسا و دادگا چۆن ڕووبەڕووی گەندەڵکار دەبنەوە**

**تەنیا ئەوە گرنگ نییە کە ئافرەتێک پۆستی سەرەکی هەبێت، بەڵکو پێویستە ئەقڵی پیاو سەبارەت بە پێگەی ئافرەت بگۆڕدرێت، چونکە بیرکردنەوەی بەشێک لە پیاوان سەبارەت بە ئافرەت زۆر نامرۆڤانەیە**

**لەو بوارەدا هەم خێزان بە کەمتەرخەم دەزانرێ، هەم باسی بێپلانی حکومەت دەکرێ، ڕای ئێوە لەو بوارەدا چییە؟**

- بێگومان خێزان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت لە پەروەردەکردنی منداڵ، جا چ کچ بێت یان کوڕ، هەروەها جۆری پەروەردەکردن و بیرکردنەوە و جۆری کەسایەتی لەنێو خێزاندا دروست دەبێت، هاوکات سیاسەتی حکومەت لە پەروەردە و بەرنامەی خوێندن بۆ پەروەردەکردنی کەسایەتی لەنێو کۆمەڵگە ڕۆڵی سەرەکی هەیە، بەڵام لە سیستەمی پەروەردەی ئێمەدا تا ئێستا هەوڵی نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی بەدی نەکراوە، گەرچی ئەوەش تا ڕادەیەك گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام وەك پێویست نییە، بەڵام ئەوەندەی من ئاگاداربم حکومەت خەریکە گۆڕانکارییەکی زۆر لە سیستەمی پەروەردە دەکات، بۆ ئەوەی پەروەردەی مافی مەدەنی و جێندەری برەو پەیدا بکات ئەو ماددانەی کە یەکسانی ڕەگەزی دروست دەکەن، زیاتر بایەخیان پێبدرێ.

*** هەندێك لە پسپۆڕان پێیانوایە کاتێك یاسایەك لەبواری باری کەسێتی دادەڕێژرێت، پێویستە یاسایەکی دیکە هەبێت پاڵپشتی بێت و زەمینەسازی بۆ ئەوە بکات، کە ئەو یاسایە جێبەجێ بکریت، بۆ نموونە قەدەغەکردنی بەشوودانی کچانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵ، ئەم یاسایە پێویستی بەوەیە یاسایەك هەبێت کە خوێندنی کچان تا پۆلی ١٢بکرێتە ئیلزامی بۆ ئەوەی تەمەنی بگاتە ١٨ ساڵ ئەوجا شوو بکات، چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەو ڕایە هەیە؟**

- من لەگەڵ ئەوە نیم کە لە پرۆسەی خوێندن جیاوازیی ڕەگەزی بکرێت، لەبەر ئەوە خوێندن بناغەیە بۆ هەردوو ڕەگەز، ئەگەر ئافرەت ئاستی خوێندەواری باش بێت، پیاوەکە ئاستی خوێندەواری خراپ بێت، دیسان نایەکسانییەك لە کۆمەڵگە دروست دەبێت، پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەستراوەتەوە بە ئاستی ڕۆشنبیری هەردوو ڕەگەز، لەبارەی شووکردنیش لە هەموو وڵاتێك ئەوە بۆتە یاسا کە دەبێت گەنج دوای تەمەنی ١٨ ساڵی ژیانی هاوسەری پێکبهێنێت، جا چ کچ بێت، یان کوڕ، چونکە پێگەیشتنی لایەنی فیکری و جەستەیی لە تەمەنی ١٨ ساڵییەوە دەست پێدەکات .

*** لە هەرێمی کوردستان وەك زۆربەی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو هەموو ژێرخانی کۆمەڵایەتی و ئابووری سیاسیمان پێویستی بە بونیادنانەوە هەیە، باشترین ژێرخانیش بۆ ئەوەی خانمی سیاسەتمەدار و هۆشیاری لەسەر پەروەردە بکرێت، بایەخدانە بە کچان، ئایا ئەو ژینگەیەی ئێستا لە بواری پەروەردە و خوێندن هەیە، توانای ئەوەی هەیە کچان بەوجۆرە پەروەردە بکات کە لە سیاسەتی وڵاتی خۆیاندا ڕۆڵیان هەبێت؟**

ئەگەر وەك پەرلەمانتار قسە بکەم، ئەوا دەبێت بڵێم کوردستان هەرێمێکە سەر بە عێراق و لە هەموو عێراقیش ئەو ژینگەیە بوونی نییە، بەڵام گەر وەك ئامینە قسە بکەم، کە هیچ کات خۆم بە عێراقی نەزانیوە و وڵاتەکەم ژێردەستی داگیرکەر بووە، ئەوە پێویستە بڵێم: ئافرەتی کورد بە کچ و بە ژنەوە شانبەشانی پیاوان بەردەوام ئامانجیان ڕزگارکردنی وڵات لە ژێر دەستی داگیرکاری بووە، ئازادیی ئافرەتیش بەستراوە بە ئازادیی خاکەوە، کاتێك وڵاتێکی سەربەخۆت هەبێت، ئازادیی ئافرەتیش زیاتر پەرە دەستێنێت .



**ئامینە زکری سەعید ناسراو بە ئامینە زکری نێروەیی لە ٢٦-٣-١٩٧٩ لە خێزانێکی نیشتمانپەروەری دهۆک لەدایکبووە و خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە ئەدەب و زمانی کوردی و شارەزایە لە هەڵسەنگاندنی رای گشتی. هەروەها ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بووەو ساڵانی ٢٠٠١-٢٠٠٦بەرپرسی ڕێکخستنی لقی دهۆک بووە. لەساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٩ ئەندامی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٧ بەرپرسی بەشی تەکنیک بووە لە نووسینگەی هەڵبژاردنی لقی یەک و ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠٠٩ش بەرپرسی پەیمانگەی دهۆک بۆ پرسی سیاسی بووە. ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردەو ئێستاش ئەندامی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستییە لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان و لە بواری پەروەردە و کاروباری ئافرەتانیش خاوەن پرۆژەیە و بەرنامەی تایبەتی هەیە.**